# گۆڤاری گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە
کۆمەڵێک روناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر**
مەلا تەحسین گەرمیانی
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)

**بەرێوەبەری نوسین**
ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢

**دەستەی نوسەران**
ئیبراهیم سدیق
سامان کەریم
کەریم ئەحمەد تایشەیی

**ماڵپەری ئینتەرنێت**
www.dengekan.com

**E-mil**
govarigirfan@yahoo.com

**ناونیشان**
**کەلار - کتێبخانەی بێدار**

**دیزاین: ئارام لوقمان**
**چاپ: چاپخانەی رەهەند-سلێمانی**

## پیرۆزبایی

بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی (٢٠٠٧) و یادی یەکساڵەی گۆڤاری گیرفان و هاتنی جەژنی قوربانەوە ، پیرۆزبایی لە تەواوی نووسەران و رۆژنامەنووسان و رووناکبیران و بەگشتی گەلەکەمان دەکەین ، خوازیارین ساڵی نوێ و جەژنی قوربان ببێتە مایەی خێروخۆشی بۆ هەموو لایەك .

## پۆزش

به داوای لێبوردنەوە لە ژمارەی (٣)ی پێشووی گۆڤارەکەماندا و لەسەر بەرگەکەی کورد و خەواریجەکان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا هاتبوو ، کە لە نووسینی بەرێز مامۆستا کەیوان ئازاد ئەنوەرە، بەڵام راستێکەی وشەی خەواریجەکان بە زیادە هاتووەتە نێو رستەکەوە ، واتا ناونیشانی بابەتەکە ئەمەیە ( کورد لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا) ، بۆیە داوای لێبوردن لە مامۆستا کەیوان ئازاد و خوێنەران دەکەین .

## پێرست

پەیڤی گۆڤار 5

لەقەندیلەوە بۆ گۆڤاری گیرفان 7
نووسینی : د. مارف عومەر گوڵ

گوتاری کارەسات و نسکۆکەکان 10
نووسینی : عەلی حەرب و. عەدالەت عەبدوڵڵا

ئیسلام و نازیزم 17
نوسینی : گایر لیڤی نیلسن
وەرگێرانی لەنەرویژییەوە : جەبار محەمەد عەلی

کەرکوك لەئەنسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو عەرەب و ئەمریکادا 21
نووسینی : ئەحمەد عەزیز وەرگێرانی : فاتح سەلام

دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافیی شێوەزاری خانەقی لەنێو زمانی کوردیدا 34
نووسینی : م.ی. ئومێد بەرزان برزۆ

کێ نووسینی داهێنا؟ 42
نووسینی : جیهاد عەبدولا ئەحمەد و : خالد مەحمود کەریم

بیری مەشرووتەخوازی و لێکهەڵوەشانی سیستەمی سیاسی لەئێراندا 48
نووسینی : م. هیوا غەفار عەلی

کورتە باسێك سەبارەت بەدیموکراسی 69
وەرگێرانی لەفارسیەوە : هەڵکەوت وەلی

ئاکارە زانیارییەکان و بەهاکانی مرۆڤایەتی لەسەردەمی زانیارییەکان 94
نووسینی : د. ئەحمەد محەمەد صالح
وەرگێرانی : رەحمان عەلی رەمەزان

کورتەیەك لەمێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین 107
نووسینی : ئەحمەد سەعدوڵلا وەرگێرانی : ئاسۆ وەهاب

دیدارێك لەگەڵ نوسەر عەتا قەرەداغی 119
سازدانی : ئارام سدیق و خەڵەف غەفور

نوسەرو روناکبیر (کازیوە صالح) لەدیدارێکی گۆڤاری گیرفاندا 148
ئامادەکردنی : سامان کەریم

مەلەفێکی تایبەت لەساڵیادی (گۆڤاری گیرفان)دا 160

لەیادی (گۆڤاری گیرفان)دا گەشتێك بەنێو رۆژنامەو گۆڤارەکانی گەرمیاندا 178

جیهانی کاریکاتێر 200

# پەیڤی گۆڤار

ئەفراندن و هێنانە ئارای شتی نوێ پەیوەستە بە رادەی ئاستی خەون و خولیای جوانەوە و بوارێك بێت لە بوارەكان ، گرنگ ئەوەیە تۆ چۆن بیردەكەیتەوە ، بۆ ئەوەی شتێك بكەی كە لەوانی تر كە هەیە جیاواز بێت ، یاخود كە هەبووە ، دیارە بزوتنەوەی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری لە ماوەی مێژووی خۆیدا چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و دەیان و سەدان گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوكراوەی جۆراوجۆر دەرچوونە و بڵاوكراونەتەوە و بە وانەی ئێستاش كە لە بەردەستن و هەیە و لەم بوارەشدا سەدان و هەزاران كەس جێگە دەستی قەڵەم و پەیڤی پڕ وشەی جوانیان لەبەرچاوە و دەبینرێت.

دیارە گۆڤاری گیرفانیش بەم بیرە جوان و تازەیەوە هاتە كایەوە و ئەمەش وەك مەڵۆیەكە بۆ سەر ئەو خەرمانەی كە لە مێژدا هاتووە و بەردەوامە ، مەبەست لەم ئاماژانەی سەرەوە ، ئەوەیە كە گۆڤاری گیرفان لەم ژمارەیەیدا پێیناوەتە نێو ساڵێكی تازەی خۆیەوە و چوار ژمارەی ساڵی خۆی بەرێكردووە و لەماوەی ساڵی رابردوودا توانی چوار وەرزەكەی خۆی لە كات و ساتی خۆیدا دەربكات ، واتا گۆڤارەكەمان لە كار و بەرایی بوارەكانی خۆیدا چوار ژمارەی رابردووی بە نەفەس و سەلیقەیەكی نوێوە خستەسەر خەرمانی بزوتنەوەی رۆژنامەگەریی كوردی ، ئەمەش سەلماندن و بەهەند وەرگرتنی بوارەكەمانە ، كە لە نێو لاپەڕەكانی گۆڤاری گیرفاندا



رەنگ و بۆن و بەرامی وشەی جوانی كوردی و بوارەكانی تری لەخۆگرتووە و لەپاڵ پارە و پولدا گۆڤاری گیرفان خۆی هاویشتۆتە نێو گیرفانەكانی تاكی كۆمەڵگەی كوردییەوە و لەم ئاستەدا و لەم قەبارەدا توانرا ئەو بۆشاییە بۆ خوێنەرانی پڕبكاتەوە و ئەوەبوو لە كۆتایی ساڵی (٢٠٠٥)دا ژمارە سفری ئەم گۆڤارە هاتە ئەفراندن و بڵاو كرایەوە.

دەكرێ لە یادی یەك ساڵەیدا هەمیشە ئەوە لەیاد نەكەین ، ئەویش هەوڵ و تواناكانی بەرێوەبەری نووسین و ستافە خنجیلانەكەمان و هاوكارەكانی ئەم گۆڤارەیە ، كە هەریەكەیان بەبێ بەرامبەر و بە ویستێكی خوازراو ئەركەكانیان بەجێ دەگەیەنن و ئەو كاتە ئەم گۆڤارە و دێتە بەرهەم و ئەگەریش تەماشای نێو گۆڤارەكەش بكەین، سیمای پڕ لە هاوكاری تیادا بەدیدەكرێت.

هەروەها لایەنێكی تری بەردەوامبوونی ئەم گۆڤارە ، هەوڵی خامە بەدەستان و نووسەران و رۆژنامەنووسانە بەرێزەكانە ، كە لە ژمارەكانی پێشوودا بە بەرهەمەكانیان هاوكار و پشتیوانی ئێمە بوونە و گۆڤارەكەمانیان دەوڵەمەندتر كردووە ، هەمیشەش داوایان لێدەكەین ، كە بێبەشمان نەكەن لە نووسین و بابەتەكانیان و نموونەیشان هەر بەزیاد بێ بۆ خزمەتكردن ، دوو توێی لاپەڕەكانی گۆڤاری گیرفانیش لە خزمەتی هەموولایەكدا دەبێت و لە ساڵیادی گۆڤاریشدا سەلاوی پڕ لە وشە و رێزمان ئاراستەی نووسەران و رۆژنامەنووسان و تەواوی خوێنەران دەكەین و پیرۆزبایی لە خۆمان و هەموولایەك دەكەین.

سەرنووسەر



# لە قەندیلەوە بۆ گۆڤاری گیرفان

**نووسینی/ د. مارف عومەر گوڵ**



ساڵی ١٩٨٧ لە چیاكانی كوردستانەوە ، لە گەرمەی رۆژانی شۆڕشەوە ، لە رۆژە سەختەكانی خەباتی گەلی كوردستانەوە ، لە چیای قەندیلەوە بیرم لەوە كردەوە ، كە گۆڤارێك دەربكەم ، كە جیاواز بێت لە چاپكراوەكانی تری ناو شۆڕش ، سەرەنجام گەیشتمە ئەو ئەنجامەی كە لە قەبارەیەكی بچووكدا بتوانرێت بخرێتە گیرفان یان بەر باخەڵ ، چ بۆ پێشمەرگە و چ بۆ هەر كەسێكی تر و لە شوێنێكەوە بیبات بۆ شوێنێكی تر یان لە ناو شۆڕشەوە ئاسانتر بتوانرێت بیگەیەنێتە ناو شارەكان ، بەو شێوەیە ژمارەی یەكەمی گۆڤاری (قەندیل) لە ساڵی (١٩٨٧) دا چاپكرا و بەهەمان قەبارەی ئێستای گۆڤاری گیرفان ، لەماوەی دوو ساڵدا (١٩٨٧ و ١٩٨٨) چوار ژمارەی گۆڤاری قەندیل چاپكرا و بڵاوكرایەوە ، هەر چوار ژمارەكەی لە چاپخانەی شەهید (سەیدا ساڵح یوسف) لە راگەیاندنی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی كوردستان لەسەر ئەركی چاپخانەكە بڵاو كرایەوە بە بەرگێكی جوان و كاغەزێكی چاك و بە چاپێكی ئاسایی ، ئەو سەردەمە ئیتر ئەو گۆڤارە بچكۆلانە دەنگدانەوەیەكی باشی دایەوە و بوو بە یەكەم گۆڤار بەو قەبارە



بچووكەی گیرفان لە مێژووی رۆژنامەنووسی كوردیدا ، لە رۆژە سەختەكانی ئەنفالدا ژمارەی چوار و دوا ژمارەی گۆڤاری قەندیل چاپكرا و بڵاوكرایەوە ، ئیتر من بۆ خوێندن چوومە دەرەوەی وڵات و ئەو گۆڤارە دەرنەچوو، پێویستە لێرەدا بڵێم كە هەندێ لاوی خوێن گەرم لە شاخ و لە شار بە گەرمی پشتگیری گۆڤارەكەیان دەكرد ، لەو برا بەرێزانە كاك (مەریوان فەتحی كەریم) و چەند كەسێكی تر ، بەڵكو بتوانم لە دەرفەتێكدا وردەكارییەكانی ئەو هەوڵە و چاپكردنی هەر چوار ژمارەكە تۆمار بكەم.

ساڵی (٢٠٠٥) لە گەرمیانەوە گۆڤارێك بەناوی (گۆڤاری گیرفان) بە قەبارەی هەمان قەبارەی قەندیلەكەی شاخ ، بەڵام بە چاپ و بەرگ و رەنگێكی تازە و پێشكەوتوانەوە بڵاوكرایەوە ، بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو ، ئەم قەبارە و شێوەی گۆڤاری گیرفانەی كە من سەرنووسەری بووم لە ساڵانی (١٩٨٧ و ١٩٨٨) لەناو شۆڕشدا ، ئێستا لەشاردا بەناوی (گۆڤاری گیرفان) بڵاودەبێتەوە . لە راستیدا لە رووی تەكنیك و بەهای هونەرییەوە دیارە ئێستا لە شار و لە سەردەمی حكومەتی كوردستان و لە سەردەمی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیادا هەر دەبێ گۆڤاری گیرفانەكەی ئێستا (٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦) لە ( قەندیل)ەكەی ساڵانی (١٩٨٧ و ١٩٨٨) چاكتر و پێشكەوتووتربێت ، بەڵام هەر یەكەیان لە سەردەمی خۆیاندا بەها و جوانی خۆیان هەیە.

با ئەوەش بڵێم: گۆڤاری گیرفانی ئێستا لە هەموو روویەكەوە لە (قەندیل) دەوڵەمەندترە ، بەڵام قەندیل گۆڤارێكی رۆژە سەختەكان بوو لە چەندین بوارەوە (سیاسی ، ئابووری ، نەتەوەیی ، جوگرافی)، رۆژانی سەختی خەبات و بەرەنگاربوونەوە بوو لە دژی رژێمی بەعس ، بەو بەرهەمە ئێمە هەستمان بە شانازی و خزمەتێكی

گەورە دەكرد و بەردی بناغەیەكمان دانا ، بەڵام گۆڤاری گیرفانەكەی ئێستا هەروەكو چۆن بە پەلە پەخش بوو ، بە پەلە خۆی گەیاندە ئامێزی ئەوانەی رێز لە هەر هەوڵ و رەنجێكی دڵسۆزانە دەگرن ، گۆڤاری گیرفانم بەدڵە ، بەڵام هەڵەی چاپی زۆرە ، بۆچی؟ ئەگەر چی ئەم هەوڵەم پێ سەركەوتووە و دەكرێ بەسەر ناتەواوییەكاندا زاڵ بن ، دوو شت بۆ گۆڤاری گیرفان زۆر گرنگە:

١- بابەتی كورت و پوخت و سەرنج راكێش.

٢- زمانێكی كوردیی پوخت ، بەڵام بەبێ هەڵەی چاپ.

بەراستی هەڵەی چاپی ناو رۆژنامە و گۆڤارەكانی ئەم سەردەمە تەواو هەراسانیان كردووم !! ، هەمیشە گیرفانتان پڕ گۆڤارو پڕ وشە و پڕ بەرهەم بێت و ستافی گۆڤارەكە هەر سەركەوتووبێت و دەست خۆشیتان لێدەكەم.



# گوتاری كارەسات و نسكۆكان

نووسینی: عەلی حەرب
و: عەدالەت عەبدوڵڵا




**ئەم وتارە رەخنەییەی بیرمەندی پۆست مۆدێرنی عەرەب ( د. عەلی حەرب)، لەگەرمەی شەڕی لوبناندا و لەمیسر نووسیویەتی، لەم وتارەدا رەخنەی زۆر توند لەحزبوڵڵا و حەسەن نەسروڵلا و ئەو رۆشنبیرە عەرەبانە دەگرێت كە بەدروشمی وەهمیی شۆڕشگێڕییەوە و بەشێوەیەكی كوێرانە كەوتنە پشتگیری كردن لە( موقاوەمە)ی حزبوڵڵا، موقاوەمە لەجەنگێكدا كە د. حەرب پێی وایە دەیانساڵ لوبنانی گێڕایە دواوە و لەسەر حسابی گۆشت و ئێسقانی لوبنانییەكان بەرێوەچوو و شتێكی تر نەبوو جگە لەململانێی هێزی گەورەتر لەسەر گۆڕەپانی لوبنان.**

**(وەرگێڕ)**

لەبارەی ئەو رووداوانەی روودەدەن لەلوبنان، ئەوەی لەگوتار تێڕابمێنێت دەبینێت گوتارێكی فرەچەشن و فرە نموونەیە، بەڵام عەقڵەكان و ناخەكان ریسوا دەكات ئەوەندەی ئەوەی كە تایپی بیركردنەوەو پێوەرەكانی هەڵسەنگاندن لای زۆرێك لەبانگەشەكاران و رۆشنبیران و توانجدەرانی ستراتیژی ئاشكرا دەكات، نموونەی یەكەم ئەوانە نوێنەرایەتی دەكەن كەبەكوشتنی تاكە ئیسرائیلییەك دڵخۆشن، تەنانەت ئەگەر لەبەرامبەریدا دەیان لوبنانی یان عەرەب



لەناوبچن، ئەوانە ئەوە بەدەستكەوت دەزانن و پێیان جێی شاگەشكەیی و هەستكردنە بەسەركەوتن، ئای چ عەقڵیەتێكی مازۆخییانەشە كەڕقی لەخودەو هەڵدەستێت بەبەرزكردنەوەی پلەو پایەی ئەویتر: عەرەب وا تەماشا دەكرێن وەك ژمارە یان چەند تاكێك لەكاتێكدا ئیسرائیلییەكان وا تەماشا دەكرێن كەتاكگەلێكی جیاكارن و خاوەنی چۆنایەتین یان وەك كەسانێك دەبینرێن كەكەرامەت و مافیان هەیە.

ئەم عەقڵیەتەش سەركەوتن دروست ناكات، بەڵكو نسكۆكان دەخولقێنێت، ئەوەندەی ئەوەی كەخاوەنی ئەم عەقڵیەتە شكست بەسەركەوتن و زەلیلكەوتن بەشكۆ لەقەڵەمدەدات، نموونەش بۆ ئەوە ئەوكەسە پێشكەشمانی دەكات كەلەژێر زەمینە قایمكراوەكەیەوە باس لەسەركەوتن دەكات( نووسەر مەبەستی لەحەسەن نەسروڵڵایە-عەدالەت) لەكاتێكدا خەڵكەكەی و گەلەكەی بەشێوەیەكی مەیدانی و بەگۆشت و ئێسقانی خۆی رووبەڕووی بۆمباكان دەبێتەوە یان بەبارێكی تێكشكاوو دەروونێكی نائاسوودەوە لەسەر زێدی خۆی دەردەكرێت، ئای لەو بەڵێنەی سەركەوتن كەئەو هەموو مەرگەسات و ئاگربارانە دەهێنێت!

بەشەكەی تر ئەوەیە كەڕوودەكاتە رەخنەو لۆمەكردنی وڵاتە عەرەبیەكان وەك ئەوەی یەكێك دێت و بەشێوەی سووكایەتی پێیان دەڵێت: لەخۆتان دڵنیامان بكەن، ئێمە لەلوبنان باشین، وەك هەندێك لەلوبنانیەكان نووسیبوویان یان تۆمەتباریان دەكەن بەوەی كە عەرەب بەبەراورد بەوەی ئێران لەجەنگێكدا كردوویەتی كەجەنگی هەموو عەرەبەستان لەسەرخستنی لوبناندا كردووە، ئەم هەڵوێستەش واتە ئەم تۆمەتباركردنەش لەعەقڵیەتێكی ئاژاوە



ئامێزەوە دێتەدەرێ، عەقڵیەتێك كەخاوەنەكەی ئەو بەرپرسیارێتیەی لەئەستۆدایە دەیخاتە سەر خەڵكی دی یان ئاراستەكردنی رەخنەیەك كەلەشوێنی خۆیدا نییە، خۆی لەپێشتر ئەوەیە ئەوەی كە بەبێ پرسكردن بەكەس بڕیاری جەنگی داوە بخرێتە بەر لێپرسینەوەو رەخنەوە. پاشان چۆن لۆمەی عەرەب بكەین لەسەر بڕیارێكی چارەنووسسازی وەك هەڵبژاردنی جەنگ لەكاتێكدا ئەوان، واتە عەرەب، دواكەسن بەو بڕیارە بزانن و بەشداریی تێدابكەن، وەك ئەوە بەهەمانشێوە حاڵی دەوڵەت و حكومەتیشە لەلوبنان؟ لەگەڵ ئەوەشدا عەرەب یەكەم لایەن بوون كەئامادەییان پیشاندا بۆ فریاكەوتنی لوبنانیەكان لەڕێگەی دەستپێشخەری و هەڵمەتەكانی پشتگیری لەهەموو ئاستەكاندا.

هەرچی ئێرانە كەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەستێوەردانەكەی ستایش دەكەین‌و بۆشاییەك پڕدەكاتەوە كەوەك ستراتیژناسەكان وایدادەنێن دەشیا عەرەب پڕیبكاتەوە، ئەوە لوبنانی گلاندە جەنگێكەوە كەكردی بەخاكێكی سوتماك ئەوەندەی ئەوەی كەكردییە وابەستەی كارنامەو حساباتەكانی خۆی، ئەو ئێرانەی كەدەگەڕێت بەدوای گۆڕەپانێكدا بۆ رووبەڕووبوونەوە یان شوێنێك بۆ دەستێوەردان یان كارتێك بۆ دانووستان لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا، ئەوەش كەئێستا عەرەب دەیكات یارمەتیدانی لوبنانە بۆ دەرچوون لەو تەڵەزگە خنكێنەرەی كەخستوویەتیە نێوان دوو بەرداشەوە: نێوان دۆزەخی ئیسرائیل و سەرشێتی ئەحمەدی نەژاد.

ئەوەی كەئێرانی بنەڕتخواز دەیكات و ئەوەش كەهاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەكات و لەسەر شێوەی ئەو بیردەكاتەوە راكردنە

لەئیستیحقاقاتە ناوخۆییەکان لەبارەی چاکسازی و پەرەپێدان و گەشەسەندن بۆئەوەی ململانێ دەرەکییەکان بەڕێوەببات یان دۆزگەلێکی بێسوود دابهێنێت، وەك دەستگرتنی بەکارتی حزبوللا-وە یان خۆخەریککردن بەدروستکردنی ئەتۆمییەوە، پێشموانییە ئەوە لەبەرژەوەندیی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بێت کەزۆرینەی بەرهەڵستی رژێمی ئێستا دەکەن، چونکە ئەوەی دەیکات دەبێتەهۆی نەزیفکردنی داهاتەکانی و ئیفلیجکردنی وزە خولقێنەرەکەی لەبەرهەمهێنان و بنیادناندا یان هەڕەشەکردن لەئارامیی و ئاسایشی ئێران بێبڕانەوە، بەڵام ستراتیژناسی عەرەبی کەسەرسامە بەهەڵوێستی ئێران، بەردەوام باشترین بەڵگە لەسەر ئەوە پێشکەشدەکات کەکێشە بەچارەسەرو، وێرانکردن بەڕزگارکردن لەقەڵەمدەدات!

لێرەوە ئەوەی کەلەعەرەب داوادەکرێت فۆرمۆلەکردنی ستراتیژێکی ئەلتەرناتیڤە کەبەرهەمی کاری هاوبەشی عەرەبی بێت ئەوەندەی ئەوەی کەمۆرکێکی ئیجابی و بنیادنەری هەبێت یان شارستانی و پەرەسەندنخواز بەوشێوەی کەکارتەکانی گوشار بەکاربهێنێت لەپێناوی کردنەوەی ئاسۆ لەبەردەم چارەسەری ئاشتیخوازانەدا بەتایبەتی کەئەمڕۆ جەنگەکان بەزیان وماڵوێرانی دەشکێتەوە بۆ خودو بۆ خەڵکی تریش پێکەوە.

هەروەها لەنموونەکانی تر ئەوکەسەیە کەئێستا لەسەر سەرەتای مێژوو قسەت بۆ دەکات، لەکاتێکدا مەسەلەکە پەیوەندی بەپرۆژەگەلێکی بنەڕەتخوازانەو بەرنامەگەلێکی ئایینی پەڕگیرو کافرکەرەوە هەیە دەیانەوێت وڵاتان و هاووڵاتیان بگێڕنەوە بۆ دواوەو ئەو فێرکردن و نموونانە بسەپێنن کەبەچاندی تۆقاندن و خوێنڕشتن و وێرانکردنی ئاوەدانی و بەرپاکردنی دووبەرەکیو



جەنگە ئەهلییەکان نەبێت جێبەجێ ناکرێن، ئای چ ئاخیرەتێکیشە کەقسە لەسەرەتای مێژوو بکەین، لەکاتێکدا کەلوبنان چەندین دەهە لەساڵان بەرەودواوە دەگەڕێتەوە یان لەکاتێکدا کەدەویسترێت عەرەب بەعەقڵیەت و بەچەمك و بەو کەرەستانەوە بگەڕێنەوە بۆ دواوەو بۆ ئەو سەردەمە بەسەرچووانەی کەبەڕاستی سەرەتایەکی شارستانی بوون ئەوەندەی ئەوەی کەخەڵکەکەیان لەو رۆژگارەدا زمانی سوننەت و چەقبەستن و نەتوانی و کەموکوڕی یان نادیدەییان دەزانی هەروا ئەوەندەی ئەوەی کەنموونە کۆنە بەسەرچووەکان ستەمی خۆی بەسەردا سەپاندووین و یان نموونە تازە بەکاربەرییەکان داگیریانکردووین.

پۆلی چوارەمیش ئەو پۆلەن کەزۆربەن و شەقامی عەرەبی بەجەماوەرە بەرفرەو نوخبە بێ تواناکەی یان سەرنەکەوتووەکەی نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوانەی کەداوای پشتگیریکردنی ( بەرەنگاری/ مقاومە)  دەکەن، بەو سیفەتەی، لەجیاتی عەرەب، جەنگی لێبڕاوانە بەڕێوەدەبات، بێگومان مەبەستمان ئەوانە نییە کەهاوخەمی ئازاری لوبنانیەکانن، ئەو پزیشکەم مەبەست نییە بۆ کە خراپی ئەو کارەساتە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە فرمێسکی دادەباراند، ئەو وەفدانەشم مەبەست نییە کەئامادەببوون لەلوبنان بۆ هاریکاریکردنی لێقەوماوان، هەروەها ئەوانەم مەبەست نییە کەخاوەنی هۆشیارییەکی قەیران دیدەو یادەوەرییەکی بارگرژو پڕ لەبرینن بەبۆنەی لەژمارە نەهاتنی تێکشکان و دۆڕانەکانەوە، کەواتە مەبەستم ئەو رۆشنبیرو بانگەشەکارەیە یان ئەو توێژەرەیە کەدەگەڕێت بۆئەوەی یەکێك سەرکەوتنی بۆ بەدەستبهێنێت و برینە رەمزییەکانی سارێژ بکات، جا ئەگەر بەسەر لاشەی منداڵانیشدا



بێت، ئەگەر بەردێکیش بەسەر بەردێکی دیکەوە نەمابێت لەلوبنان، ئەم رۆشنبیرە ناسیۆنالیستە لەگەڵ بانگەشەکاری بنەڕەتخواز و ستراتیژناسی ئێرانیدا لەئاراستەی فاشی و هەمەجییانەدا دیووی دووەمی جەنەڕاڵی ئیسرائیلین، بەو مانایەی ئەمەی دوایی، واتە جەنەراڵی ئیسرائیلی، بەخوێنێکی ساردەوە منداڵان دەکوژێت، بەڵام ئەوان دەیانەوێت منداڵانی لوبنانی ببنە سووتەمەنی حەزە ستەمکارەکانیان، یان قوربانییەك کەبکرێتە قوربانیی قەسابخانەی عروبەتی سادی یان روخێنەر یان لەسەر قەسابخانەی ئیسلامی تەکفیری، ئای چ ئاخیرەتێکیشە کەرۆشنبیران پشتگیری لەپرۆژەو ناونیشانگەلێك یان بزووتنەوەگەلێك بکەن کەئاکامیان ئەوەیە تەکفیریان دەکەن یان دووریاندەخەنەوە یان ریشەکێشیان دەکەن یان ئاوارەیان دەکەن و ( لێرەشدا مەبەستی لەنەسر حامد ئەبوزەیدە/ عەدالەت) ئەوانیش لەتاراوگەکانیانەوە داوای پشتگیری بۆ بەرەنگاری (مقاومە)و لاوازنەکردنی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا باسی عەقڵانیەتی نەنگی پۆشمان بۆ دەکەن لەکاتێکدا کەبەبۆنەی وەهمە ئایدۆلۆژی و تەسبیحاتە خەباتگێڕییە زێدەڕۆکانەوە خودی ناوەندی تێڕوانین نابینن، ئەو وەهمەو تەسبیحاتانەی کەڕایاندەکێشێت بۆ پشتیوانیکردن لەهەموو ئەوشتانەی کەناکۆکن لەگەڵ ئەوەی دەیخەنەڕوو یان وەك ناونیشان و موفرەدە بەرگریی لێدەکەن، ئەوەش بەڵگەیە بۆئەوەی کەئەوان کوێرن و مانای ئەو شتە نازانن کەڕوودەدات، لەهەمووی عەنتیکەتر ئەو لیبرالیانەن کەچوونەریزەوەو خۆیان گلاندە ئاپۆڕەی کوێرانەوە تاوەکو دەرفەتی فێستیڤاڵەکانی تەسدیقکردن و چەپڵەڕێزانیان بەعەقڵیەتی رانەمەڕی و موبایەعەکردن لەکیسنەچێت بۆئەوەی ببنە شایەت



بەسەر ئەوەی کەهەمووان دژی ئەوەن کەبانگەشەی بۆ دەکەن و، بۆ بڵێن ئەوان لەتێکۆشانە سەرنەکەوتووەکان و دۆزە دۆڕاوەکان و دروشمە کاڵوکرچەکان دەزانن ئەوەندەی ئەوەی کەدرۆی تیۆرە ساختەکان دەکەن یان وەهمە فریودەرو خەونە مەحاڵەکان هەڵدەبەستن ئەمەش بۆ بەرهەمهێنانی شکست و زیانی زیاتر.

گومانی تێدانییە کەبەشە هەرە خراپەکە ئەوانەن کەبەئومێدی ئەوەوەبوون مووشەکێکی ئیسرائیلی بەو فڕۆکەیەدا بتەقێتەوە کەوەزیرانی دەرەوەی عەرەبی هەڵگرتبوو بۆ بەیروت، ئای چ ئومێدەوارییەکی ئابڕووبەرە کە دێت و عەقڵیەتێکی لەدەرەوە راهاتوومان لای بەشێکی رۆشنبیرانی عەرەبی بۆ ئاشکرا دەکات، ئەگەر ئەوانەی کەڕای گشتیی دروستدەکەن بەوشێوە دەردەدارو فاشییە یان تیرۆریست و هەمەجییە بیربکەنەوە، ئەوە سەیرنییە حاڵ لەجیهانی عەرەبیدا بەوشێوەیە بێت کەهەیە، کەبریتییە لەئیفلاسکردن و خراپی و داڕووخان.

بەهەرحاڵ ئەمە نموونەگەلێکە بۆ گوتارێکی عەرەبی کەخاوەنەکانیان بەسەر دۆزەکانی نەتەوەو ناسنامەوە رێنوێنی پەیڕەو دەکەن، ئاکامیش دەسکەوت هەر ئەوەیە کەلەناکاودا دەکەوێتەوە و شۆك دەخوڵقێنێت بەبۆنەی ئەو مەینەتی و بەدبەختیانەی کەکارەسات و نسکۆکانمان بۆ لەبەردەگرنەوە، هەرئەمەشە پارادۆکسە ئابڕووبەرەکە:  ئەوانەی لاف ئەوەدەدەن چارەسەریان پێیە، هەر خۆیان کێشەکان و قەیرانەکان دروستدەکەن.

# ئیسلام و نازیزم

**نووسینی: نووسەری نەرویژی**
**(گایر لێڤی نیلسن geirlevnilsen)**
**وەرگێڕانی لە نەرویژییەوە: جەبار محەمەد عەلی**

(ئینگار ئامبێورنسن lnyvar awbiQrnsen) راشکاوانە بڕوای وایە، کە راسیست و فاشیستەکان هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان هەیە بەرامبەر بە ئیسلام، بەڵام مێژوو پڕە لە پەیوەندی زۆر نزیك لەنێوان نازیزم و ئیسلام و گرووپە ئیسلامییەکان، رەوشی عێراق سەلمێنەری ئەو راستییەن، دوای شەری جیهانی یەکەم ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەرەسی هێنا و هەڵوەشایەوە، ئەمەش بوو بەهۆی سەردەمی پاشاگەردانی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەوێدا شەڕی نێوان ناسیونالستە عەرەبەکان خولْقا لە ساڵی (١٩٢٠)دا، سۆزێکی گەورە هەبوو لەنێوان سیاسەتمەدارەکان و سەرکردە سوپایەکانی عێراق بەرامبەر پارتی ناسیونالیستی ئەڵمانی، نەك لەبەرئەوەی کە دژی بەریتانیا بوون، کە خۆی بە خاوەنی عێراق دەزانی لەو کاتەدا، بەڵکو بیری پان ناسیونالیستی ئەڵمانییە بوو، کە ئەمانیش بە هەمان شێوە و راست و دروست بیریان لێدەکردەوە لە بواری رامیاری و کلتووریدا.

رێکخراوی (فتوە) کە لە عێراق دامەزرا، هاوشێوەی رێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای هیتلەری بوو، کە چووبوونە چەند گەشتێکی خوێندکاران بۆ ئەڵمانیا بۆ ڤیستیڤاڵ و کۆبوونەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ لە (نوزنبێرگ nurnnberg)، لە عێرق زۆر رێکخراوی تر لەو



شێوەیە دروستبوون، هەندێکیان هۆیەکی یارمەتی دەربوون بۆ تاڵان و چەپاو، کوشتارەکەی شاری بەغدای ساڵی ١٩٤١، کە سەدان جوولەکەی تیادا کوژران و دەستگیرا بەسەر سەر و سامانیاندا، ئەم رووداوە لەهەمان ئەو ساڵەدا بوو، کە کودەتایەك بە پشتیوانی ئەڵمانەکان کرا، یەکێك لەوانەی کە لەپێش ئەو کودەتایەوە بوون موفتی گەورەی ئورشەلیم (حاجی ئەلحووسەینی) بوو، کە لەدواییدا بەتالیۆنی (ss ئێس ئێسی) دامەزراند، کە پێکهاتبوو لە ئیسلامەکانی بۆسینا بۆ لەناوبردنی جوولەکە لەو ولاتەدا، هیتلەر زۆر بەرێز و بەرز دەیڕوانییە موفتی حاج ئەلحوسەینی و هەر بۆیە میوانداری کرد بۆ (بەرلین berlin)، هەر لەوێ ماڵ و خانووی بۆ دابینکرد و هەروەها ئێستگەی رادیۆی وەرگرت بۆ بلاْوکردنەوە و گەیاندنی بیری دژە جوولەکە و ئەنتی جوولەکە و راگەیاندنەکەش هەر بە زمانی عەرەبی بوو.

لە پرۆسەی دادگای نورنبیرگدا هاتبوو، کە موفتی حاجی ئەلحوسەینی هەمان بۆچوونی هیتلەری هەبوو و بڕوای وابوو، کە کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی جوولەکە باشترین چارەسەرە، موفتی لەساڵی ١٩٤٧ لە قاهیرە دەژیا و لەو جێگایەی رێکخراوەکەی تیادا دامەزراندبوو، هەروەها نازیستە هەڵهاتووەکانی قاهیرە پەنادابوو و زۆر لە سەرکردە نازییەکان لە دەزگا پۆلیسی و سەربازییە نهێنییەکان لە دەوڵەتە عەرەبە ئیسلامییەکان ئیشیان پێدرابوو و پارەی باشیشیان وەردەگرت، هەندێکیان خۆیان کردبوو بە ئیسلام، بۆ نموونە (لیوپۆڵد leopld Gleim) سەرۆکی (گێستاپۆ ـ c-estapo) لە ساڵی ١٩٥٥ هەڵهاتبوو بۆ میسر و ناوی (عەلی الناشر Ali Alnacher )ی لە خۆی نابوو و لە پۆلیسی نهێنی میسر کاری



دەکرد یان هاوکارەکەی (یاریدەدەرەکەی) (Ggobbles) کە ناوی (هانس ئاپڵەر ـ Hans Appler) بوو ڕیایکردبوو بۆ ئەسپانیا و لە ساڵی ١٩٥٦ لەوێوە بۆ میسر هەڵهاتبوو و خۆی کردبوو بە ئیسلام و ناوی (صلاح جەعفەر SALAH CHAffER)ی لەخۆی نابوو، پاشان لە وەزارەتی راگەیاندنی میسر دەستبەکار دەبێ، نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ گەورە نازی لە دەوڵەتە عەرەبیە ئیسلامییەکان پەنا درابوون لە پاش جەنگی جیهانی دووەم، لەکاتی شەڕی یەکەمی عێراقدا (رزگارکردنی ولاْتی کوێت لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە)، نازیستەکانی ئەوروپا پشتگیری خۆیان بۆ سەدام و حزبەکەی حزبی بەعس راگەیاند، (میشال کوهنینMIChAEL KUhNEN)، کە یەکێکە لە سەرکردەی بزوتنەوەی نازییەکان زۆر بە شان و باڵی ئەو رژێمە عەلمانییەی عێراقدا هەڵیدابوو، هەروەها وتبووی کە عەرەبەکان مارکسێت نیین، بەڵکە ناسیونالیستن، بە گوێرەی وتەکانی (میشال کوهنین) زۆر لە ئەڵمانە نازیستەکان بە خۆویست ناونووسی خۆیان کردبوو بۆ ریزەکانی سوپای عێراق و جەنگان لە دژی هاوپەیمانەکان نازیزم و ئیسلام یەکدەگرنەوە لە رقلێبوونەوەیان لە جوولەکە (دژایەتی جوولەکە)، دوای ئەوەی کە (محمد) پێغەمبەری ئیسلام پەیامی بۆ هاتبوون خۆی تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی هەموو دانیشتوانی نیمچە دوورگەکە بکات بە ئیسلام، پێغەمبەر لە دژی ئەوانەی کە ئامادەنەبوون ببن بە ئیسلام، پاکتاوی نژادی گرتەبەر بۆ نموونە لە ساڵی (٦٢٧)زدا پێغەمبەری ئیسلام خۆی دەستپێشخەری کۆمەڵکوژییەکەی (بەنی قورێزەی) کرد، کە (٧٠٠) جوولەکەی تیادا کوژران، کاتێ کە دەمەزرێنەری ئایینێك سوومبوڵ بێت، دەبێت لایەنگرانی زۆر بە جۆش و خرۆشبن، هەر ساڵێك پاش



ئەو کۆمەڵکوژییە، کۆمەڵکوژییەکی تر لە دژی جوولەکە لە (خەیبەر) کە سەنتەری دەسەلاْتی جوولەکە بوو، بەسەرکردایەتی (عەلی کوری ئەبو تالیب) ئەنجامدرا، بەلاْم چەپە رۆشنبیرەکان جەختیان دەکردەوە، کە بە ئاشتی پێکەوە ژیان لە نێوان جوولەکە و ئیسلامدا هەبووە، بەلاْم ئەم دیدوبۆچوونە تەنها خەیاڵێك بووە و هیچی تر، دوای ئەوەی کە ئیسلام دەسەلاْتی هەبوو بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەب و باکووری ئەفریقادا، جوولەکە و فەلە (خاچپەرستان) بە کەمایەتی دانراون و مافی پاراستنی کەمینەکانیان بۆ بڕیاردان، بەلاْم هەر بە نووسین مافەکانی جوولەکە لە بواری ماڵ و داراییدا بە تەواوی رێی لێگیرا و سەرکوتکران. (هارون ڕەشید) کە یەکێك بوو لە خەلیفەکانی عەباسی، دەستی کرد بە دیاریکردنی جوولەکە بە نیشانەیەك، کە تایبەت بوو بە جیاکردنەوەی جوولەکە، بەم کردارەش بە چەند سەد ساڵێك پێش خاچپەرستانی ئەوروپا کەوتبوو، لە سەردەمی ئیمپراتۆریاتی فاتیمی الحکیم (٩٩٦-١٠٢١) هەموو پەرستگاکانی جوولەکەی تێکوپێکدا، بلاْوبوونەوەی ئیسلام گەیشتە ئیسپانیا، لەوێیش بەهەمان شێوە دەستیان کردبوو بە نیشان و جیاکردنەوەی جوولەکە، ئەم حاڵەتە تا سەدەی نۆزدەیەم بەردەوامبوو، بە تایبەت لەو جێگایانەی کە ئیسلام بوون و جوولەکەیان تیابوو، هۆی تەواو ئاشکرانەبوونی ئەم دیاردەیە ( دیاریکردنی جوولەکە بە نیشانە) دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی سیاسی و بە داخراوی مانەوەی لایەنە نێگەتڤانەکەی ئیسلام، کاتێ (ئادۆلف هیتلەر) ناوی موسڵمانەکانی باکووری ئەفریقا و نیمچە دوورگەی عەرەبی دەهێنا، پێناسەی دەکردن بە(دۆستە موسلمانەکانمان).

# کەرکووک لە ئەنسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو عەرەب و ئەمریکادا

**نووسینی/ ئەحمەد عەزیز**
**وەرگێڕانی/ فاتیح سلام**

پێش دەستپێکی ئەم باسە، ئەمەوێ کورتە پێناسێکی "ئەنسکلۆبیدیا" یا "مەوسوعە" یان ئەوەی بەعەرەبی پێی دەوترێت "دائرة المعارف" بکەم، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی "بانکی زانیاری" کە لەناواخندا بوارە جۆراوجۆرەکان و پسپۆرییە جیاوازەکان دەگرێتە خۆ، کە کۆمەڵێك ئەکادیمی و پسپۆری تایبەت سەرپەرشتی دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە، کە هەموو زانیارییەکی تیا هاتووە وەك راستییەکی زانستی و بابەتی تەماشادەکرێت، کە پسپۆرەکانی تیا لەسەر کۆکن، هەر بۆیەش "ئەنسکلۆبیدیا" بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەر و نووسەران و خوێنەران دێتە ژماردن، لە تازەترین چاپی "ئەنسکلۆبیدیا"ی گەورە بەربڵاوی دانیمارکدا پێناسەی "شاری کەرکووك"ی واکردووە: (کەرکووك شاری کێڵگەنەوتییەکانە، کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی عێراقەوە، بەشێکە لە کوردستان و (٢٥٠)کم لە باکووری بەغداوەیە، نەوتی کەرکووك بەپێی بۆچوونەکان نزیکەی ٧،٥٪ ی کۆی یەدەکی نەوتی جیهانی هەیە، بۆرییە نەوتەکانی کەرکووك بەرەو سوریا و لوبنان و



تورکیا درێژ دەبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو ئابلۆقە سەپێنراوەی وڵاتە یەکگرتووکانەوە بەسەر عێراقدا رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتاوییەکانی کەرکووکدا دابەزی، هەروەها کەرکووك دەکەوێتە دامێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە و ژمارەی دانیشتوانی (٥٠٠,٠٠٠) هەزار کەسە، کە پێشتر زۆربەی دانیشتوانی کورد بوونە، بەڵام پاشتر ژمارەی کوردەکانی بەرەو کەمبوونەوە چوون و دوای ساڵی ١٩٧٠ بەرانبەر زیادبوونی عەرەب و نیشتەجێبوونیان، لە "ئەنسکلۆبیدیا"ی نەرویجیا هاتووە کە: کەرکووك شارێکە لەکوردستانی عێراق و دەکەوێتە کۆتاییەکانی چیای زاگرۆسەوە لەنێوان ٢٢٠کم باکووری بەغدا و ژمارەی دانیشتوانی بەپێ سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ دا (٢٠٧٩٠٠) کەسە و ناوەندێکی بازرگانی کردنی کوردستانە و گەورەترین چاڵە نەوتیەکانی تیایە . پاش پێناسەیەکی تەواو و وردی شالاری کەرکووك لە ئەنسکلۆبیدیای ئەڵمانیشدا بەوجۆرە باسدەکرێت: کەرکووك وەکو مێژوو بەشێکە لە کوردستان، ساڵی ١٦٣٨ هەریەك لە کوردستان و عێراق کەوتنە ژێر چەپۆکی عوسمانییەکانەوە و کەرکووکیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە، لە میانەی شەڕی جیهانی یەکەمەوە لە ساڵی ١٩٢٧ دا گەورەترین کێڵگەی نەوتی عێراقی تیادا دۆزرایەوە، هەروەها لە ئەنسکلۆبیدیای سویددا نەخشەی کوردستان هاتووە، کە شاری کەرکووکی بە زەنگێکی جیاواز و زەق دیارکراوە، کە دەکەوێتە نێو ئەو نەخشەی کوردستانەوە وەك یەکێك لە شارەکانی، بەڵام لە ئەنسکلۆبیدیای زانکۆی کۆڵۆمبیا لە ئەمەریکا بەمجۆرە باسی شاری کەرکووك کراوە: ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکووك بەپێی سەرژمێریکەی ساڵی ١٩٨٧ (٤١٨٦٢٤) کەسە، کە ناوەندێکی



بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقە و دەگاتە بەندەرەکانی سەر دەریای سپی ناوەڕاست و بە بۆری بۆی درێژکراوەتەوە، بە هۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە لەساڵی ١٩٨٠ رێژەی بەرهەمهێنانی دابەزی و هاتەخوارێ، کەرکووك لە بازاڕێکی گرنگی ناوچەکە لە قەڵەم دەدرێت، لە رووی بەروبومی کشتوکاڵی و دانەوێڵە و میوە و پەموو..تاد، جگە لەمانەش کارگەی مافوور لەو شارەدا هەیە، لەگەڵ بوونی هەندێ شوێنەواری کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین و زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارەش کوردە، لە ئەنسکلۆبیدیای بەریتانیاشدا لە باسی شاری کەرکووکدا نووسراوە کە: کەرکووك شارێکە دەکەوێتە باکووری رۆژهەلاتی عێراقەوە، لە دووری ١٤٥ میل ٢٢٣ کم باکووری بەغدای پایتەختی نیشتیمانیەوە، کە بەهۆی هێڵی شەمەندەفەر و جادەی رێگاوە پێکەوە بەستراون و کەرکووك دەکەوێتە نزیك زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، بەشە دێرینەکەی ئەم شارە لە دەوروبەری قەلاگەی کە لە سەردەمی ئاشوورییەکان و لە سەدەی نۆزدەی پێش زایینیدا بنیات نراوە، هەروەها کەرکووك لە ئەنسکلۆبیدیای دەزگای (microsoft)ی ئەمریکی هاتووە: کەرکووك شارێکە دەکەوێتە باکووری رۆژهەلاتی عێراقەوە، کە ناوەندی هەرێمی کەرکووکە، دەوڵەمند ترین کێڵگەی نەوتی عێراقی تیایە، بۆریە نەوتییە سەرەکییەکانی عێراق لە کەرکووکەوە درێژبوونەوەتەوە بەرەو کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، هەروەها ناوەندێکی بازرگانی گرنگی هەیە لەناوچەکەدا بەهۆی بەرووبومە کشتوکاڵی و میوە و دانەوێڵە و مەڕ و ماڵاتی زۆرییەوە، ( هەندێ پاشماوە لە کەرکووکدا دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٣٠٠٠ ساڵ



لەمەوبەر)، پاش ساڵی ١٩٨٠ کە جەنگی نێوان عێراق ـ ئێران هەلگیرسا، دانیشتوانە کوردەکەی ئەم شارە روو لە کەمبوونەوە بوون، بەهۆی هێنان و راگواستنیان و هێنانی کەسی تر لە شوێنیان، سەرەڕای ئەمەش ناوەندێکی رووناکبیری کوردییە و ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێرەکەی ساڵی ١٩٧٨ (٤١٨,٦٢٤) کەسە، هەروەها رۆژهەڵاتی ناوین دەڵێت کێ؟ لەکوێ؟ دەربارەی کەرکووك:- کەرکووك شارێکە لە باکووری عێراق، لە سییەکانی سەدەی بیستەوە بووە بە ناوەندێکی گرنگی بووژاندنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، لەگەڵ ئەمەشدا کەمە نەتەوەییەکانی دیکەی وەك تورکمان هەن، کە لە ساڵی ١٩٥٩ دا شەڕێکی دەسەڵاتخوازی لەگەڵ کورددا روویدا، کە ئەو شەڕەش بە بەرژەوەندی کورد کۆتایی پێهات، سەرکردایەتی کورد هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە کەرکووك بەشێکە لەکوردستانی عێراق، ئەمەش لەو مفاوەزات و پێکەوە دانیشتنانەی کورد وحکومەتی عێراقدا باسیان کردووە و داواکاری بوون و بەپێچەوانەشەوە حکومەتی عێراق ئەو داوایەی رەتکردەوە، کە بەشێك بێت لەکوردستانی عێراق، لە ئەنسکلۆبیدیای عەرەبی جیهانیشدا بەو شێوەیە باس لە شاری کەرکووك کراوە، کەرکووك بە پایتەختی کۆمەڵە کوردییەکانی باکوور دەژمێردرێت، هەروەها لە لاپەڕە (٤٤٩) ی ئەو ئەنسکلۆبیدیایەی عەرەبدا هاتووە، کە کەرکووك لە شارە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراقە، وەك نموونەیەك لە هەڵبژاردەی "ئەنسکلۆبیدیا" جیاوازەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیمان هێنایەوە بۆ ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەبەر رۆشنایی ئەوی کە پێشکەشکرا، ئەگەر وردبینەوە لەو

زانیارییانەی لە بارەی پێناسەی شاری کەرکووکەوە هاتوون بۆ دەستنیشانکردنی واقیعی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو شارە دەگەینە ئەوە کە: هەروەك لە (مانفا) لە پێناسەدا هاتووە encyclopedia هەموو زانیارییەکی تۆمارکراو لە ئەنسکلۆبیدیادا راستییەکی بابەتییە، لەسەر بناغەی زانستی و ئەکادیمی و هەموویان لەسەری کۆکن، هەر بۆیە کەرکووك کوردستانە و زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردن، ئەمەش هەموو لایەك دەیزانن و لارییان لێ نییە.

دەربارەی واقیعی نیشتمانی ئەو شارەش "ئەنسکلۆبیدیا"ی دانیمارك و نەرویج و ئەڵمانیا و سوید و بەریتانیا و سعودیە و (MicroSoft)ی ئەمریکی ئەوەمان وەبیر دەخەنەوە، کە کەرکووك شارێکی کوردستانییە و واش تۆمارکراوە، پێناسەی هەر شارێك وەك شارێکی کوردستانی لەو کاتەدا نیشتەجێبوونی زۆرینەی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا سەدان هەزار نیشتەجێی بەغدایە، بۆ نموونە وەکو کەسێکیش نەیوتووە کە بەغدا شارێکی کوردستانی نییە، لەبارەی واقیعی نەتەوەیی کەرکووکیشەوە ئاماژە بەوە کراوە، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، نەك هەر ئەمەش بەڵکو ئاماژەش بەوە دراوە کە لەدوای ساڵی ١٩٧٠ وە هەوڵ و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی بۆ ئەوە بووە، کە کورد لەو شارە دەرپەڕێنی و عەرەب لە شوێنەکان نیشتەجێ بکات، ئەمەش لەبەر کەمکردنەوەی رێژەی کورد و زیادکردنی رێژەی عەرەب، لەبەرانبەردا ئەمە و بەپێی ئەو راستییانەی کە لە (مانف)دا باسکراون، دەگەینە ئەو ئامانجە کە کەرکووك شارێکی کوردستانییە و بەردەوام لەسنووری کوردستاندا بووە و زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردن.

ئامانجی سەرەکی ئەو زانیارییەی خستمانە پێش چاو تەنها بۆ



سەلماندنی کوردستانییەتی کەرکووك بوو، بەپێی سەرچاوە تازە و هاوچەرخەکان، ئەگەر تۆزێك بگەڕێینەوە دواوە و بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان،وەك (قاموس ئەعلام)ی عوسمانییەکانمان بە نموونەوە هێنایەوە، ئەو راستییەمان تیا بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا دەڵێت (شارێکە دەکەوێتە ١٦٠کم دووری باشووری خۆرئاوای ویلایەتی موسڵی کوردستانەوە، ناوەندی ویلایەتی شارەزوور، ژمارەی دانیشتوانی (٣٠٠٠٠) کەسە، سێ بەشی ئەو ژمارەیە کوردن، ئەوانی دیکەش تورك و عەرەب و کەمە نەتەوەییەکانی ترن، هەروەها ٧٦٠ جولەکە و ٤٦٠ کلدانیشی لەو شارەدا دەژین.

هەروەها بیرخستنەوەی کەرکووك لە بەرگی شەشەمی گۆڤاری (قەفقاس)ی کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی مەلەکی رووسیادا و پشتبەست بەو زانیارییانەی کە ئەندازیاری رووسی "یوسیب ـ جیرنیك" بڵاوی کردۆتەوە، پاش سەردانێکی بۆ ئەو ناوچانە لەساڵانی (١٨٧٢-١٨٧٣) بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە توانای بەلەمە ئاوییەکان لە رووباری دیجلە و فورات و دەریاچەکاندا، ئەو کاتە ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك بە (١٢-١٥) هەزارکەس مەزەندە دەکران، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە جگە لە (٤٠) خێزانی ئەرمەنی تێکڕای دانیشتوانی ئەو شارە کوردن، هەروەها لەو بەڵگانەش کە دەتوانرێت ئاماژەی بدرێتێ، کە زۆربەی دانیشتوانی شاری کەرکووك کوردبوون، بەرانبەر سێ یەکی تەرخانکراو بۆ تورکمان و عەرەبەکان و کەمەنەتەوەکانی تری ئەو شارە، هەروەها بەڵگەنامەیەکی عێراقی لە ساڵی (١٩٢٠)دا ئەوەشی ئاشکرا کردووە، کە بەپێی سەرژمێرییەك کە شارەوانی کەرکووك پێی هەستاوە، کۆی گشتی دانیشتوانی شارەکە (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار کەسە، کە



(٢٢٠٠٠) بیست و دوو هەزار کەسی کوردن و (٧٠٠٠) حەوت هەزار تورکمان و (٢٠٠٠) دوو هەزار مەسیحی و (٢٠٠٠) دوو هەزار ئاشووری و (٥٠٠) پێنج سەد ئەرمەنی و (٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد جوولەکەشی تیایە، بەبۆچوونی من سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لە لیوای کەرکووکدا لەسەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە پیادە کراوە تا رۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ سێ خاڵ:

١. دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی تازە و پێوەلکاندنی کوردستانی باشوور و ویلایەتی موسڵ پێوەی، ئەگەر سیاسەتی بە عەرەبکردن لەم شارەدا نەبووبێت پێش دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە تازەیە.

٢. گرنگی کەرکووك لە رووی جیۆپۆلیتیکییەوە، بەو پێیەی خاڵی پێکەوە گرێدانی ئەنادۆڵە بە عێراق و ئێرانەوە.

٣. بەپیتی زەوییەکەی و دۆزینەوەی برە نەوتێکی زۆر، کە بە (٧,٥٪)ی یەدەکی نەوتی جیهان مەزەندە دەکرێت.

لەسەر ئاستی جیهانیشدا وتەیەکی باو هەیە، کە نەوت چەکێکی کاریگەرە، عەرەبە نەتەوەییەکان ئەم وتەیەیان گۆڕی بە دروشمێکی خۆیان و هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی تازەوە لە ساڵی (١٩٢١)ەوە تا ئەمڕۆ خاوەن بڕیارەکان کۆڵیان نەداوە لە تەعریبکردنی شاری کەرکووك و بە زیرەکی و هوشیارییەوە کاریان بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە کردووە تا بگاتە ئامانج، ئەویش لەمیانەی پلانە ستراتیژییە نەخشە بۆ کێشراوەکانییەوە، سەرەڕای بە دەستهێنانی پۆست و دەسەڵات لەلایەن کودەتاچییەکانەوە لەمیانەی حوکمە گۆڕانکارییەکان لەعێراقدا، بەڵام ئاڕاستە و بۆچوونەکان لە مەڕ کەرکووك گۆڕانێکی بەسەر نەهات و بەلای ئەوانەوە گۆڕانی واقیعی و نەتەوەیی بەو شێوەیە دەبێت، کە



رەچاوی بەرژەوەندی باڵای عەرەب تیا بکرێت، یانی مسۆگەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب لەسەر حیسابی گەلی کورد و ژیانی ئاشتەوایی لەعێراقدا، کە لەئاکامدا چەندین جەنگی رووبەڕوونەوە و ماڵوێرانی لێکەوتەوە و گەلانی عێراقی بە هەموو نەتەوەکانییەوە گرتەوە و باجێکی زۆری ئەو سیاستە چەوتەیان داوە، بە بۆچوونی ئەوان ئەگەر کەرکووك چووە نێو چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی کوردستانەوە، ئاسانکارییەك دەبێت بۆ کورد تاوەك چەکێکی رووبەڕووبوونەوە لە دژیاندا بەکاربێنن، بەڵام بەردەوام ریکخەری گفتوگۆکانی کورد ناراستی ئەو بۆچوونانەیان بە ناڕاست زانیوە و داواکاری کورد بۆ خستنەسەری ئەو شارە لە چوارچێوە جوگرافییەکەی کوردستان بۆ راستییە مێژوویەکانی ناوچەکەیە و هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (شێخ مەحموودەوە) هەوڵەکانی بزوتنەوەی کورد سوودمەندنەبوون بە گێڕانەوەی کەرکووك بۆ سێبەری حکومەتی خۆماڵی کورد، مەلیك فەیسەڵی یەکەم مەلیکی عێراق لە یەکێك لە وتارەکانیدا رۆژی ١٥/ ئازاری/ ١٩٢٢ دەڵێت: حوکم لەعێراقدا حوکمی عێراقی سونییە و هەوڵێکی زۆرماندا، کە ئەم دەوڵەتە دروست ببێت، درێژەی پێدەدا و دەڵێت: پێویستە وا لە خەڵك بکەین وەك عێراقییەك بیربکەنەوە، واش پەروەردەیان بکەین و پێویستە لەعێراقدا یەك گەل هەبێت، کە مەبەستی گەلی عەرەبە، ئامانجمان لە خستنەڕووی ئەم راستییە تاڵە مێژوویانە سوود وەرگرتنە لە ئەزموونی مێژوویی و هەوڵدان لە پێناو بە رووداو وەستانی دووبارە نەبوونەوەی ئەوانەی روویانداوە لەو دەستدرێژییە سیاسییانەی پاکتاوی رەگەزی لە دوور و نزیك بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق، کە رەنگە کورد روڵێکی گرنگی هەبێت لە

نەخشەکێشانی سیاسەتەکەیدا، کورد بە تاڵییەوە یادی ئەو هەوڵە سەختەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەکاتەوە، کە هەر دەسەڵاتە و بەپێی توانای خۆی هەوڵیان داوە، کە کورد لە بۆتەی عێراقی عەرەبیدا لەناو بەرن، هیچ تێبینێکی جیاواز لەنێوان ئەو حکومەتانەدا بەدی نەکراوە لە رووی ناواخنی سیاسەتەکانیانەوە، هەر لە یەکەم وتاری فەیسەڵی یەکەمەوە تا شاڵاوە درندەکانی ئەنفال و بۆردومانکردنی چەکی کیمیاویی و پیادەکردنی سوتماکی خاك و جینۆسایدی نەتەوەی کورد، کە هەزاران ساڵە لەسەر خاکی کوردستان و نیشتیمان و خۆیان نیشتەجێن، بەلگەش بۆ قسەکانمان دان پییێدانە راشکاوانەکەی (عەلی حەسەن مەجیدە) کە ناسراوە بە (عەلی کیمیاوی)، کاتێك کە لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنی باکوور بوو بە تاقە پیتێك وتی و ئەمەش لەسەر کاسێت تۆمارکراوە بە دەنگی خۆی: (کاتێك هاتم بۆ کەرکووك رێژەی دانیشتوانی عەرەب و تورکمان پێکەوە لە ٥١٪ی تێکڕایی دانیشتوانی ئەم شارەی تێنەدەپەڕاند، بەڵام پاش خەرجکردنی (٦٠) ملیۆن دینار بە ئامانجی بە عەرەبکردنی کەرکووك، تائێستاش رێژەی تورکمان و عەرەب لە ٦٠٪ی تێنەپەڕاندووە لە کۆی دانیشتوانی ئەم شارە، وەکو زانراوە سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکووك لە هەموو روویەکەوە دەستپێکرد، هەر لە سەرەتای ئەنجامدانی پرۆژەی ئاودێری (حەویجە)وە لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەوە تا هێنانی عەرەبی عێراقی و نیشتەجێکردنیان لەکەرکووك، تا دەگاتە گۆڕانکارییە ئیدارییەکان و لێکداپچڕاندنی هەموو یەکە ئیدارییەکان لە قەزا و ناحییەکانی سەر بە کەرکووك، ئەوانەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کورد بوون، وەکو قەزاکانی (چەمچەماڵ) و



(کفری) و (خورماتوو) لە جەستەی ئەم شارە و لکاندنیان بە پارێزگاکانی ترەوە، بە جۆرێك پارێزگای کەرکووك کەمرایەوە لە نێوان ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٧ لە (٢٣) یەکەی ئیدارییەوە کرایە (١١) یەکەی ئیداری، لەئەنجامی ئەو سیاسەتەشدا لە ٪ ٥٠ ی رووبەری ئەو پارێزگایە دابڕا.

سیاسەتی بە عەرەبکردن تەنها بە کەرکووکەوە نەوەستا، بەڵکو بەرەو ناخ و قوڵایی کوردستانیش شۆڕکرایەوە، بەرەو دەوروبەری هەولێر لە ناوچەکانی (مەخموور) و (دێبەگە) و ناوچەی (شوان) و (جەباری) و (قەرەحەسەن) و دەوروبەری چەمچەماڵ و سلێمانی و (ناوچەی شێخان) و (شەنگار)، کە زێد و شوێنی ئێزیدییەکانە کە کوردن، رژێمی تێهەڵدراوی عێراق کێوماڵێکی سەرتاسەری دوژمنایەتی دژ بە گەلی کورد پیادەکرد و گرتە بەر، لە پانتایی دەیان هەزار کیلۆمەتر لەسەر خاکی مێژووی خۆیان هەڵکەند و خێڵە عەرەبە هاوردەکان لە شوێن نیشتەجێکردن و پڕچەککردن و پاراستنیانی خستە ئەستۆی سوپای عێراقی نزیکەی (١٥٠٠) بیری ئیرتیوازی بۆ لێدان بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییان.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمەوێت بڵێم: کە پێناسەی کەرکووك وەکو بەشێکی کوردستان و چەسپاندنی کە شارێکی کوردستانییە لە (ئەنسکلۆبیدیا)ی تێکڕای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەلگەنامەیەکی ترە کە دەخرێتە سەر ئەو دەیان بەلگەنامانە و دیکۆمێنت و سەرچاوە مێژوییانە و ئەم راستییانە دەسەلمێنن، کە کەرکووك کوردستانییە و کورد زۆربەی دانیشتوانەکەیەتی (بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێت).



## پەراوێزەکان:

١. ئەوەش لە دەرەنجامی بە عەرەبکردنێکی بەرنامەڕێژی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق و بە تایبەت پاش کودەتاکەی شوباتی ١٩٦٣.

ئەنسکلۆبیدیای نەرویجی (٢٠) بەرگە، لە ساڵی (١٩٩٤)وە کاری تیاکراوە و لە ١٦-١٠-٢٠٠٢ هەر بیست بەرگەکەی تەواو بووە، لە دانانی ئەم پرۆژە مەزنەدا زیاتر لە (٢٠٠) تایبەتمەند لەم دارشتنەدا دابەشبوونە، هەروەها بە سەرپەرشتی (٨) مامۆستای زانکۆ بە پلەی پرۆفیسۆر و (٦) بەڕێوەبەری گشتی و (٣٦) بەڕێوەبەری هونەری و گەیشتۆتە ئاکام.

٢. ئەنسکللۆبیدیای نەرویجی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بەرگی هەشتەم، ل ٢٣٨.

٣. ئینسکلۆبیدیای ئەڵمانی سەرەکی، دوایین چاپ، پیتی کاف، ل ٣٥.

٤. ئەنسکلۆبیدیای سویدی سەرەکی، چاپی ١٩٧٠، بەرگی دووەم، ل ٢٣٥.

٥. ئەنسکلۆبیدیای کۆلۆمبیا " وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا" دوایین چاپ ٢٠٠. لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت www.encyclopedia.com.

٦. ئەنسکلۆبیدیای بەریتانی britanniaca encclopedyia.com دوایین چاپ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت www.britanniaca.com.

هەندێ سەرچاوەی تریش هەن، کە جەخت لەسەر دامەزراندنی شاری کەرکووك دەکاتەوە لەسەردەمی گۆتییەکاندا پێدەوترا (ئەربخا)، کە بە باپیرە گەورەی کوردیان دەزانی، هەروەها مامۆستای



بلیمەت (تۆفیق وەهبی) دەیگێڕێتەوە کە کەرکووك شارێکی دێرینە و کۆنترین زانیاری کە لامانە تایبەت بە کەرکووك ئەوەیە کە لە رۆژمێری جوگرافیای بەناوبانگدا هاتووە دەربارەی کەلوپەلەکانی (سەرجۆنی ئەکەدی ٢٥٣٠-٢٤٧٣ پ.ز)، لەو رۆژمێرە بەناوبانگەدا ناوی وڵاتی (ئەربخا) دەبینین لە نێوان ناوەکانی وەك (ئاشووری، لۆلۆی، گۆتی، ئەکەد.. تاد)، کە ئەرەنجی بە کەرکووك ناسیوە، هەروەها (تکت ـ بیسری یەکەم) مەلیکی ئاشووری (١٢٥٥-١٢٨١ پ.ز) یەکەم کەس بوو، کە وڵاتی (ئەربخا)ی دەست بەسەرا گرت، دوای ئەویش کەوتە دەستی مەلیکی ئیلامی شهللك - ئەنشنك (١١٦٥-١١٥١ پ.ز) یانی پاش دە سەدە لە بنیاتنانی شاری ئەربخا . بۆیە بەدوور دەزانێت، کە لەسەر دەستی ئاشورییەکان بنیاتنرابێت، بۆ ئەمەش بگەڕێوە بۆ بنچینەی ناوی کەرکووك، مامۆستا تۆفیق وەهبی، رۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە (٣٤٤) هەینی ١٢-١١-١٩٩٩ ساڵی هەشتەم . (كركوك المدينة الضاحكة بالنور و النار) عونی داودی.

٧. ئەنسکلۆبیدیای دەزگای Microsoftی ئەمریکی، دوایین چاپ، ٢٠٠١.

٨. ئەنس یریشۆ، یورگن بیگ سیمونسن کێ؟ چۆن؟ بۆ؟ ل ١٠٧، چاپخانەی بوتیکن، دانیمارك، ١٩٩٢.

٩. ئەنسکلۆبیدیای عەرەبی جیهانی، بەرگی ١٩، دەزگای کاری ئەنسکلۆبیدیای چاپی بلاوکردنەوە، سعودییە، چاپی یەکەم، ١٩٩٦، ل٢١٤، (كركوك المدينة الضاحكة بالنورو النار)، عونی داودی، کە پێشکەش کۆڕی زانستی کرا، کە ناوەندی کەربەلا بۆ تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئامادەی کردبوو بە ناونیشانی (كركوك مدينة القوميات المتاخية)، لەندەن، لە ٢١-٢٢ تەموزی ٢٠٠١.

١٠. هەمان سەرچاوە.
١١. د.جەبار قادر، التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن،١٨٥٠-١٩٥٨.
١٢. مناظرة لهيئة عن المدينة كركوك، دانمارك، لە ٤-١٢-١٩٩٩، د.نوری طالبانی کە بۆ تویژینەوەی شاری کەرکووک و هەوڵەکانی بە عەرەبکردنی ڕێکخراوبوو.
١٣. محمد امين زكي بگ، دوو تەقەلای بێ سوود (محاولتان غير مجديتان)، چاپخانەی هەڵۆێست، لەندەن، ١٩٨٤، کە سەبح غالیب لێکۆڵیبووەوە و پێشکەشکرد.
١٤. شمس الدين سامى، قاموس الاعلام العثمانى، ١٣١٥-١٨٩٨ م، اسطنبول.
١٥. ئەنسکلۆبیدیای دانیمارکی، هەمان سەرچاوە.
١٦. محمود ملا عزت، دوائر الصراع و استراتيجية الانى القومى الكردي، ١٩٩٩، چاپی دووەم، سلێمانی.
١٧. على حسن المجيد، سكرتير مكتب الشمال لتنظيمات حزب البعث الحاكم فى العراق، شريط صوتى مسجل بصوت المذكور فى ١٥-٤-١٩٨٩، کە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ کەوتە دەست بزووتنەوەی سیاسی کورد و درا بە ئەمریکا وەك سەچاوەیەك بۆ جینۆسایدی میللەتی کورد.
١٨. خليل اسماعيل محمد، البعد القومى للتغيرات الادارية لمحافظة كركوك ١٩٧٧، حملات الانفال ضد الكرد منظمة Human Rights Watch لە ئەمریکا،چاپ و بڵاوکردنەوەی ساڵی ١٩٩٣.



# دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافیی شێوەزاری خانەقی لەنێو زمانی کوردیدا

نووسینی/ م.ی. ئومێد بەرزان برزۆ

ئەوەی لەبارەی دابەشکردنی دیالێکت و زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە دەستمان کەوتووە، یەکەم سەرچاوە (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسییە، کە لەساڵی (١٥٩٦ز)دا دانراوە، ڕەنگە کۆنترین لێکۆڵەری کورد بێت، کە باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە و بەسەر چوار دیالێکتدا دابەشیکردووە:-

١- کرمانج. ٢- کەڵهوڕ. ٣- لوڕ. ٤- گۆران.

بەڵام (مامۆستا تۆفیق وەهبی) بیروڕای (شەرەفخانی) شیکردۆتەوە، بەوەی دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەتایبەتی ئەو وتارەی کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەناوی (بنج و بناوانی زمانی کوردی) لە ساڵی (١٩٤١)دا بڵاوی کردۆتەوە.

پاشان لەساڵی (١٩٥١)دا پوختەی کارەکانی لەبارەی زارەکانی زمانی کوردی لە کتێبی (ئەشکەوتەکەی گەندۆك)دا بڵاوکردۆتەوە، بەمجۆرە:






**کرمانجی شمالی:** (شمال) ئەریڤان، قارس، ئەزرنجان، ئەرزرۆم، مەلاتیە، مەرعەش، ئەسکەندەرونە.

(جنوبی) گۆلی وان بەدرێژایی زێی گەورە، ڕووباری دیجلە.

**کرمانجی جنوبی:** (شمال) گۆلی وان، بەدرێژایی زێی گەورە، ڕووباری دیجلە.

(جنوب)کرماشان، خانەقین، ڕووباری دیجلە.

**لوڕی:** (شمال) سلتان اباد، دولت اباد، کرماشان، خانەقین، ڕووباری دیجلە.

(جنوب) شیراز، کازەرونە، نزیك خەلیجی فارس.

**گۆرانی:** لە خەتی سنە کرماشان بەرەو ڕۆژئاوا، لە هەندێ دێهاتی نزیك سنووری عێراق و ئێران قسەی پێدەکرێت.

**زازایی:** لە هەندێ ناوچەی ولایەتەکانی ئەرزروم، خەرپوت، بتلیس، دیاربەکردا قسەی پێدەکرێت.



مامۆستا کەریم زەند لە کتێبی (کورتەی جوگرافیای کوردستان) دا وتارێکی بەناوی (دابەشکردنی جوگرافی زمان) بڵاوکردۆتەوە و تێیدا زمانی کوردی دەکات بە سێ هەرێمەوە:-

**١- هەرێمی باکوور ـ کرمانجی ژووروو:-**

لەباشووری ئەرمنستانەوە تاوەکو هێلی باشووری دەریاچەی ئۆرمی ـ شنۆ ـ زاخۆ ـ قامیشلی، تاوەکو قوولگەی ئەسکەندەرونە.

ئەم کەرتە بریتییە لە:- ئوستانی لاچین ـ کوردستانی سوور ـ ڕووسیا، کوردستانی باکوور، کوردستانی خۆراوا ـ سوریە ـ دەڤەری ماکۆ، خۆی، سەڵماس، شارۆچکەی شنۆ.

**٢- هەرێمی ناوەند ـ کرمانجی ناوەند:-**

لەباشووری دەریاچەی ئورمییەوە ـ باشووری شنۆ، تاوەکو کرمانشا و خانەقین ـ کە بریتییە لە:-

دەڤەری شنۆولاجان، موکریان، ئەردەڵان، سۆران ـ هەولێر، بابان ـ سلێمانی، گەرمیان ـ بەشێوە و زاری کرمانجی ناڤەند ـ ناوەند دەدوێن.

**٣- هەرێمی باشوور ـ کرمانجی ژێروو:-**

لەهێڵی کرمانشا و خانەقینەوە بۆ سەر کەنداو ـ کە بریتییە لە :-

کرمانشا، خانەقین، مەندەلی، لوڕستان، لەکستان ئەم هەرێمە بە شێوازی کرمانجی ژێروو دەدوێن.

دکتۆر کەمال فوئاد زمانی کوردی بەسەر ئەم کۆمەڵە زارانەی خوارەوەدا دابەشکردووە:-

**١- کوردیی ڕۆژئاوایی یا کرمانجیی سەروو:-**

عفرینی، جەزیری، بۆتی، هەکاری، بادینی، بایەزیدی.

**٢- کوردیی ڕۆژهەڵاتی یا کرمانجیی خواروو:-**

سۆرانی، موکری، سلێمانی، سنەیی.

**٣- کوردیی باشوور:-**

کولیایی، کەلوڕی، پایراوەندی، لەکی، خانەقینی.

خانەقینی:- ناوچەی (خانەقین) لە کوردستانی عێراقدا.

**٤- گۆرانی و زازایی:-**

گۆرانی: هەورامی، کەنوولەیی، باجەلانی، گەهوارەیی، کاکەیی.

زازایی: ناوچەی دەرسیم، سیوەرەك، خەرپووت، بنگۆڵ لە کوردستانی تورکیا.

**٥- لوڕی: ئەبێت بە دوو بەشەوە:-**

لوڕی گەورە (بەختیاری):-

١- مامەسانی.

٢- کۆهگەلوویی.

لوڕی بچووك (فەیلی)یە.

**دکتۆرجەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا، بەمشێوەیە زمانی کوردی دابەشکردووە:-**

**ا- دوو شێوە بنچینەییەکە:-**

١- کرمانجیی ژووروو: ئەم شێوەیە زاراوەکانی بۆتانی و جزیرەیی و هەکاری و بادینانی و ئاشیتەیی و بایەزیدی دەگرێتەوە.

٢- کرمانجیی نێوەڕاست: ئەم شێوەیەش زاراوەکانی سلەیمانی و سنەیی ـ ئەردەلانی و کەرکوکی ـ گەرمیانی و هەولێری ـ سۆرانی و موکری و شارباژێری و پژدەری دەگرێتەوە.

**ب- دوو شێوە لاتەنیشتەکە:-**

١- کرمانجیی ژێروو: ئەمەش زاراوەکانی فەیلی و کرماشانی و لەکی و کەلهوری و خانەقینی و هێندێ لەو زاراوانە دەگرێتەوە، کە



بە شێوەی (لوڕی) دەدرێنە قەڵەم.

٢- کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ـ زازایی:-

زاراوەکانی گۆران ئەو زاراوانەن کە لە هەورامان و ناوچەی زەنگەنە و ناوچەی کاکەییەکان لە کەرکوك قسەی پێدەکرێ و بە زمانی (ماچۆ) واتا (دەڵێم) نێوی رۆیوە.

زاراوەکانی زازاش لە ناوچەکانی بین گۆڵ و ناوچەکانی ئەلەزیز (دێرسیم، خەرپوت، مەعدن) و ناوچەکانی دیاربەکر (قولب، هێنە، پیران، چێرمووك) و لە ئورفە (سیوێرەك) قسەیان پێدەکرێ.

**مەحەمەد ئەمین هەورامانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات بە سێ شێوەی سەرەکییەوە:-**

١- شێوەی کرمانجیی سەروو یان ژووروو: کە ناوچەکانی دیاربەکر و بەدلیس و ماردین و بۆتان و هەکاری ئاکرە و شێخان و پارێزگای دهۆك سەرپاکی بە زمانی کوردی بادینانی گفتوگۆ دەکەن.

٢- شێوەی کرمانجیی نێوەڕاست: کە ناوچەکانی موکریان و سۆران و پارێزگای سلێمانی و کەرکووك بە زمانی کوردی (سۆرانی) گفتوگۆ دەکەن.

٣- شێوەی کرمانجیی خواروو: کە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامانی عێراق و هەورامانی ئێران و لە نێوان کرماشان و سنە و پێنجوێن بەرەو خواروو (کوردستانی خواروو) بە زمانی کوردیی (گۆران) گفتوگۆ دەکەن.

بەنسبەت زاری گۆرانەوە دەتوانین بیکەین بە چەند وەچەزارێکی کەوە: هەورامانی، لوڕی، باجەلانی، زازایی.

زاری لوڕی ناوچەی لوڕستانی گەورە و بچووکی گرتۆتەوە، واتە: رێگای خانەقین-کرماشان کەوتۆتە لای سەروویەوە و خوارووەکەشی



بە درێژایی خاکی کوردستان درێژبووەتەوە.

**فوئاد حەمە خورشید بەم شێوەیە باسی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات:-**

١- دیالێکتی کرمانجیی باکوور: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی رۆژئاوا.

٢- دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست: موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی.

٣- دیالێکتی کرمانجیی باشوور: لوڕی ڕەسەن یا فەیلی، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ.

٤- دیالێکتی گۆران: گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا.

عەبدولحسن بەنی وەیس دەڵێ (شێوەی ئاخاوتن لە خانەقی و مەندەلیدا جگەلە هێندێك جیاوازی دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بە یەك شێوەی دابنێین و ئەم شێوەیە لەئەنجامدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر زاری گۆران، واتا دەتوانین بڵێین لقێکە لە زاری گۆران).

دەربارەی دابەشکردنی دیالێکت و زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافیی ئاخاوتنیان، چەند خاڵێك دەخەمەڕوو:-

١- دابەشکردنەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆتە بنچینەیەك بۆ هەموو لێکۆڵینەوەکانی تر، کە توێژەر و زمانەوانەکان پشتی پێدەبەستن لە سەرچاوەکاندا، واتە بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بواری زمان و دابەشکردنی شوێنی جوگرافیی زارەکانی زمانی کوردیدا دەنووسرێت.

٢- دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە رووی هەڵوەمەرجی جوگرافییەوە، دابەشکردنەکەی مامۆستا (فوئاد حەمە خورشید)



زۆر گونجاوە، کە بریتییە لە {دیالێکتی کرمانجی باکوور (ژووروو)، دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست (ناوەند)، دیالێکتی کرمانجیی باشوور (خواروو)، دیالێکتی گۆران}.

٣- شێوەزاری خانەقی سەر بە دیالێکتی کرمانجیی باشوورە (خوارووە)، کە بە شێوەی لوڕی دەدرێنە قەڵەم، هەروەکو (مامۆستا کەریم زەند و دکتۆر کەمال فوئاد و دکتۆر جەمال نەبەز) لەسەرچاوەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە، بەڵام عەبدولحسن بەنی وەیس لە سەرەتای باسەکەیدا شێوەی خانەقی و مەندەلی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر زاری گۆران، واتە لقێکە لە زاری گۆران، دیارە بەڕێزی بێئاگابووە لە دابەشکردنی دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، کە چەندین رۆشنبیر و زمانەوان ئاماژەیان پێداوە و سوودیان لە یەکتری وەرگرتووە.

**سەرچاوەکان:**

١- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، نوسخەی کوردی ـ هەژار، چاپکراوی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٣.

٢- تۆفیق وەهبی، بنچ و بناوانی زمانی کوردی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥-٦)، ١٩٤١.

٣- تۆفیق وەهبی، ئەشکەوتەکەی گەندۆك، و. بەکر دلێر، بەغدا، ١٩٥١.

٤- کەریم زەند، کورتەی جوگرافیای کوردستان، سلێمانی، ١٩٥٨.

٥- د.کەمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە (٤)، ١٩٧١.

٦- د.جمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە شاری بامبێرگ، ١٩٧٦.

٧- مەحەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١.

٨- فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی: حەمە کەریمی هەورامی، چاپخانەی افاق عربیە، بەغدا، ١٩٨٥.

٩- عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردکردنێکی سەرپێی نێوان زاری کرمانجیی خواروو و زاری خانەقی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٥)، ١٩٨٥.

١٠- ئومێد بەرزان برزۆ، رێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٦.




# کێ نووسینی داهێنا؟


نووسینی/ جیهاد عەبدوڵا ئەحمەد
و/ خالد مەحمود کەریم


یەکەمین مژدەکانی شارستانی نووسینە ؛ لێرەوە سەلماندنی ئەوەی کێ لەم داهێنانەدا دەستپێشخەرە و رووبەروو بوونەوەیەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە هەندێ لە دۆزینەوە نوێکانی بواری شوێنەوار وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، شتێکی ئاساییە، گەر تواناکانمان لەسەر پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردن لە میانی وشەی نوسراوەوە وەك بەخشینێکی خودایی بن، لەبەر ئەوە کە داهێنانی نووسین پێش نزیکەی (٣٣٠٠) ساڵ پێش زایین بایەخێکی گەورە لە دۆزینەوە و گەشەکردنی شارستانییەتی نوێدا هەیە لە میانی نووسینەوە، توانرا تۆمارە ئیدارییەکان بپارێزرێت و نامەکانیش بۆ شوێنگەلی دوور رەوانە بکرێت، کە ئەمە کارئاسانی بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە گەورەکان و ئابوورییەکان لە چوارچێوەی حکومەتێکی مەرکەزیدا رەخساند، هەروەها دەرگای لە ئاڵوگۆڕکردنی مەعریفە و ئەدەبیات لەنێوان نەوە جیاجیاکاندا کردەوە.

لە ماوەی پێنج هەزار و سێ سەد ساڵی رابردوودا سەرجەم شارستانییەت و کولتورە جیاوازەکان لە تەواوی دونیادا (٧٠٠) جۆری نووسینیان گەشەپێداوە، کە ئەمە بۆ خۆی هەمەرەنگییەکی سەیرە، زۆربەی ئەم فۆرمانە تایبەتمەندن بە چەشنێك ئەوانەی بەکاریانهێناوە نەیاتوانیوە لە فۆرمی تری نووسین تێبگەن.

شتێکی سەیر و رەنگە جێگەی باوەڕپێکردنیش نەبێت، کە زۆربەی ئەم فۆرمانە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان ماوەتەوە، زۆری



سرنجەکانیش بە درێژایی دوو هەزار ساڵی رابردوو بەرەو هند و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دەڕۆن، تاوەك ئێستا بە تەنها لەوێ زیاد لە (٢٠٠) فۆرمی نووسین ماوە، لەکاتێکدا زۆرترین رێژەی لەناوچوونی نووسینە کۆنەکان لە ئەوروپا و ئەمریکای ناوڕاستدایە، کە وەحشیگەرایی سەدەی شانزە زۆربەی نەریتە لۆکاڵییەکانی نووسینیان تیا سڕیوەتەوە، ئەگەر بە سیستەمە جۆراوجۆرەکانی نووسیندا بچینەوە و بگەڕێینەوە سەر بنچینەی سەرجەم ئەو نووسینانەی کە جیهان بە درێژایی مێژوو ناسیونی، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە لەبنچینەدا لە جۆراوجۆری نووسین سەرچاوەیان گرتووە، کە ئەوانەش ئەمانەن (هیروگلیفی میسری کۆن، بزماری کۆن لای سۆمەرییەکان لە عێراقدا، چینی کۆن و زاباتی کۆن لە ناوڕاستی مەکسیکدا).

ئێستا هیچ جۆرە فۆرمێکی نووسینمان نییە، کە لە زاباتییەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەروەها نووسینێکی راستەوخۆمان نییە بگەڕێتەوە سەر بزماری کۆن، باشترین پاشماوەکانی دونیای نووسراو نووسینی هیروگلیفی میسری کۆنە، کە سەرجەمی نووسینە عەرەبی و ئەوروپاییەکان و نووسینەکانی ناڕاستەوخۆ لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە و گەشەیان پێدراوە، هەرچی نووسینی یابانی و چینی و کۆری و ڤێتنامی نوێ هەیە لە نووسینی چینی کۆنەوە گەشەیانکردووە، لە نێو هەمووی ئەمانەدا تەنها نووسینێك بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك، کە شایستەی ئاماژە پێکردن بێت و ماوەتەوە نووسینی (چینییە)، کە تا ئێستاش بەو پیت و فۆرمانەوە کە دەگاتە (٥٠) هەزارێك توانیویەتی بۆ ماوەی زیاد لە چوار هەزار ساڵ تافیکردنەوەکانی رۆژگار ببڕێت، هەرچی پیتە رۆمانییە نوێکانیشە



کە لە رۆژئاوای ئەوروپادا کاری پێدەکرێت، زیاد لە هەر فۆرمێکی تری نووسین لەجیهاندا بەربڵاوە، دوای نووسینی (چینی) بە پلەی دووەم دێت لە بەکارهێناندا.

فۆرمە سەرەتاییەکانی نووسین وێنەیی بوو بۆ نمایشکردنی شتەکان، وێنە گەلێکی سادە و دروستکراویان بەکاردەهینا، پلە پلە لە میانی نمایشکردنی شتەکانەوە دەگۆڕێت بۆ گرێدان بە بینینەوە، دواتریش پلە پلە بۆ گرێدانی راستەوخۆ بە بینینەوە لە نێوان شت و هێماکەیدا و نووسینی هێمایی کە بۆ دەلالەت لە شتی مانا پێبەخشراو وەك هێمایەك بەکاردەهێنرا.

نووسینی میسری کۆن (هیروگلیفی) تێکەڵەیەك بوو لە هەردوو نووسینی وێنەیی و هێمایی، بەڵام گرفتی ئەم نووسینە خۆی لەوەدا ئەبینییەوە، کە بۆ هەر وشەیەکی نوێ پێویستی دەکرد کە هێمایەکی نوێ بەکاربهێنرێت، بۆیە هەر زوو بە نووسینێکی خاو بینراوە.

سەرەتا رەگەزە دەنگێکان بۆ ئاماژە بە ناوی کەسەکان و شوێنەکان بە وردی بەکاردەهێنران، کارێك بوو لە مامەڵە بازرگانییەکاندا بۆ چەسپاندن و دیاریکردنی ناوی ئەو کەسەی شمەکەکەی ناردووە و هەروەها بۆ کەسی ڕەوانە بۆکراو شوێن و ئاراستەی ئەو شمەکە پێویستبوو، ئەم هێما دەنگیانە و ئەو هێمایانەش کە بێ فۆرم بوون بە هۆی ئەو ناوە درێژانەوە، کە خەڵکی (٥) هەزار ساڵ لە پێش ئێستا راهاتووبوون بە کاری بهێنن پێویستبوون.

ئەو سیستەمە ئەبجەدییەی کە وشەکانی پێکهاتەیە کە لە کۆکردنەوەی پیتگەلێك یا هێماگەلێك کە دەربڕی دەنگی جیاجیا بە پیتی (٣٧٠٠) ساڵ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوڕاستدا گەشەپێدراوە،

دواتر ئەم سیستەمە بۆ نووسینی عەرەبی و هندی و دوای ئەوە یۆنانی و لەوێشەوە بۆ هەردوو نووسینی رۆمانی و سلاڤی، کە ئێستا لە ئەوروپادا بەکاردەهێنرێن و گوێزرایەوە، سەرەرای ئەو قۆناغە ئالۆزانەی کە سیستەمی نووسین لە میانی گەشەکردنیدا پیا گوزەری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا تێگەیشتنی ئاسانە، بەلاّم تاوەکو ئێستا گفتوگۆیەکی بەرفراوان هەیە لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە کام لەم چوار جۆرە نووسینە بنەڕەتییە ئەویتریان دەرکەوتووە؟؟

لە زۆر دەمێکەوە ئەو بڕوایە هەیە، کە نووسینی بزماری سەرەتایی هەموو نووسینەکانە، گوایە لەوێوە بۆ میسری کۆن و دواتریش بۆ نیمچە کیشوەری هند گوێزراوەتەوە، بەپێی بۆچونێك کە پەسەندکراوە و رەنگە ئەم بیرۆکەیە گواسترابێتەوە بۆ چین، کە پێدەچێت بە جۆرێکی سەربەخۆ دوای هەزار ساڵ لەو مێژووە گەشەی پێدرابێت، بەلاّم بەم دواییانە لە بواری شوێنەواریدا هەندێ دۆزینەوەی سرنجراکێش دەرکەوتوون، کە رەنگە ناچارمان بکەن، زۆریەك لە گریمانەکانمان لە بارەی شوێن و رۆژگاری دەستپێکردنی نووسینەوە بگۆرێن.

دۆزینەویەکی نوێ لە گۆڕستانێکی فیرعەونیدا لە باشووری میسر چەند پارچە نووسینێکی (هیرۆگلیفی) میسری دۆزراونەتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٣٢٥٠) پێش زایین، بەم چەشنە ئەم نووسینە بە (٥٠) تا (١٠٠) ساڵی دەکەوێتە پیش کۆنترین نووسین کە بزمارییە و تائێستا زانراوە ، لەم گۆڕستانەدا چەندین نەخش دۆزرانەتەوە، کە لەسەر ئێسك و عاج هەڵکۆڵراون یان بە مەرەکەبی رەش لە دەفری گۆزەییدا وێنەکێشراون، ئەم نەخشانە دەگەڕێتەوە



بۆ سەردەمی پاشایەکی نەناسراو کە ناوی (سکوربیون)ە و حوکمی شاری (پینیس)ی ونبووی کردووە، ئەو ئێسك و عاجانە بۆ ناساندنی ئەو سنوقانە بەکارهاتوون، کە یاوەری پاشابوون لە کۆچکردنیدا بۆ ئەو دونیا، کە ئەمە نەریتێکی فیرعەونی باو بووە ، شیکردنەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە سیستەمی نووسین ئەو کاتە هەڵگری هەندێ هێمای دەنگی کورتکردنەوە گەلێك بوون، ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەوان دەمێك لە پێش ئەو رۆژگارە کاری نووسینیان زانیوە و ئەمەش وامان لێدەکات دەرکەوتنی نووسینی هیرۆگلیفی بگەڕێنینەوە بۆ نزیکەی (٣٣٥٠ تا ٣٤٠٠) ساڵ پێش زایین.

دۆزینەوەیەکی تر هەیە، کە ناچاری بەخۆداچوونەوەی زیاترمان دەکات، بەلاّم ئەمجارەیان دەستنیشانکردنی شوناسی ئەوانەی نووسینی بزمارییان گەشەپێداوە، بێگومان پیتی ئەم دۆزینەوە دواییەی میسر (جیهان) هەموو خۆی بە قەرزارباری سۆمەرییەکان دەزانێ لە بارەی پێشکەشکردنیانەوە بۆ یەکەم سیستەمی نووسینی پێشکەوتوو، بەلاّم شیکردنەوەیەکی نوێ بۆ هەندێ بەڵگەی شۆینەواری و نەخشی ئەوە دەخەنەڕوو، کە سۆمەرییەکان تاوەکو تێپەڕینی (٢٠٠ ـ ٣٠٠) ساڵیش بەسەر پێشخستنی نووسینی بزماریدا لەم ناوچەدا بوونیان نەبووە، بۆیە داهێنەری راستەقینەی ئەم نووسینە نادیارە، لەبەر بوونی رووباری دیجلە سووك و ئاسان بە گەلە سەرەتایەکانی دیجلە ئەناسرێن، بەلاّم لە هەموو ئەو هەواڵە کە لە چینەوە هاتووە، دۆزینەوەکانی بواری شوێنەوار ئەوە دەرئەخەن، کە هەندێ هێمای چینی پێش (٧٥٠٠) ساڵ گەشەی پێدراوە، لە کاتێکدا هەندێکی تریان لە نێوان (٣٥٠٠) تا (٢٨٠٠) پێش زایینی بەو گەشەکردنەدا تێپەڕیوون، پێشتر کۆنترین دەقی چینی دەگەڕایەوە



دەوروبەری ساڵی (١٣٠٠) پ.ز، بەلاّم بەم زووانە لە ناوچەی رووباری زەرد دوو دەق دۆزرانەتەوە، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٢٥٠٠) ساڵ پ.ز، بەم چەشنە پرسیارەکە ئەوەیە ئایە چینیەکان نووسینیان پێشخست؟ ئایا بیرۆکەی نووسین لە رۆژهەلاّتەوە بەرەو رۆژئاوا گوێزراوەتەوە یان بەپێچەوانەوە؟ ئایا سەرەتای دەرکەوتنی یەکەمین خاڵەکانی شارستانییەت لە چینەوەیە نەك لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا؟ گریمانەی میسریەکانن کە نووسینی بزماریان داهێناوە، ئایە ئەمە بەو مانایە دێت، کە وشەی نووسراو لە کەنارەکانی نیلدا سەریهەڵداوە، نەك لە کەناری هەردوو رووباری دیجلە و فوراتدا؟ ئەی سەرەئەنجام دەکرێ نووسین وەك بەشداریکردنێکی ئەفریقی لە پێشخستنی شارستانییەتدا ئەژماربکەین؟ لەگەڵ هەموو ئەم پرسیارانەشدا کە هەڵگری کۆمەڵێك گومانە، شوێنەوارناسەکان وای دەبینن، کە پێشکەوتنێکی گەورە لە بارەی دیاریکردنی بنچینەیی نووسیندا کە یەکێکە لە نهێنییە نادیارەکانی سەرەتای شارستانییەت بەدیهاتووە.

**نووسەری ئەم بابەتە توێژەرێکی زانستییە لە ئوردن.**

**سەرچاوە/ گۆڤاری نزوی.**



# بیری مەشرووتەخوازی و لێکەوتەکانی سیستەمی سیاسی لەئێراندا

نووسینی/ م. هیوا غەفار عەلی

بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی سیاسی خاوەنی چەندین بیری سارێژکەر و دانسقەبووە وەك بەدیلێك جێگەی زۆر بیری کۆن و سواوی گرتووەتەوە، تەنانەت گۆڕانکاری بنەڕەتی و مەزنیشی لە کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووریدا خولقاندووە.

یەکێك لەو بیرە پڕ بەها و فرە رەهەندانەی کە دەمانەوێت تیشکی بخەینەسەر (بیری مەشرووتەخوازییە لەئێراندا)، لە راستیدا وشەکە لە رووی زمانەوانییەوە بە مانای مەرج دێت کە لە وشەی شارتی فەرەنسییەوە وەرگیراوە و زیاتر ئەم فکرەیەش لە تیۆری (پەیمانی کۆمەلاّیەتی)[1]ی (جان جاك رۆسۆ) وەرگیراوە، کە سەردەمانێکی زۆر بوو ئەوروپای خستبووە ناو گۆڕانێکی فکری و سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری قوڵەوە.

بە حوکمی ئەوەی شوێنی جوگرافی ئێران هەڵکەوتووە، کە شێوەی پردێکی وەرگرتووە لە نێوان کیشوەری ئاسیا و ئەوروپادا و نزیکی لە تورکیاوە وایکردووە بیری مەشرووتەخوازی کە سەرەتا لە ئەوروپادا سەریهەڵدا لە دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩)،

لەوێشەوە شۆڕبێتەوە ناو تورکیاوە لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا، کە ئاکامەکەی دروستبوونی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی دەستووری بوو، کە توانییان کەم تا زۆر گۆڕان لە شێوازی حوکم لە تورکیادا بکەن و شێوازێکی یاسایی پێ بدەن، لەو کۆمەڵانەش کۆمەڵەی (ئیتحادوتەرقی) و تورکەلاوەکان بوون، کە هەستان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ساڵی (١٩٠٨)، دوابەدوای ئەوەش وەك بزاوتێکی فکری و ژیاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا خزایە ناو ئێرانەوە، بەڵام هاتنە ناوەوەی ئەم بیرە بۆ ناو ئێران هەروا لەخۆرا نەبوو، بەڵکو چەندین فاکتەری دەرەوە و ناوەوە دەوریان بینی لە نەشونماکردن و جێگیربوونی بیرێکی بەم شێوەیە وە لە هەمووشی گرنگتر چەند لایەنێکی دیاربوو، کە ئاسانکاری زۆریان کرد بۆ بەئاکام گەیشتنی ئەم بیرە لەوانەش:

**یەکەم/** لە تاران کۆلێژی (داراالفنون) لە ساڵی (١٨٥١ز) دامەزرا، ئامانج لە دروستکردنی ئەم کۆلێژەش بۆ ئەوەبوو، کە فەرمانبەری زیرەك پێشکەش بە دەوڵەت بکات و جگە لەوەش کەسانی دبلۆماسیش پێبگەیەنێ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئەوروپا مامۆستایان دەهێنا بۆ وانە وتنەوە و چەند کەتێبێکیان دانا لەسەر ئەو زانستەی کە دەیان وتەوە، ئەمەش بوو بە یەکەم هۆکار بۆ بلاوبوونەوەی بیری نوێ لەئێراندا، تەنانەت حکومەت لەساڵی (١٨٥٨ز)دا (٤٢) دەرچووی نارد بۆ ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، تاوەکو مێشکیان زاخاو بدرێت بە بیروباوەڕی دیموکراسی رۆژئاوا.

**دووەم/** هەر لە کۆلێژی (دارالفنون) یەکەم ئاهەنگی (ماسۆنی)[2] لە تاران کرا، کە (میرزا ملکم خان) ئەو ئاهەنگەی پێکهێنا، کە لە پاریس خوێندنی تەواوکردبوو و ناوی ئاهەنگەکەش زیاتر بە ناوی



(خانووی بیرچوونەوە) بوو، ئەمەش ئاماژەبوو بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداری لەئاهەنگەدا دەکەن و نهێنییەکانی ئاهەنگەکە نەدرکێنن و باسی لێوەنەکەن، تاوەکو بە شاراوەیی بمێنێتەوە لەناو خۆیاندا و ئاشکرار نەبێت لای حکومەتی قاجار، ئەم ئاهەنگەش بوو بەهۆی بلاوبوونەوەی بیری ئەوروپی لەرۆژهەلاتدا، کە هەوڵیاندەدا بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی لەنێو خەڵکەکەدا بلاوبکەنەوە، کە بریتی بوو لە (ئازادی، یەکسانی، برایەتی)، دوای ئەوە (ناصرالدین شا) لەمە ئاگادار بوو و ترسێکی زۆری لێ نیشت، بۆیە فەرمانی کرد بە داخستنی و ناردنی (میرزا ملکم خان) بۆ دەرەوەی شار.

**سێیەم/** زیاتر لەوەوە دەست پێدەکات، کە یەکەم خەتی تەلەگراف بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٥٨ز) دەرکەوت، کە پسپۆری بەریتانی کاریان لێدەکرد و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی تیشکی شارستانی بەو دەوروبەرەدا بلاوبکاتەوە.

**چوارەم/** ئەوەبوو لە سەردەمی (ناصرالدین شا)دا رۆژنامەی هەفتانە دەرنەدەچوو، بەڵام دوای ئەوەی هەندێ لە ئێرانییەکان لە دەرەوە رۆژنامەیان دەردەکرد دژی حکومەت، کە دەیان ناردە ناوەوەی ئێران، بۆ نموونە رۆژنامەی (قانوون) کە میرزا ملکم بە هاوکاری لەگەڵ جەمالەدینی ئەفغانی لە لەندەندا دەریاندەکرد، ئەم رۆژنامانە کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو بۆ بلاوبوونەوەی بیری مەشرووتەخوازی لەئێراندا، تەنانەت ئەو رۆژنامانە زۆر بە توندی دژایەتی دەکرا لەلایەن حکومەتەوە، زۆرجار لەناو کەلوپەل و شتومەکی تر دەهێنرایە ناوەوەی ئێران، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی حەزی خەڵکی بۆی زۆر بێت و تامەزرۆی بن، دوای ئەوەی (ناصرالدین شا) کۆچی دوایی کرد، ئەم بیرە لەو کاتەی کوڕەکەی



(مظفرالدین شا) دەسەلاتی گرتەدەست بلاوبوویەوە.

**پێنجەم/** بێگومان ئەوەی شایەنی باسە و نابێت لە یادی بکەین، ئەویش هەلایسانی شۆڕشی ساڵی (١٩٠٥ز) بوو لە رووسیادا، کە (لینین) بەم شێوەیە لێی دەدوێت و دەڵێت (دوای شۆڕشەکەی رووسیا شۆڕشی دیموکراتی هەموو ئاسیای گرتەوە ـ تورکیا ـ ئێران ـ چین ...هتد).

(لینین) پێی وابوو سەرمایەداری جیهانی و شۆڕشی ساڵی (١٩٠٥ز) رووسیا هەوێنی بەگابوونی یەکجارەکی هەموو رۆژهەلاتە و سەدان چەوساوە و ورێنەی سەدە ناوەڕاستەکانیان خستووەتە لاوە و لە پێناو ژیانێکی نوێ و هێنانەکایەی دیموکراسی تێدەکۆشن، هەروەها باوەڕیوایە دوای دامرکانەوەی شۆڕش لە ڕووسیا زۆر لە سەرکردەکانی شۆڕش لە ژێر پاڵەپەستۆی حکومەت رووسیایان بەجێ هێشتووە و هاتوونەتە ناو ئێرانەوە، بۆ نموونە (نەریمان نەریمانۆف) لەو کاتەوە رابەرایەتی گەورەترین پارتی سیاسی دەکرد بە ناوی (پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی ئێران) لە ئازەربایجانی ئێران و باکوری کوردستانی خۆهەلاتدا، کە ئەم پارتە دەورێکی گەورەی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك دژ بە حکومەتی قاجار، ئەویش لە رێگەی ئەو بەیاننامانەی کە دەریاندەکرد.

لە راستیدا هەلومەرجی ناوخۆی ئێران زۆر لەباربوو بۆ بنج داکوتان و شینبوونی بیری مەشرووتەخوازی لە ئێراندا، بۆیە لێرەدا پێویست بەوە دەکات، کە بارودۆخی ناوخۆی ئێران شیبکەینەوە، بەر لە هاتنی ناوەوەی بیری مەشرووتەخوازی بۆ ئێران، بەمەش دەرخستنی بارودۆخی سیاسی ناوخۆی ئێران دەکەینە یەکەم وێستگەی باسەکەمان، بەشێوەیەك ئێران کەوتبووە ناو



تەنگەژەیەکی سیاسیی گەورەوە و شپرزەیی ئیداری باڵی کێشابوو بەسەر ناوچەکانی ئێراندا، کە (بنەماڵەی قاجار)[3] ئەوکات حوکمی ولاتیان دەکرد و شا ئاگای لە کاروباری نەبوو، کە چۆن بەڕێوەدەبرێت و چی دەکرێت، بەڵکو چاوی زیاتر لەسەر دابینکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی و دەست و پێوەندەکەی بوو و ئەوەندە گوێی بە کاروباری ولات نەدەدا، لەهەمان کاتدا شا خۆی بە سێبەری خوا دەزانی لەسەر زەوی، ئەم فکرەیەشی تێکەڵکردبوو لەگەڵ سیستەمی سیاسیدا، بەو جۆرەی کە ئیتر بەهیچ شێوەیەك کەس گومانی لە هەڵە و کەموکورتییەکانی شا نەبێت، هەروەك و پەندە کوردیەی لەناو کوردەواری خۆماندا بلاوەو دەڵێت (حاکمی عادل سێبەری خوایە)، بەم شێوەیە ئەبوایە وا تەماشای شا بکرێت، کە شیاوی ئەوە نییە، کە رەخنەی لێ بگیرێت و بخرێتە ناو بازنەی هەڵسەنگاندنەوە.

شانبەشانی ئەمەش پیاوانی ئایینی یاخود با بڵێین ئاخوندەکان ئەم شێوازی حوکم رانییەیان بە جلوبەرگی شەرعی رازاندبوویەوە، کە ئەوەندەی تر خۆڵیان کردبووە چاوی دانیشتوانی ئێرانەوە، کە نەوەکو بە بەرچاو روونییەوە راستییەکان ببینن و گەندەڵی و ناتەواوییەکان دەستنیشان بکەن.

تەنانەت ئەتوانین بڵێین چی شا و چی پیاوانی ئایینی لە ژێر رەشماڵی بیروباوەڕێکی ئایینی لەم شێوەیە گەلانی ئێرانیان بە زۆربەی چین و توێژەکانەوە دەچەوساندەوە و دووچاری ئێش و ئازارێکی فکری و نەتەوەییان کردبوون، بە جۆرێك کە رێگەیان نەدەدا هیچ دەنگێکی ئازاد و لایەنێکی فشار لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئێران بوونی هەبێت و بەرجەستەی داوا و خواستەکانی گەلانی

ئێران بکات و وەك چاودێرێك وابێت بە سەر سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە، تەنانەت هەموو ئیش و کارێکیان بە تەرازووی خۆیان پێوانە دەکرد و حسابیان بۆ هیچ تەیارێکی فکری جیاواز و دیموکراسیخواز نەدەکرد، هەروەك گەڕیدەی فەرەنسی بەناوبانگ (ویلمۆردن) لە کاتێکدا لە ساڵی (١٨٥٥ز)دا دێتە ئێران دەڵێت: (ئێرانییەکان لە بێئاگاییەکی کەم هاوتا و چەق بەستوویەکی بێ وێنە ژیان بەسەر دەبەن، کەس پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە و باسی لێوەناکات، ئەتوانرێ لە شارە مەزنەکاندا هەندێ رەخنەگران لە حکومەت و چەند کەسێ لەوانەی لە بارودۆخی وڵات ناڕازی و پەستن ببینرێتەوە، بەڵام ژمارەی ئەمانە ئەوەندە کەمن، کە شایەنی باسکردن و گرنگی پێدان نین)، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە شا ناصرالدین بۆ ماوەی سێ جار سەردانی ئەوروپای کردبوو، تەنانەت ئاگاشی لەو پێشکەوتنانە نەبوو، کە لە ئەوروپادا هەبوو، کەچی زۆر حەزی بەوە نەدەکرد، کە پێشکەوتن و دیموکراسی و دەستوور لە وڵاتەکەیدا بوونی هەبێت، بۆ نموونە لە وتەیەکیدا دەڵێت ( حەز دەکەم خزمەتکارەکانم نەزانن برۆکسل شارە یاخود (خس) ).

بەم شێوەیە دەیویست دانیشتوانی ئێران وەك کیسەڵ ئاسا هەمیشە لە ئاست هەر گۆڕانێك لە قاوغی خۆیان سەر دەرنەهێنن و لە هەموو شتێك بێئاگا بن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاخر و ئۆخری دەسەڵاتداریێتی خۆیدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی و ناوبانگی بنەماڵەکەی بپارێزێت، هەستا بە ئەنجامدانی چەند گۆڕانێك، لەوانەش دامەزراندنی (خانەی راوێژکاری کوبرا)، (هەیئەتی وەزیران)، دەزگای قانوونی بە ناوی (دەرباری ئەعزەم) پێکهێنا، لەمەشدا دەیویست دوو ئامانج بپێکێ، یەکێك لەوانە دامرکانەوەی



ناڕەزاییەکانی ناوخۆی ئێران بوو، دووەمیش بۆئەوەی وڵاتانی دەرەوەی پێ چەواشە بکات، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ببنەهۆی پڕکردنەوەی پێداویستییە سیاسی و یاساییەکانی زۆربەی دانیشتوانی ئێران و بەربەستێکی پتەو و قایم بن لە بەردەم هاتنە ناوەوەی شەپۆلی هزری مەشرووتەخوازی.

سەرەڕای ئەوەش چەند رووداوێکی گرنگ لە ئێران بوونی هەبوو، کە دەوری خۆیان بینی لە گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا، لەوانەش تیرۆرکردنی (جافەر ئاغای شوکاك) لەلایەن رژێمی قاجارەوە لە ساڵی (١٩٠٥ز) و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئایینی گەلی کورد و حەز و ئارەزووی سروشتی گەلی کورد بۆ دیموکراسی وای کردبوو ناڕەزایی لە ناو گەلی کورد بە گشتی و عەشیرەتی شوکاك بە تایبەتی کڵپە بسێنێ، بە چەشنێك (د. قاسملۆ) لەم بارەیەوە دەڵێت (لە ساڵی ١٩٠٥ زدا عەشیرەتی شوکاك بۆ خود موختاری راپەڕین).

تەنانەت لەو کاتەدا جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی ئێرانی وردە وردە بەرەو کامڵ بوون و دەرکەوتن هەنگاوی دەنا، ئەگەر لە بارودۆخی ئابووریی ئێران بدوێین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئێران خاوەن ژێرخانێکی ئابووری لاوازبوو، بەشێوەیەك هەموو داهات و دەسکەوتێکی وڵات بۆ کەیف و خۆشی و رابواردنی خۆیان خەرجیان دەکرد، لەلایەکی تریشەوە پارەیەکی زۆریان بە فیڕۆ دەدا لە برەودان بە جەنگ لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا بە تایبەتی وڵاتانی عوسمانی و رووس، تەنانەت لە حاڵەتی پەیمانبەستنیشدا کە دەرئەنجامەکەی جەنگ بوو، وڵاتی ئێران تووشی لە دەستچوونی دارایی و لە دەستدانی ناوچەی گرنگ دەبوونەوە، بۆ نموونە وەك پەیماننامەی گوڵستانی نێوان ئێران و رووسیا کە لە ساڵی (١٨١٣ز) لە سەری



پێکهاتن بە زەرەری ئێران کەوتەوە.

هەروەها دەسەڵاتدارانی قاجار هیچ بایەخێکیان بە لایەنی کشتوکاڵی نەدەدا، چ وەك راکێشانی جۆگەی ئاودێری و هەروەها چاککردنی رێگاوبان لە ناوچە دوورە دەستەکان، بۆئەوەی جوتیاران بە شێوازێکی ئاسان و بە تێچوونێکی کەم بەرهەمەکانیان بگەیەننە دەست بە کاربەر لە بازاڕدا، هەروەك مامۆستا (پاولویچ) لەم بارەیەوە دەڵێت (ژیان لە ئێران هەروەك دواکەوتووەکانی تری رۆژهەڵات دەبینرا، مانەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی عەشیرەتە کۆچەرەکان و نەبوونی رێگای ئاسنین و کارگە و پرۆلیتاریای پیشەسازی کە خودانی هۆشی چینایەتی بێت، بەڵام ئەم بارە زۆری نەخایاند، دارمانی ئابووریی سروشتی لادێ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان و رووکردنە سەرمایەی بیانی بۆ ئێران و دەرکەوتنی پەیوەندیی نوێی بازاڕ، ئاکامی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە وشیاری و بێداری گەلانی ئێران بوو، بە چەشنێك لە خەونێکی درێژ خایەن راپەڕین و خوێنێکی گەش و نوێ بە شادەماری کۆمەڵگادا کەوتە گوزەر).

بەم جۆرە بەهۆی دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا و رەنگدانەوەی دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا، وایکرد ژمارەی دانیشتوان لە ئێران زۆر بێت و شارەکانیشی گەورەبوون بە خۆیانەوە ببینن، ئەویش لە رێگەی داهێنان و ئامێرە میکانیکییەکانییەوە بوو، بە چەشنێك کۆمەڵزانی ئەمریکی ( ولیام ئۆگبێرن) دەڵێت (گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئاکامی ئەو داهێنان و دۆزینەوە زانستییە نوێیانەوە دێتەکایەوە، کە دەچنە کۆڕی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و



دانیشتوان و خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی دیکەوە)، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا خاوەن پیشەکان لە ئێراندا بەهۆی هاتنە ناوەوەی شمەك و کاڵای دروستکراوی بیانی بە نرخێکی هەرزان و بە شێوازێکی باشتر، وای لێکردبوون بێزار ببن و دەستەوەستان بووەستن لە کارەکەیان و تەنانەت ساردبوون بە پیشەکەیانەوە دیاربوو، هاوکات راستە بازرگانەکانیش بەرەو پێشەوەچوونێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سانسۆرێکی زۆریان خرابوویە سەر لە لایەن دەوڵەتەوە لە رووی باج دانان و توندوتیژی نواندن لە روویاندا.

بەڵام بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانکارییە زۆرەوە، کە شۆڕشی پیشەسازی هێنابوویە ناو ئێرانەوە، وای کردبوو دانیشتوانی ئێران پێویستییەکی زۆریان بە خزمەتگوزاری هەبێت، ئەمەش قورساییەکی دارایی زۆری خستبووە سەرشانی دەوڵەت بەرامبەر بەمەش دەوڵەت باجێکی زۆری خستبووە سەر دانیشتوان بە تایبەتی جوتیاران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داهاتی دەوڵەت بەشی پێداویستییەکانی وڵاتی نەدەکرد، لەم هەلومەرجەشدا دیاردەیەکی دزێوی ئابووری بەرتیلخۆری سەری هەڵدا، کە بە شێوەیەکی زۆر بڵاو لە ناو دامودەزگاکانی وڵاتدا رەنگی دابوویەوە، کە کڕین و فرۆشتن بە گەورەترین پۆستی ئیدارییەوە لە وڵاتدا دەکرا.

بۆیە دەبینین دەوڵەت ناچاربوو پەنابەرێتەبەر قەرزکردن لە بازرگانانی ناوخۆ و دەرەوە، بە شێوەیەك کەمی داهات دەوڵەتی کردبووە نێچری بەردەم وڵاتە زلهێزەکانی وەك ئینگلیز و رووس، چونکە وڵاتە زلهێزەکان درکیان بەوە کردبوو، کە نەوت لە خوزستان دۆزراوەتەوە، هەریەکەیان هەوڵیاندەدا هەموو ئاسانکارییەك بکەن

بۆ دەوڵەتی ئێران، چ وەك دیاری و خەڵات بێت، کە پێشکەشی شاکانی بنەماڵەی قاجاریان دەکرد، یاخود دانی قەرزبوو، ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی بانقەکانیانەوە بوو بە تایبەتی بانقی (شاهەنشاهـ و استقراضی).

لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە دانیشتوانی ئێران دابەش بووبوون بەسەر چەندین چین و توێژی جۆراوجۆر و جیاوازەوە، کە بریتی بوون لە سێ چینی سەرەکی: چینی دەسەڵاتدار و چینی پیاوانی ئایینی و چینی زۆرینەی خەڵك، کاربەدەستانی دەوڵەتیش پێکهاتبوون لە دەست و پێوەندی شا و پیاوانی ئایینی، کە ئیمتیازات و هەموو مافێکی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتییان هەبوو، تەنانەت شاش لە زۆربەی ئیش و کارەکانیدا کەوتبووە ژێر کاریگەری و فشاری ئەم دوو چینەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا چینی زۆرینەی خەڵك کە پێکهاتبوون لە رۆشنبیران و خاوەن پیشەکانی تری وەك جوتیاران و کرێکاران، بێ بەری بوون لە هەموو مافێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو کەمە مافەش کە پێیان درابوو، تەنها لەو سۆنگەیەوە بوو، کە چینی دەسەڵاتدار بەرژەوەندی خۆی تێدا دەبینییەوە، سەرباری ئەوەش هەموو مەینەتی و ئازار و باج سەندنێك یەقەی چینی سێیەمی دەگرتەوە.

لەهەمان کاتدا دەوڵەت دووکاری زۆر گرنگی کۆمەڵایەتی پشت گوێ خستبوو، کە بە تەواوی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێرانی دووچاری دواکەوتن و هەلومەرجێکی ناخۆش و ناهەموار کردبوو، بە شێوەیەك هەموو وزەیەکی گۆڕان و پێشکەوتنی لێ بڕیبوو، ئەوانیش کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی بینای تەندروستی بوون، بەم چەشنە کۆمەڵگای ئێرانی گیرۆدەی چەندین دەرد و



نەخۆشی کوشندەی کۆمەڵایەتی وەك (نەزانی و نەخوێندەواری و دزی و مردن) بووبوونەوە، هەموو ئەمانەش شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانی بچراندبوو.

بەڵام لەم بارودۆخەدا دانیشتوانی ئێران دەستەوەستان نەبوون، بەڵکو دەستیان کرد بە زیندووکردنەوەی دیاردەی بەست نشینی، کە دیاردەیەکی باوبوو لەو نەریتە کۆنانەی ئێرانییەکان، کە هەر لە سەردەمی دەوڵەتی صەفەوییەوە پەیرەو دەکرا، ماناکەشی ئەوەبوو کە خەڵکی بڕوات بۆ شوێنە دیارەکان وەك مزگەوتەکان وماڵی موجتەهیدەکان و کۆشکی شانشینەکان یان باڵوێزخانەکانی بیانی و گۆڕەپانی تۆپ هاویشتن یاخود وێستگەی گەیاندن، بۆئەوەی تیایدا ناڕەزایی و داواکارییەکانی خۆیان بەرامبەر بە حکومەت دەربڕن، بەلام لێرەدا حکومەت نەیدەتوانی دەستبەسەریان بکات، چونکە بە پێی عورفی وڵات حەقیان نەبوو لەم جۆرە شوێنانە پەلاماری پەنابەران بدەن، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا مەسەلەکە گۆڕا، نوێنەرانی شا ڕێگەیان بە خۆیاندا لەو جێگایانەدا گومان لێکراوان بگرن، تەنها لە باڵوێزلخانەکانی وڵاتانی بیانیدا بۆیان نەبوو بیانگرن، ئەمەش لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێت، کە باڵویزخانەکان پلە و پایەیەکی تایبەتی و نێودەوڵەتییان هەبێت و بەرپەرچ دانەوەی حکومەت بەرامبەر بە بەستنشینان، پێدەچێ بە گرانی بکەوتایەتەوە لەسەر حکومەتی ئێران لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، هەروەها هەر یەکێك لەو وڵاتانەش بەم حاڵەتە ناکۆك نەبوون، بەڵام بەستنشینات سەرەتا لەناو مزگەوتدا دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و باوەڕیش وایە ئەمەش لەوەوە سەری هەڵدابێت، کە حاکمی تاران فرمانی دا، کە بدوێت لە هەندێ بازرگان



و خاوەن دوکان، بەهۆی ئەو قازانجە زۆرەی بە خراپە لە بازرگانی شەکردا دەستیان کەوتبوو، ئەو مزگەوتەش کە تیایدا کۆبوونەوە مزگەوتی شابوو، بەڵام دوای ئەوەی لەو مزگەوتە دەرکران و چەند کەسێکیان لێ کوژرا و بریندرابوو، بەڵام هەر سووربوون لەسەر مانگرتەکەیان و رۆیشتن بۆ شاری (عبدالعظیم) و لەوێوە چەند داواکارییەکیان ئاراستەی حکومەت کرد، کە بەستنشینانەکانیش پێکهاتبوون لە خوێندکار و پیاوانی ئایینی و بازرگان و خاوەن دوکانەکان، کە داواکارییەکانیشیان بریتی بوو لە لابردنی (عین الدوله) لەسەر کار کە کوڕی (شا مظفرالدین) بوو و دانانی مەشرووتەخوازێك لە جێگەیدا و دانانی عەدالەت خانە و سزادانی ئەوانەی کە تۆمەتبارن بە کوشتنی زانایانی ئایینی، ئەم داوایانەشیان لە ڕێی سەفیری عوسمانی لەئێراندا بە وەزیری دەرەوەی ئێران دا، کە (مشیرالدوله) بوو، ئەویش داواکەیانی گەیاندە شای ئێران کە (مظفرالدین شا) بوو، هەرچەندە شا رەزامەندی دەربڕی لەسەری، بەڵام لە ژێر پاڵەپەستۆی دەست و پێوەندەکەیدا رازی بوونەکەی شا تەگەرەی تێکەوت، لە بەرامبەر ئەمەشدا مەشرووتەخوازان هەر بەردەوام بوون لەسەر درێژەدان بە مانگرتنەکەیان، بەڵام ئەم جارەیان گواستیانەوە بۆ مزگەوتی (ئادینە)، لێرەشدا وەك جارەکانی پێشوو حکومەت کەوتە گەمارۆدانی مزگەوت و ڕێگەی دا بە مانگرتووەکان بۆ هەر شوێنێکی تر دەرۆن ئازادن، بۆیە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە مەشرووتەخوازان بە تایبەتی پیاوانی ئایینی وەك (محمد طباطبائی و عبدالله بهبهائی و وتاربێژی بەناوبانگ جمال الدین ئەفغانی) رۆیشتن بۆ شاری (قوم) و ئەم شارەیان کرد بە سەنتەری بڵاوکردنەوەی بیری



مەشرووتەخوازی، بەڵام ئەم جارەیان هەندێك لە خاوەن دوکان و بازرگان و خوێندکار و پیاوانی ئایینی و کرێکار وایان بە باش زانی، کە ڕێڕەوی خۆیان بگۆڕن لەسەر مانگرتنەکە، بۆ ئەم مەبەستەش روویان کردە باڵوێزی بەریتانیا لە ئێراندا، لە بەرامبەر ئەمەشدا دەرفەتێکی لەباری بۆ وڵاتی بەریتانیا رەخساند، کە بەرەی دژ بە حکومەت لە چنگی خۆیدا راگرێ و لە کاتی پێویستدا بۆ بەچۆك داهێنانی دەوڵەتی مەرکەزیدا کەڵکیان لێوەربگرێ.

نابێت ئەو راستییەش لەیاد بکرێت، کە گواستنەوەی ناوەندی ئازادیخوازان بۆ ناو باڵوێزخانەکانی وڵاتی بیانی گۆڕانکارییەکی گەورەی لە هزری جەماوەری راپەڕیودا دروستکرد، هەربۆیە دەبینین سەید (هبةالدین) شارستانی لە یادەوەرییەکانیدا بەم جۆرە لێی دەدوێت و دەڵێت (پەنابردنی بازرگانەکان بۆ فەرمانبەری بەریتانی گۆڕانکارییەکی فکری و چاو روونییەکی رامیاری تازەی دروستکرد، چونکە ئەوان لەوەو پێش داوای دامەزراندنی ئەنجومەنی ((خانەی دادوەرییان)) دەکرد، بەڵام خێزانی باڵیۆزی بەریتانی بە ئەوانی راگەیاند، کە داواکارییەکانیان هیچ نرخێکی نییە وە ئەبێ ئامانجەکەیان لەوە فراوانتر و گرنگتر بێت، کە ئەویش (ئازادی و یەکسانی و راوێژکردنە)).

تەنانەت یەکێك لە رۆژنامەکانی ئەوکاتە بە ناوی (رۆژنامەی تایمز)ی بەریتانییەوە لە یەکێك لە ژمارەکانیدا بەم شێوەیە باس لە رووداوەکە دەکات و تیایدا دەڵێت ((مەشرووتەخوازان کە ژمارەیان خۆی لە (١٢) هەزار کەس دەدا، بینای کۆنسوڵخانەی بەریتانیایان پڕکردبوو لە هەڵدانی خێمە، کە شەو و رۆژیان لەوێ بەسەر دەبرد و قەرەباڵغییەکی زۆریان لەو شوێنەدا دروستکردبوو بە هەموو چین

و تویژەکانەوە وەك (بازرگانان و زانا و خاوەن پیشەکان و ... هتد)، بە جۆرێك زۆربەی دوکانەکانیان داخستبوو، سەرباری ئەوەش بەردەوام کۆبوونەوەیان دەکرد و خۆیان تەیاردەکرد، بۆئەوەی کاریگەری لەسەر باڵێوزی بەریتانیا دروستبکەن و لەوێشەوە بتوانن رژێمی حوکم بگۆڕن))، بەڵام ئەم کێشمەکێش و مشتومڕەی نێوان مەشرووتەخوازان لەلایەك و شا و دەست و پێوەندەکەی لەلایەکی ترەوە هەر بەردەوام بوو وە هەمیشە مەشرووتەخوازان پێداگرییان دەکرد لەسەر داواکارییەکانیان، بەڵام لەم ئان و ساتەدا مەشرووتەخوازان هەلێکی گەورەیان بۆ هاتەکایەوە، ئەویش ئەو بارە ئاڵۆزە بوو کە کەوتبووە نێوان (عین الدولە و محمد علی) کوڕانی شا مظفرالدینەوە لەسەر ئەوەی کامیان پلەوپایەی وەلی عەهید وەربگرێت، بۆ ئەمەش هەر یەکێك لەوان هەوڵیدەدا بۆئەوەی ئەو دەسەڵاتەی چنگ بکەوێت، بەڵام زیرەکی (محمد علی) لەوەدابوو، کە داوای لە شا (مظفرالدین)ی باوکی کرد، کە خواستەکانی مەشرووتەخوازان جێبەجێ بکات، تەنانەت شا مظفرالدین لەو کاتەدا کەوتبووە ژێر کاریگەریی باڵێوزی بەریتانیاوە لە بەرژەوەندی مەشروتەخوازاندا، بەڵام دوای ئەوە دەبینین شا مظفرالدین ملکەچی دەربڕی بۆ داواکاریی مەشرووتەخوازان، کە لەو ماوەیەدا داواکاریی مەشرووتەخوازانیش بەرفراوانتر ببوو، کە بریتی بوو لەمانەی خوارەوە:

١- گێڕانەوەی زانایانی موهاجیر بۆ تاران.

٢- دڵنیابوون لەوەی کەس بە بیانوو ناگیرێ و ئەشکەنجە نادرێ.

٣- پاراستنی ئاسایشی وڵات، چونکە ئەمڕۆ کەس خاوەنی ماڵ و گیانی خۆی نییە.



٤- دامەزراندنی عەدالەتخانە کە بازرگان و زانایان و خاوەن پیشەکانی تری تێیدا بەشداربن.

٥- بکوژانی زانایانی ئایینی بدرێن بە دادگا.

٦- دەرکردنی (عین الدولە) لەسەر کار.

جگە لەمانەش شا هەستا بە دانانی ئەنجومەنی شورای گەل، بەجۆرێك هەموو چین و توێژەکانی وڵات بەشدارییان تێداکرد، بەم شێوەیە ئەمانیش هەستان بە دانانی دەستوور لە ساڵی (١٩٠٦ز)، کە دەستوورەکەش زیاتر لەژێر کاریگەری دەستووری فەرەنسی و بەلجیکی نووسرابوویەوە، کە لە (٥١) ماددە پێکهاتبوو و زۆربەی بەندەکانی تەئکیدیان دەکردەوە لەسەر رامالینی یەکجارەکی حکومەتی زۆرداری و بنەبڕکردنی سیستەمی کۆنەپەرستی، لە ساڵی دواتردا توانرا پاشکۆی دەستووری بنچینەیی بە ئیمزا بگەیەنرێت، کە بەتەواوی نیزامی ئوتوکراتی پاشایەتی گۆڕی بۆ سیستەمی پاشایەتی دەستووری، کە پاشکۆی یاسای بنەڕەتیش بەم شێوەیە بوو: یەکسانی خەڵك لە بەرامبەر یاسادا، پاراستنی خەڵك و سەروەت و سامانیان، ئازادبوونی قەڵەم و بەیان (بە مەرجێك موخالیفی ئوسولی ئیسلام نەبێ) ، ئازادی چاپەمەنی و لێککۆبوونەوە و کۆڕبەستن دەستەبەرکرا، دادگا غەیرە مەزهەبییەکانیش لەتەنیشت حاکمانی شەرع دەست بەکار بوون.

بەم جۆرە شای ئێران وەك سێبەری خوا لەسەر زەوی نەما، دەسەڵاتی شا لەلایەن میللەتەوە سەرچاوەی دەگرت، دەسەڵاتیش ئەمانەتێکی خوایی بوو، کە لەلایەن میللەتەوە بە شا دەسپێردرا، تەنانەت دەستی شا لە دەستێوەردانی کاروباری وڵات کورت کرایەوە بە پێی قانوون (پادشا دەبوو پادشایەتی بکا نەك حکومەت).



دەسەڵاتی شا بەم شێوەیەی لێهات، شا لە بەرامبەر کارەکانی دەوڵەتدا هیچ لێپرسینەوەیەکی لەسەر نەبوو، فەرماندەی گشتیی هێزی نیزامی و راگەیاندنی شەڕ و پەیمانی ئاشتی لەدەستدا بوو، تەنانەت لەوەلانان و دانانی وەزیرەکانیش موختار بوو، لەهەمان کاتدا شا دەبوو لەسەر پاراستنی نیزامی مەشرووتەخوازی سوێند بخوا.

لەبارەی قانوونیشەوە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لەئێراندا بە مەزهەبی رەسمی ناسرا، هەروەها بۆ زانایانی ئایینی ماف و دەسەڵاتێکی بەربڵاو تەرخانکرا، هەیئەتێکی (٥) کەسی لە پیاوانی ئایینی پایەبەرز دەستنیشان کرا، ئەم هەیئەتە دەیتوانی هەموو ئەو قانوونانەی کە لەمەجلیسدا پەسەند دەکران، ئەگەر لەگەڵ یاسای شەرع نەگونجان بۆیان هەبوو رەتیان بکەنەوە.

هەروەها ئیزنی دابوون کە ئەنجومەنی ئەیالەت و ویلایەتەکان دابمەزرێن و پەیڕەونامەیەکیشیان هەبێت، کە چوارچێوەی دەسەڵاتەکان دیاری بکات، بەپێی ئەم یاسایەش ئێران دابەشکرا بەسەر چوار ئەیالەت (ئازەربایجان، خۆراسان، فارس و کرمان) و هەریەکەشیان نوێنەریان هەبوو لەپەرلەمان لەپایتەختدا، بەڵام ئەم یاسایە ناوچە کوردییەکانی نەگرتەوە و گەلی کورد لەم مافە بێ بەش کرابوو، لەدوایدا بوو بە خاڵێکی نیگەتیف لەسەر جوڵاندنەوەی مەشرووتەخوازان، چونکە لەگەڵ ئەو بەشداری کردنەی گەلی کورد پێك نەدەهاتەوە کە لە جوڵانەوەکەدا هەیانبوو، بەڵام زۆری نەخایاند، لەناکاو برینێکی گەورە لە جەستەی بیری مەشرووتەخوازیدا دەرکەوت، ئەمەش دوای ئەوە بوو، کە ( محمد علی) جێگەی باوکی گرتەوە و بوو بە شای ئێران و لەژێر فشاری



هەندێك لە پیاوانی ئایینی کە لەگەڵ دەستووری پێشوودا نەبوون هەڵخەڵتا و هانیاندا تاوەکو لەسەر کارەکانی پێشووی باوکی نەڕوات، چونکە پیاوانی بەتایبەتی (شێخ فضل الله نوری) بە دەستوورێکی مەلعوونیان دادەنا و تەنانەت دەیانگوت: مەجلس بیروباوەڕمان نابووت دەکات و بارودۆخی گشتی تێکدەدات، جگە لە ڕشتنی خوێن و سوکایەتی بە دینمان شتێکی دیکەمان بە نەسیب ناکات، تەنانەت (شێخ فضل الله نوری) دەڵێت (ئێمە باشترین و تەواوترین یاسای خوایمان لەبەردەستدایە، یاسای ئێمەی موسڵمانان یاسای ئیسلامە، ئەوانەی خەڵکی فەرمووده و ئیجتهادن پاراستن و بەڕێوەبردنەکەیان بە ئەستۆ گرتووە) ، بەمەش پڕوپاگەندەی بۆ مەشرووتەخوازی دەکرد، کە پیاوانی ئایینی رابەرایەتییان دەکات و لە بەرامبەر بیری مەشرووتەخوازیدا قووتیان کردبوویەوە.

بۆیە دەبینین (محمد علی شا) لە ساڵی (١٩٠٨ز) بە نووسراوێك فەرمانی دەرکرد، کە لەسەر مەجلیس پەشیمان بووتەوە، بەهۆی ئەوەی کە سەرپێچی ئیسلامە، بەڵام لە بەرامبەر ئەم پاشگەزبوونەوەی شادا، پەرچەکردارێکی بەرفراوان لەلایەن مەجلیس و زۆربەی دانیشتوانی شارەکانەوە دەستی پێکرد، بەجۆرێك (محمد علی شا) بە پشت ئەستووری بە ئینگلیز و رووس تۆپبارانی مەجلیسی کرد، بەرامبەر بەمە شارەکانی ئێران بەتەواوی شڵەژا و مەترسییەکی گەورە لەسەر دەسەڵاتەکەی شا دروستبوو، بەجۆرێك تەنها پایتەختی لەژێر دەسەڵاتدا مابوو، لەکاتێکدا عەشیرەتی بەختیاریی کورد بەتایبەتی و گەلانی ئێران بەگشتی دەورێکی گەورەیان بینی لە لاوازکردنی دەسەڵاتی شادا، بەڵام کە ئینگلیز و رووس بەم هەلومەرجەیان زانی، یاداشتێکیان ئاڕاستەی

شا کرد و لەو یاداشتەدا باسیان لەوەکردبوو (ماوەیەك لەمەوبەر بەڵێنی ئەوەت دابوو، کە بە گوێرەی داوا و خواستی میللەت هەڵسوکەوت بکەیت و کاروباری وڵات بە گوێرەی دەستوور بەڕێوەببەیت، تەنانەت بەرژەوەندیی ئینگلیز و رووسیش فەرهەم بکەیت، کەچی ئێستا پەشیمانی لە هەموو ئەمانە، لەهەمان کاتدا جەختیانیش لەوە کردەوە، ئەگەر هاتوو نەگەڕێتەوە سەر بەڵێنەکانی پێشووی ئەوا هەردوو دەوڵەت هیچ جۆرە پشتیوانییەکی لێ ناکەن و خۆیان بەدوور دەگرن لەو مەسەلانە، بەڵام ئەگەر بێت و لەسەر رێوشوێنی پێشوو کاروباری وڵات بەڕێوەببەیت، ئەوا هەردوو دەوڵەت ئامادەن بۆ هەرجۆرە پشتگیرییەکی دارایی). بەڵام دەبینین (محمد علی شا) رەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی کە ئامادەیە بەپێی دەستوور کاروباری وڵات بەڕێوە ببات، بەم شێوەیە بیری مەشرووتەخوازی وەك بڵێسەیەك وابوو، کە ئاگری بەردایە کوانووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتی ئێران بەتایبەتی، کە ئاکامەکەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەشرووتەخوازی بوو لەئێران لەساڵانی (١٩٠٥-١٩١١ز) دا، بە چەشنێك هاوکێشەی سیاسیی ئێرانی گۆڕی و ئێران ناچار بوو لەمەو بەدوا رێڕەوێکی سیاسیی نوێ بگرێتەبەر و مارئاسا کاژی یەك ساڵەی خۆی فڕێ بدات.

ئیتر لەمەو بەدوا پێویست نەبوو، کە لە زاناکان مۆڵەت وەربگرن و موجتەهیدەکانیش بە جلوبەرگی شەرعی بیرازێننەوە، هەروەها خوێندن لە حوجرە و حەوزەی عیلمییەی ئاخوندەکان ترازا و شێوەی نوێیان بەخۆوە گرت، کە زانکۆی نوێ و مۆدێرن جێگایان گرتەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان ئێران و وڵاتانی دەوروبەر و جیهانی لە هەموو رووەکانەوە پەرەی سەند، لە هەلومەرجێکی وادا



شتێکی ئاساییە، کە بازرگانی دەرەوەی ئێران پەرە بسێنێ و بە دوای خۆیدا کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگی وەك دامەزراندنی بانك و راکێشانی هێڵی ئاسنی بهێنێ، بەم جۆرەش لایەنی پیشەسازی بەرەو پێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەموو ئەم گۆڕانکارییانە کۆمەڵانی نائاگا و بێ خەبەر و دواکەوتووی وەکو ئێرانی سەدەی نۆزدەهەمی راچڵەکاند و خەبەری هێنانەوە و جلێکی نوێی پێ لەبەرکردن و رەوشی ئێرانی گۆڕی بەرەو هۆشیاری دەستووری سیاسی و ئایینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کەموکورتی و خەوشی تێدابوو، بەوەی کە نەیتوانی خواستی زۆربەی گەلانی ئێرانی بهێنێتەدی بەتایبەتی گەلی کورد، کە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و ئایینی گەلی کوردی پشت گوێ خستبوو، چونکە گەلی فارس رەوتی رووداوەکانی گۆڕی بە بەرژەوەندی خواستەکانی خۆی و مافی گەلانی تری ئێرانیان زەوت کردبوو، ئەمەش ناکۆکی لە نێوان لایەنگیرانی مەشرووتەخوازاندا خولقاند و هەوادارانی مەشرووتەخوازیش ئەمەیان بە هەل زانی و هەوڵیاندەدا لەم رێگەیەوە کاریگەرییەکانی بیری مەشرووتەخوازی لەوڵاتدا بسڕنەوە، بەڵام لەدواجاردا دەبینین هەموو ئەم ئاڵۆزییانە دەوریان بینی لە لاوازکردن و کاڵکردنەوەی دەسکەوتەکانی بیری مەشروتەخوازی لەئێراندا.



**پەراوێز:**

١- (پەیمانی کۆمەڵایەتی): بناغەدارترین و گرنگترین تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی (جان جاك رۆسۆ)ی رووناکبیری فەرەنسی بوو، کە تێیدا هاتووە نەخشەیەکی جوانی سەردەمە دێرینەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی کێشاوە، کە خاوەن هیچ قەوارەیەکی سیاسی و یاسایی ئەوتۆ نەبوون، ئەوەشی کە هەبووە لە چوارچێوەی خێڵدا تێپەڕیوە و سادە و ساکاربووە، تەنانەت سەرۆکێکی بەو شێوەیەشیان نەبووە، کە بتوانێت کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ بگەیەنێتە بن بەست و چارەسەریان بکات، بۆیە لەم تیۆرەدا باس لەوە دەکات، کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی وا پێویست دەکات کە کۆببنەوە و لەناو خۆیاندا شایەك هەڵبژێرن و بیکەن بە سەرۆکی خۆیان و هەموو دەسەڵاتێکی پێ بدەن، بە مەرجێك شا مافی هەموو دانیشتوان دابین بکات بەبێ جیاوازی و تەنانەت لە مەترسییەکانی ناوەوە و دەرەوە بیانپارێزێت.

٢- (ماسۆنی): جوڵانەوەیەکی فکری و سیاسیی سەهیۆنییە، کە لە سەدەی (١٢) زایینی لەبەریتانیادا سەریهەڵدا، جوڵانەوەکەش بەناوی دامەزرێنەکەیەوە ناونرا کە ناوی (فری ماسۆن) بوو، کە زیاتر کاری دەکرد بۆ بڵاوکردنەوە و خزمەتکردنی بیری سەهیۆنیەت، تەنانەت لە هەموو جیهاندا لق و پۆپی لێ بوویەوە بەتایبەتی لەفەرەنسادا، کە پێش شۆڕشی فەرەنسی دژایەتی زوڵم و زۆری رژێمی پاشایەتی دەکرد.

٣- (بنەماڵەی قاجار): لەو (٧) هۆزە تورکمانانەی مەغۆلی بوون، کە لەسەدەی (١٣)ی زایینیدا لە کاتی لەشکرکێشی و هێرشی (جەنگیزخان)دا لەناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو رووی خۆرئاوا کۆچیان



کردووە و وردە وردە لە سەرتاسەری ئێران و نێوان شام و سنووری ئەرمەنستان نیشتەجێ بوون و لە سەردەمی شا (عەباسی گەورەی صەفەوی) دا، زۆربەی پۆستە گرنگەکانی دەوڵەتی صەفەوییان بەڕێوە بردووە و دواتر بۆ ماوەی سەدە و نیوێك حوکمڕانی ئێرانیان کردووە، ئاغا محمد خانیش دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی بنەماڵەی قاجار بووە.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

١- جوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان: د.عەزیز شەمزینی.
٢- پەیمانی کۆمەڵایەتی: جان جاك رۆسۆ.
٣- کوردستان و ستراتیژی نێودەوڵەتان: حوسین مەدەنی.
٤- گەلی کورد و بزاڤی مەشرووتەخوازی لەئێران (١٩٠٥-١٩١١): یاسین سەردەشتی.
٥- مێژووی ئەردەڵان: مەستوورە کوردستانی.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

١. لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث: د. علي الوردي.
٢. دراسات في تأريخ ايران الحديث: د. كمال مظهر احمد.
٣. اضواء على حركات التسلل الشعوبي: احمد محمد المختار.
٤. تأريخ ايران السياسي بين ثورتين ١٩٠٦-١٩٧٩: د. أمال السبكي.

# کورتەباسێکی سەبارەت بەدیموکراسی

**وەرگێرانی لە فارسیەوە: هەڵکەوت وەلی**

هەندێك پێیان وایە، کە یۆنان سەرچاوەی دیموکراسییە، بەلاّم لەم وتارەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، بۆ راستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش پێوستە سەرچاوە و لانکەی دیموکراسی بناسین، بۆ ئەم کارەش وتارەکە لە دوو بەشدا کۆدەکەینەوە، ئەوانیش بریتین لە: دیموکراسیی کۆن و دیموکراسیی نویّ.

### یەکەم/ دیموکراسیی کۆن

تا ئەو شوێنەی مێژوو پێمان دەڵێت، لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینیدا (ئەنجومەنی راوێژ) لە شارستانیەتی سۆمەردا هەبووە، بوونی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە و نەبوونی پاشایەکی تاکرەو، خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەینێت، کە لەو سەردەمەدا جۆرێك لە ئازادی بوونی هەبووە، خەڵکی باوەڕیان بەگفتوگۆ و وتوێژ هەبوو، لە جیاتی ئەوەی فەرمانڕەوایەکی زۆردار و ستەمکار فەرمانڕەوایەتیان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش وایان بەباش زانیوە، کە هەموویان لەشوێنێکدا لە دەوری یەك کۆببنەوە و چارەسەرێك بۆ کێشە و گرفتەکانیان بدۆزنەوە.

نزیکەی (٦) شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا لە ولاّتی سۆمەردا چەند شارێکی سەربەخۆ پەیدابوون، لەناو هەریەکێك لەم



شارانەشدا (ئەنجومەنی شار) یان (ئەنجومەنی هاوشاری) دروستبوو، لەو سەردەمەدا وشەیەکی هاوواتای فەرمانڕەوای شار یان پاشا لەئارادا نەبوو، بەوتەی (جاکوبسۆن): لە دیموکراسی دەشتەکی (بەدەوی)دا لە سیستەمی دەوڵەت شاردا، دەسەلاّتی سیاسی بەتەواوی لەدەستی ئەنجومەنی گشتی شاردا بوو، هەروەها (بەشداری کردن لەکاروباری حکومەتدا دیسان پەیوەستبوو بەبەشێکی گەورەی کۆمەڵگاوە) دەسەلاّت و پێگەی (ئەنجومەنی شار) لەسەر بنەمای راوێژ و وتوێژ بووە و ئەمەش بەتەواوی مانای سنووردارکردن و لاوازکردنی دەسەلاّتی سیاسی ئەگەیەنێت، هیچ کاروبارێکی کۆمەلاّیتی نەدەبوو ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەبوو پێشتر بخرایە بەردەست ئەنجومەنی شار و بڕیاری لەسەر بدرایە، وتووێژ یەکێك بوو لە توخمە هەرەگرنگەکانی کەلتووری سۆمەری لە بەڕێوەبردندا، رەنگە یەکەمین فەرمانڕەوایان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هەڵبژێردرابێت، شایانی وتنە ئەنجومەنی شار باوەڕیان بەناوەندی بڕیاردان (مەرجەعیەت) هەبووە و سەلاّحیەتی دادوەریان هەبوو و کاریان پێدەکرد، واتە خەڵکی دادوەرەکانی هەڵدەبژارد، لەبەرئەوە دەسەلاّتی سیاسی دەسەلاّتێکی مەرکەزی نەبوو، بەڵکو دابەشکراو بوو، ئەنجومەنی شار توانیویەتی دەسەلاّت لە حوکمڕانان وەرگرێتەوە و لەسەر کاریان لابەرن.

یەکەمین دیموکراسی سۆمەرییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینددا بەرەو گەشەسەندن و بەهێزبوون هەنگاوی نا.

بونیاد و بنەمای ئەنجومەنی شار کاریگەرییەکی خێرای هەبوو لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە کەلتوری سۆمەری کاری تێکردبوون، دواتر لە کریت و شارەکانی فینیقی بەپێی گرتەی سۆمەری



ئەنجومەنی شار تێیاندا دامەزرا، لەم رێگەیشەوە کەنارەکانی ئاسیای بچووکی گرتەوە، بەم پێیە ولاّتە خود موختارەکانی ئایۆنی سوودیان لە ئەزموونی سیستەمی ئەنجومەنی شاری سۆمەرییەکان وەرگرت، لە کریت و لەئەنجامی درێژبوونەوە و بەردەوامبوونی رێباز و کەلتووری سۆمەری کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد لەلایەن نەتەوەیەکی ئاسیایەوە دروستبوو.

ئەم ژیارە ئاسیاویە پێگەی شارستانیەتی رۆژئاوای لە رۆژهەلاّتدا دامەزراند، بەجۆرێك کە مێژوونووسان بە(لانکەی ئازادیی رۆژئاوا)ی ناودەبەن، لێرەدا (گوردون چایلد) لەبارەی (رۆشنایی و تروسکای بەخشینی شارستانیەتی رۆژهەلاّت بەوەحشیگەری ئەوروپیەوە)، دەڵێت: شارەکانی کریت لە سەدەی نۆیەمی پ.ز دا (یاسای بنەڕەتییان) هەبووە، بەو پێیەی کە یەکێك لە یاسادانەرە گەورەکانی ئیسپارتە دەگاتە کریت و دوای دیراسەکردن و بیروڕاگۆڕینەوەیان لەگەڵ رۆشنبیرانی کریت دەستورێکیان سەبارەت بەیاسا بنەڕەتییەکانی ئیسپارتەوە دارشت، بۆ بەڕێوەبردن و رێکخستنی کاروبارەکانیان لە کریت (ئەنجومەنی پیران) و هەروەها (ئەنجومەنی گشتی)یان هەبوو، کە لە هەموو لایەنگرانی کریتی پێکهاتبوون.

ئەرستۆ دەنووسێت: ((کۆیلەکانی کریت هەموو ئەو مافانەیان هەیە، کە خاوەنەکانیان هەیە جگە لە چەك و وەرزش))، لەوە سەیرتر ئەو بەرهەمانەی لەو دوورگەیەدا بەرهەم دەهات کۆدەکرایەوە و بەسەر هەموو خەڵکی ناوچەکەدا دابەشدەکرا، خاوەندارێتی تاکەکەسیش جگە لەبوونی خانوویەك و باخچەیەك هیچی تر نەبوو، لە ئاسیای بچووك و دەوروبەری رووباری ئیجە



چەند شارێکی ئازاد لەسەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایینددا دروست دەبن و کەلتوری ئایۆنی پێکدەهێنن، ئەم کەلتورە بەشێوەیکی رەها پەیوەندی بەدەسەلاّتی سیاسییەوە نییە، زەین ئازاد دەبێت و عەقڵیش خۆی بەزانستەوە خەریك دەکات، جی باری (j.bury) دەڵێت: مێژووی زانستەکان و فەلسەفەی ئەوروپایی لەئایۆنیەوە سەرچاوەی گرتووە لە کەلتوری ئایۆنیدا، دەسەلاّتی سیاسی لە ئاستێکی بەرفراواندا لەنێوان دیموکراسی و ملهوڕیدا هەڵبەز و دابەز دەکات.

لەدەوروبەری ساڵی (٨١٣ پ.ز)دا قرتانجە واتە (شاری نویّ) لە ولاّتی تونسی ئێستادا بونیاد دەنرێت، لەم شارەدا دەسەلاّتی سیاسی لە دەستی چەند دامەزراوەیەکدایە:

١/ دەستەیەکی بەڕێوەبەری سەد و چوارکەسی، کە ئەندامەکانی هەڵدەبژێران.

٢/ (ئەنجومەنی پیران) لە ئەشرافەکان پێکدەهاتن.

٣/ (سەربازەکان) شیاوترین کەسیان بۆ ئەم کارە هەڵدەبژارد.

٤/ (نوێنەرەکان) واتە (نوێنەرانی دەرەوە) کە لە کارمەندانی دەوڵەت و سەرانی سوپا پێکهاتبوون، لە هەڵبژاردنی ئەمانەدا شایستەیی و سەروەت و سامان لەبەرچاودەگیرا.

٥/ (ئەنجومەنی گشتیی شار) دەسەلاّتی فراوانتربوو.

٦/ (دادوەرەکان) ئەمانەش بەڕێوەبردنی دادگاکانیان لەئەستۆدا بوو، دادگاش لە چەند دادوەرێك پێکدەهات.

دواجار موکرجی (mookeriji) مێژوونووس باس لە یەکەمین دیموکراسی و سیستەمی کۆماری لە شارەکانی پەنجاب و دۆڵی سەند لەسەدەی پێنجەمی پ.ز دەکات، دوای ئەو توێژینەوە مێژووییە، کە

پشت ئەستورە بەبۆچوونی لێکۆڵەرەوانی ئەم سێ سەدەیەی رابردوو، بەدیموکراسیی یۆنان دەگەین، کە زۆری لەبارەوە باسکراوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوانە دەبێت باوەڕ بەقسەکانی (Parkinson) پارکینسۆن بهێنرێت، کە دەڵێت: (ئەوانەی دەڵێن سەرچاوەی دیموکراسی لە یۆناندایە راست نییە)، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە یۆنانیەکان لەو بوارەدا بێئاگابووبن، هەر بەپێی قسەکانی پارکینسۆن خزمەتی یۆنانیەکان بەژیاری مرۆڤایەتی و داهێنان و پرۆژەکانیان زیاتر هی خۆیان نەبووە، بەڵکو هەر شتێکیان لەشوێنێکەوە وەرگرتووە، بەپێی سەلیقە و ئارەزووی خۆیان بەکاریان هێناوە و گەشەیان پێداوە.

لە پێش سۆلۆن لە ئاتن و لەسەدەی شەشەمی پێش زایینندا ئەنجومەنێکی مەرکەزی پێکهات، کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای دەکرد، ئەم ئەنجومەنە بەناوەندی چارەسەرکردن و پەیمانی کاروباری سیاسی دادەنرا و تیایدا دادوەرەکان و نوێنەرانی دەوڵەت هەڵدەبژێرا و یاساشی دادەنا، بەڵام کۆیلەکان کە ژمارەیان نزیکەی پێنج ئەوەندەی کەسانی ئازاد دەبوو، هەروەها سەر بەهیچ گرووپێك هەژمار نەدەکران و بێبەش بوون لەمافەکانیان، دوای گەشەکردنێکی خێرا ئەنجومەنی نەتەوەیی پێکهات و بڕیاردرا هەر کەسێکی ئازادیی ئاتنی دەتوانێت تیایدا بەشدار بێت و چاودێری کاروباری دەوڵەت بکات.

لەرۆمی کۆندا حکومەت سەرەتا پاشایی بوو، بەڵام لە ساڵی (٥١٠ پ.ز)دا لەو وڵاتەدا حکومەتێکی کۆماری پێکهات و نزیکەی پێنج سەدە بەردەوامی هەبوو، لەسەرەتادا لە جیاتی پاشایەك کۆنسوڵێکیان هەڵدەبژارد و لە ئەنجومەنی ئەو وڵاتەدا کە



ئەنجومەنی پیرانیان پێدەگوترا، تەنیا ئەوان مافی دەنگدانیان هەبوو، کێشمە کێشی نێوان ئەشراف و توێژەکانی تری کۆمەڵگە دوو سەدەی خایاند، دواجار ئەشرافەکان بەوە رازی بوون، کە چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە نوێنەر لەنێوان خۆیاندا هەڵبژێرن، بەم شێوەیە هێز و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە دەستی ئەشراف (ئەنجومەنی پیران) و کۆنسوڵەکاندا بوو، یاسادانانیش لەدەستی ئەنجومەنێکدا بوو بەناوی (ئەجومەنی نەتەوەیی)، ئەمانە کۆنسوڵەکانیشیان هەڵدەبژارد، لەئەنجامدا حکومەتی کۆماری رۆم بەهۆی زۆربوونی کۆیلایەتی و زۆربوون و بەرهێنان و دەست تێوەردانی بێوێنەی ئەشرافەکان لەکاروباری خەڵکدا بەشێوەیەکی خراپ و تورەیی توێژەکانی تری کۆمەڵگا وایان کرد بگۆڕێت بەرژێمێکی ئیمپراتۆری.

لێرە بەدواوە و تا ماوەیەکی دوور شێوەیەك لە دیموکراسی لە هیچ وڵاتێك بەدی ناکەین، تا ئەو کاتەی لەسەدەی دوازدەیەمی زایینیدا لە هەندێك لە شارەکانی ئەوروپادا جۆرێك لە دیموکراسی دێتە ئاراوە، ئەو ئەنجومەنانەی لەم شارانەدا پێکدەهێنرێت، سەرەتا لەشێوەی گروپ گروپدا دروست دەبن، بەڵام کەم کەم شێوەیەکی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێت، کێشمەکێشی نێوان پاپا و ئیمپراتۆرەکان دەورێکی باڵای لە بەکۆماریبوونی ئەم شارانەدا گێرا، ئەم کۆمارانەش ئەیانەوێت لاسایی رژێمی رۆم و یۆنان بکەنەوە، بەوەی کە خەڵکانی شار لەشوێنێکدا کۆدەبنەوە و ژمارەیەك بەناوی (بەرپرس یان نوێنەر) هەڵدەبژێرن و دەبنە نوێنەری سیاسیی شار و ئەم شارانەش خاوەنی هێزێکی سەربازین، هەروەها ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە، دەبێت یەلانی کەم خاوەنی خانوویەك بێت، ئیمپراتۆرەکان



بوونی ئەم شارە ئازادانەیان بەلاوە باشنەبوو، هەر بۆیە کۆماری میلان لەسەدەی دوازدەیەمدا دوای گەمارۆدانێکی قورس لەلایەن ئیپراتۆری ئەو سەردەمەوە داگیرکرا و بەفەرمانی خۆشی شارەکەیان لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد.

تۆوی دیموکراسی لەوڵاتی ئینگلیز لەسەدەی یازدەهەمدا دەچێنرێت، یەکەمین هەنگاو کێشمەکیشی نێوان پاشا و ئەشرافەکانە، کە نزیکەی چەند سەدەیکی خایاند، بەهۆی ئەم کێشمەکێشە درێژخایانەی نێوان پاشا و ئەشرافەکان دەسەڵاتی پاشا لاوازدەبێت و ئەشرافەکان دەسەڵاتیان زیاتردەبێت، بەسەرهەڵدانی چەند توێژێکی تر لەسەدەکانی نوێدا سەنگەرێکی نوێ بەرووویاندا دروست دەبێت، کە پاشا و ئەشرافەکان لەلایەك و توێژەکانی تری کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە، ئەم موبارەزەیە تائێستاش بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەیان هەیە.

ئەوەی لەمێژووی دیموکراسیدا فەرامۆش دەکرێت، بریتییە لەوەی کە بەدەستهێنانی ئازادی کارێکی تەدریجیە و یەکەمین هەنگاو لەم پێناوەدا رووخاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوی پاشا و کۆتایی هێنان بەحکومەتی رەهایە، یەکەمین توێژێك کە رووبەرووی پاشا دەبێتەوە، ئەو توێژەیە کە دەسەڵاتی پێکدەهێنێت و پشت ئەستورە بەداراییەکی جێگیر (ئەشرافی خاوەن زەوی)، دیسان یەکەمین مەدرەك و بەڵگەیەك لە ئەوروپا دەسەڵاتی پاشا سنورداردەکات، بەرهەم و ئەنجامی ئەو کێشمەکێشەی نێوان ئەشرافی ئینگلیزە لەپێناو مافەکانیان لەگەڵ پاشادا، جا لەبەر ئەوە ئەو مەدرەك و بەڵگانەیان ناو لێنا (بلاّوکراوەی گەورە) (ماگناکارتا)، کە لە ساڵی ١٢١٥ زایینیدا بەدەستهات، کە ئەبێت ئەوە بەیەکەمین (یاسای



سەرەکی) ئەوروپا و بنەمای ئازادییەکانی دوایی نەتەوەی ئینگلیز بزانرێت، کە بەتەدریجی بەرەو کامڵ بوون هەنگاوی نا، ئاشکرایە لەم بلاّوکراوەیەدا (نووسراوەدا) تەنیا ئەشرافەکان بەخاوەن ماف ناسران، لەبەرئەوە توێژەکانی تر نە خاوەن قسەکردن و نە خاوەن ئابوورییەکی بەرچاوبوون.

## دووەم/ دیموکراسیی نوێ

یەکەمین ئاواز و سروودی ئازادی لەسەدەکانی نوێدا لەلایەن فەیلەسوفە ئینگلیزییەکانەوە (١٦٣٢-١٧٤٠) دەست پێدەکات بەپێی تیۆری (جون لوك) حکومەت بەسەر سێ هێزی سەرەکیدا دابەشدەبیت:-

١-هێزی (عاقد)، بەرپرسی بەستنی پەیماننامەیە لەگەڵ وڵاتانی بیانی و راگەیاندنی جەنگ و گرێبەستی پەیمانی ئاشتیانەیە.

٢-دەسەڵاتی یاسادانان، کاروباری دانان و گۆرینی یاساکانە.

٣-دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، پێویستە ئەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی یاسادانان دایناوە جێبەجێی بکات.

دوابەدوای (جۆن لۆك) دەگەین بەفەیلەسوفی فەرەنسی (ڕۆسۆ) لەدایکبووی (١٧١٢-١٧٧٨):

رۆسۆ خاوەن بیروبۆچوونێکی رۆمانتیکییە و لەهەمان کاتدا بەباوکی دیموکراسی ناسراوە، بەڵام بیر و ئەندێشەکانی ڕۆسۆ وەك خەنجەرێکی دوو دەم وایە، لە هەردوو بواری دیکتاتوری و دیموکراسیدا بەکاریهێناوە، بیرەکانی بەبنەمای دیموکراسیی نۆی دادەنریت.

لەم کەین و بەینەدا بیرەکانی (مۆنتیسکۆ) کە دواتر لەبارەیەوە

دەدوێن زۆرترین و گەورەترین بەشی بەردەکەویت، لێرەوە بۆمان دەردەکەویت دانەری تیۆرێك بەتەنها گەیشتن نییە بەو بابەتە و گۆڕانی بەسەردا دیت، بەردی بناغەی تەلارەکە ئەو دایدەنێت، ئەوانی تر بەرەبەرە گەشەی پێ دەدەن، بەردی تری دەخەنەسەر، زۆرجاریش لەبناغەوە دەیگۆڕن و پاشان دیوار و سەقف و....... دیموکراسی بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕی، بەم بارە بەتەواوەتی لە سۆسیالیزیمدا پێچەوانە بوویەوە، چونکە (مارکس) بەبونیاتنەری سۆسیالیزم دادەنرێت، هەندێك لە تیۆرەکانی خەیاڵی و هەندێکیشیان تا ئەندازەیەك پراکتیکی بووە بۆ گەیشتن بەرێرەوی دیموکراسی، بەڵام کەسانێك ویستیان سۆسیالیزم بکەن بەواقیع و گەشەی پێ بدەن، لەئەنجامدا ئەفکار و ئەندێشەکانی مارکسیان بەئاقاریکی تردا برد و لەبواری دیکتاتۆریدا بەکاریانهینا.

وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد لە نووسین و ئەندێشە و ئەفکارەکانی ڕۆسۆدا سەبارەت بەدیموکراسی، دیکتاتۆری بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو نووسینانەیە، کە سەبارەت بەدیموکراسی و ئازادیی نووسیوینی، وا لێرەدا هەندێك لە وتە بەنرخەکانی دەخەینە روو:-

١- هەموو تاکەکانی مرۆڤ ئازادن و بەیەکسانی دروستبوون و هیچ یەکێك لەویتر گەورەتر نییە و مافی زاڵبوونی نییە بەسەر هاوڕەگەزەکانی خۆیدا .

٢- کەسێك کە دەست لە ئازادیی خۆی هەڵدەگرێت، دەستی لە تەواوی پلە و پایە و بەها و ماف و تەنانەت وەزیفەکانی مرۆڤایەتی هەڵگرتووە، کەسێك کە ئیرادەیەکی ئازادی نەبێت، هیچ مەسئولیەتێکی ئەخلاقی نابێت.



٣- فەرمانڕەوا (حکومەت) بەشێوەیەکی ڕەها خاوەن بڕیار بێت و خەڵکیش (میللەت) بەتەواوەتی گوێ رایەڵ و ملکەچ بێت، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ناڕەوایە و پێچەوانەی هەموو پێوەرەکانی کار و مەنتقەوەیە.

٤- هەموو حکومەتێکی مەشروعی حکومەتێکی کۆمارییە.

٥- هیچ کەسێك بەئارەزوو و ویستی خۆی تەسلیمی زۆر نابێت، بەڵکو قبوڵکردنی زۆر یان زۆرداری لە ناچاریدا یان بەهۆی خۆپاراستنەوەیە.

٦- لەو وڵاتانەی کە ئازادی تیا بەرقەرارە، تەواوی هەوڵ و کۆششەکانی لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، لەکاتێکدا لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا ئەم بارە بەتەواوەتی پێچەوانەیە، هەرچەندە هێز و توانای خەڵکی کەمبێتەوە، بەڵام دەسەلاتی حکومەت زیاد دەکات، بەواتایەکی تر حکومەتە دییکتاتۆرییەکان لەجیاتی ئەوەی هەوڵی خۆشگوزەرانی میللەت بدەن، میللەت بێهێز و لاواز دەکەن، بۆئەوەی بتوانن حوکمڕانی بکەن.

٧- یەکێك لە کەموکوڕی و نەنگییە هەرە گەورەکانی حکومەتی پاشایی، کە ئیمکانی وازلێهینان نییە، ئەوەیە کە پیاوان و بەرپرسانی حکومەتی پاشایی کەسانێکی فێڵباز و خراپەکار و نارۆشنبیرن، لە کاتێکدا حکومەتی جمهوری (کۆماری) کەسانێك پلەوپایە وەردەگرن، کە شیاو بن و بتوان خزمەت بەخەڵکی بکەن.

٨- کۆیلە و کۆیلایەتی لەگەڵ مافدا دوو وشەی لێکجیاوازن، جێگیرکردنی یەکێکیان تەرککردن و نەفیکردنی ئەوی دیکەیە.

٩- ئەگەر بمانتوانایە مەوهیبەتی یەکسانی و عەدالەتمان



راستەوخۆ لە سەرچاوەی بەخشندەیی خوداوە وەربگرتایە، ئەو کات نەپێویستیمان بەیاسا و نە بەحکومەت دەبوو.

١٠- ئەو پاشایانەی کە لەمێژوودا بەهۆی خزمەت و لێهاتوویی خۆیانەوە ناوبانگیان هەبووە، کەسانێك بوون بۆ پاشایەتی پەروەردە نەکرابوون، زانستی پاشایەتی زانستێکە هەرچەندە شتی لەبارەوە بخوێنرێت، کەمتری لەبارەوە فێردەبن، کەواتە لەدەرباری دیکتاتۆرەکاندا تەنها مەکر و حیلە فەرمانڕەوایە، دارودەستەکانی پاشا (دیکتاتۆر) دەبووایە بەجۆریك رەفتار و مامەڵەیان بکردایە کە ئەوان دەیانەوێت، نەوەك ئەوانەی کە خۆیان هەن، لە لایەکی ترەوە ئیسلوب و شێوەی پەروەردەکردنی بنەماڵەی پاشاکان بێگومان رۆڵێکی ئێجگار کاریگەرییان هەبوو لە گۆڕینی رەفتار و خراپ مامەڵە کردنیاندا.

١١- هەرکاتێك حکومەت بەشێوەیەك لەشێوەکان بەدیکتاتۆریەوە خۆی دابەستووبێت، ئەو کات بەرەو نەمان دەچیت و هەرەس دێنێت.

١٢- لەیۆناندا میللەت (خەڵك) خۆیان کارەکانیان ئەنجامدەدا، چاوبرسی و چڵیس نەبوون، هەروەها بیریان تەنها لە ئازادی دەکردەوە، بەڵام میللەتێك حکومەتەکەی دیکتاتۆر بێت، پێویستی و حەزی زیاتری لە پارە و سامان و سەروەت بێت وەك لە ئازادی، ترس و غەمی لە هەژاری زیاتر بێت، وەك لە کۆیلایەتی ئیدی چۆن بەو مافانە دەگەن؟ لەرۆمدا ئەو کاتانەی کە دیکتاتۆرێك (پاشایەك) هەڵدەبژێردرا زیاتر لە شەش مانگ لەسەر کارەکەی نەدەمایەوە، زۆربەیان پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیە لە کارەکانیان دەبەخشران، چونکە ئەوان تەنها دەرفەتی ئەوەیان هەبوو، بەو کارە تایبەتییەوە



خەریك بن، کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردراون و بواری ئەوەیان نەبوو، کە بیر لەلایەن و مەبەستێکی تر بکەنەوە، پێویستە ئەوەش بگوترێت، دیکتاتورەکان هەمیشە لەشەواندا هەڵدەبژێران، وەك بڵێی بەرووناکی شەرمەزاردەبوون!

١٣- عەقیدە و بیروباوەڕ و چۆنیەتی بیرکردنەوەی هەر میللەتێك زادەی ئەو دامەزراو و رێکخراوە سیاسیانەیە کە تێیدایە.

لەم وتارەدا کە سەبارەت بەئازادی و دیموکراسییە، ناتوانرێت بەشێوەیەکی هەمەلایەنە باس لە تێورەکانی ڕۆسۆ بکەین، کە بەسەرچاوەی دیموکراسی دادەنرێن، ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین، ڕۆسۆ باوەڕی بەئیرادەی گشتی هەبوو، لەبەرئەوە ئیرادەی گشتی بەبنەمای دیموکراسی دەزا نێت.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی بیر و ئەندێشەکانی ڕۆسۆ، باوەڕبوونە بە"دیمو کراسیی راستەوخۆ"، هەڵبەتە ئەگەر دیموکراسی یەکسەر پراکتیزە دەکرا، ئەوکاتە دەبووە باشترین جۆری دیموکراسی، بەڵام گرفتی سەرەکی لە پراکتیزە نەکردنیدایە، جگەلە وڵاتانی وەك: (چین و هندستان)، چۆن دەتوانرێت، بۆ نموونە لە فەرەنسا و بریتانیا بۆ دانانی هەر یاسایەك هەموو خەڵکی کۆببنەوە، ئایا مومکینی ئەوە هەیە، کە دانیشتوان هەموویان لەشوێنێکدا کۆببنەوە و سەرۆك وەزیر یان وەزیری بەرگری و وەزیری تەندروستی ......هتد بێ بیرکردنەوە هەڵبژێرن، لەوەی کە هەریەك لەمانە پێوستییان بەلێهاتوویی و پسپۆری هەیە . ئەم هەڵە ئاشکرا و بەرچاوانەی فەیلەسوفان و زیدە رەویان لەو مەسەلانە، لەئەنجامی بلیمەتی و هەڵکەوتوویی ئەو بیریارانەوەیە، زۆرجار تووشی هەڵەی دیاریش بوون، سەرەڕای

ئەمانەش هەندێك لە بیریاران بەپیرۆز و رابەر باسیان لێوەدەكرێت، وەك ماركس كەچی ڕۆسۆی بێنەوا لەم پیرۆز راگرتنەدا بێبەشكراوە، لەلایەكیشەوە ئەمە بەرەوا دەزانین، چونكە ڕۆسۆ لەكۆتاییدا بەپراكتیزەنەكردنی تێۆرەكانی دەزانێت و لەم رووەوە دەنووسێت: ((دیموكراسیی واقعی تەنها شایستەی فریشتەكانە، لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەكاتەوە، كە ئایا پەیمانی كۆمەڵایەتی بۆ فریشتەكان نووسیووە یان بۆ مرۆڤ؟ خاڵێكی گرنگتر: ئەم بیركردنەوە سادەیە بەرهەمی بێئاگایی ڕۆسۆ نییە، بەڵكو بەرهەم و ئەنجامی راستەوخۆی تێفكرینەكانیەتی، لەبەرئەوەی دەست و پێوەندەكانی حكومەت لە تەواوی تاكەكانی میللەت پیكهاتووە، كەواتە نابێت داوای ئەوەی لێ بكرێت، كە زامنی لایەنگرەكانی بكات، بەوەی كە زیانیان پێ نەگەیەنێت، لەراستیدا ئەمەش مومكین نییە، بەواتایەكی تر: لەبەرئەوەی دەست و پێوەندەكانی حكومەت بەپێی بنەمای پەیمانی كۆمەڵایەتی پێكهێنراون، هەمووكات بێ كێشە و كەموكورتین.

یەكەمین پەیمانێك كە لە زەینی فەیلەسوفدا دەچەسپێت، هەمیشە گومان لەوە دەكات، كە ئەو پەیمانە باشترین جۆری پەیمانەكانە، دواجار بەراست و بێ كەموكورتی دەزانێت، بۆیە فەیلەسوف لەوە دیقەت نادات و ئەو عەیب و كەموكورتییانەی دەخاتە پاڵ پاشا، ئەمەش لە یەكەمین رۆژی پاشایەتییەوە لە نێو چاوانیدا نەنووسراوە، بەڵكو زنجیرەیەك هۆكاری كۆمەڵایەتی لەگەڵ هەندێ هۆكاری كەسی (شخصی) وادەكات بەو عەیب و كەموكورتییانەوە تێوەگلێ، كەڵەكە بوونی ئەو هەموو هۆكارانەش وا لە هەموو كەسێك دەكات بەهەمان حاڵەتەوە موبتەلا بێت، ئینجا



كەسێكی ئاسایی، پاشا، سەرۆك كۆمار تەنانەت سكرتێری حیزبێكیش بێت.

ناوبانگی ڕۆسۆ وەك فەیلەسوفێكی رۆمانتیكی و هەروەها مافی باوكیەتی بەسەر دیموكراسییەوە، نابێت تیۆرە بەنرخەكانی سەبارەت بەسۆسیالیزم بێ بایەخ سەیربكرێت، هەرچەندە لە بیر و ئەندێشەكانی ڕۆسۆدا بەهیچ شێوەیەك زاراوەی سۆسیالیزم بەكارنەهاتووە و تەنها بەخستنەڕووی عەیب و كەموكورتییەكانی خاوەنداریێتی و تاكڕەوی و لە هەمووشیان گرنگتر بەجیاوازی چینایەتییەوە خۆی خەریك كردووە، لەبەرئەوەی باسەكەمان لەبارەی دیموكراسییەوەیە، بۆیە ناتوانین بەدرێژی لەبارەی سۆسیالیزمی ڕۆسۆوە بدوێن، لەبەرئەوە دیموكراسی و سۆسیالیزم بەواتای یەكسانی (عەدالەت)، كۆمەڵایەتی، پەیوەندییەكی قووڵیان لەنێواندا هەیە و تەواوكەری یەكترن، ناچار ئەم سێ خاڵە دەخەینە ڕوو:-

١- لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا، كاتێك سەرمایەداران دەسەڵاتیان كەوتە دەست، عەدالەتی كۆمەڵایەتیش فەرامۆش یان لەبیركرا، ئەم بارودۆخە لەوڵاتە سەرمایەدارەكانی تردا بەهەمان شێوە بەدی دەكرا، ماركس رەخنەیەكی زۆری لە سەرمایەداری گرت و خشتی بناغەی رووبەرووبوونەوەی ئەم تەلارەش (سەرمایەداری)یە ئەو داینا.

٢- لە ڕاڤەكردنی لینیندا بۆ ماركس مەسەلەی ئازادی یەكسەر فەرامۆشكراوە.

٣- سۆسیال دیموكراسی ئازادیی مرۆڤەكانی بەلاوە گرنگبوو، مەسەلەی ئازادبوونی جیهانی مرۆڤەكان لەلایەن ماركسەوە



بەشێوەیەكی پەیامی پرولیتاریا خرایە ڕوو، بەمەش نە تەنها ئازادی فرامۆشكرد، بەڵكو بەوەزیفە و كاری خۆی دەزانی بۆ كوشتنی تاكەكانی مرۆڤ چەك و تەقەمەنی دروست بكات.

ڕۆسۆ لە بەشێكی كتێبی (پەیمانی كومەڵایەتیدا) بۆ ئەگەری پەیدابوونی دیموكراسی چوار مەرجی داناوە:-

١- مەرجی یەكەم دەبێت دەوڵەتیكی زۆر بچووك بێت، هەرچەندە ئەو لەو باوەڕەدابوو، دەست نیشانكردن و هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ دانانی یاسا لەلایەن خەڵكەوە سەرپێچی دیموكراسییە لەحەقیقەتدا، لەبەرئەوە كۆمەلگا لە دوو بەش پێكدێت:- بەشێكیان بەڕێوەبەر (سەرۆك) و بەشەكەی تری فەرمانبەر، بەڵام بۆ چارەسەركردنی ئەم حاڵەتە پێویستە تەواوی خەڵكی كۆببنەوە و لە دانانی یاسادا بەشداری بكەن، ئەمەش گومانی تیدانییە، تەنها لەو وڵاتانەدا سەركەوتوو دەبێت، كە رووبەر و ژمارەی دنیشتوانی زۆر بچووك و كەم بێت.

٢- مەرجی دووەم بوونی ئەخلاق و دابونەرێتیكی سادە و ساكارە لەلایەن خەڵكەكەیەوە (دانیشتوانەكەیەوە).

٣- تا ئەو سنوورەی یەكسانی هەبێت لە پێگە (منصب) و سەروەت و ساماندا، چونكە بەبێ ئەوانە یەكسانی لە ماف و ئیمكانیاتدا ئەوەندە بەردەوامی نابێت، ڕۆسۆ دەیزانی كە یەكسانی تەواو لە سەروەت و ساماندا ناگونجێت، یان بەدی نایەت، لێرەدا رۆسۆ واقیع بینترە لە ماركس، چونكە دەڵێت تا ئەو سنوورە دەگونجێت.

٤- نەهێشتن یان بەلانی كەم كەمی لە (تەجەمول)، چونكە تەجەمول تا ئەندازەیەكی زۆر زۆری سەروەت و سامانە، لێرەدا ئەتوانرێت بوترێت دوو لەو مەرجانەی ڕۆسۆ دایناون بۆ گەیشتن



بەدیموكراسی سەبارەت بەرێكخستنی سەروەت و سامانە.

وەكو گوتمان ڕۆسۆ بەباوكی دیموكراسی دادەنرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەم باوكە وەكو هەموو باوكەكانی دیكە بەهەڵەدا چووە و دواتر كەسانی بەتوانا هەوڵی راستكردنەوە و رێكخستنی هەندێك لە زاراوە و تێورەكانی داوە، بۆ نموونە:-

١- لە جیاتی ئیرادەی گشتی ڕۆسۆ (ئیرادەی هەمووان)ی بەكارهێناوە، ئەمەش دواجار لە پراكتیزەكردنیدا گۆڕا و بوو بەئیرادەی زۆرینە، بەمەرجێك مافی كەمینەكان تێدا پارێزراو بێت.

٢- ڕۆسۆ باوەڕی بەدابەشكردنی دەسەڵاتی حكومەت نەبوو، بەڵام (مۆنتیسكیۆ) هەوڵی چارە سەركردنی ئەو كەموكورتییانەی دا.

٣- ڕۆسۆ باوەڕی بەدیاریكردنی نوێنەر نەبوو، بەڵام مافناسانی دوای خۆی پێداگرییان كرد، لەوەی كە هەبوونی نوێنەر دیسان دەتوانێت ئازادی بەدی بهێنێت.

٤- ڕۆسۆ سەبارەت بەپێشكەوتنی شارستانیەت و ئەدەبیات بەدبین بوو، باوەڕی بەپاكی و بێگەردی بەهەشت ئاسا هەبوو، بەڵام بەگشتی دژی ژیانی بیابان و دەشت بوو، لەوسەردەمەدا خەڵكی زیاتر لەئەمرۆ بۆچوونێكی باشیان سەبارەت بەنووسەران هەبوو، زۆریان لەشارەكانەوە روویان لە گوندەكان دەكرد، بەڵام دوای ماوەیەك بەهۆی بێزاربوونیان تاك تاك و كۆمەڵ كۆمەڵ گەڕانەوە شارەكان و گەشەیان بەشارستانیەت و بەرهەمی ئەدەبی دا.

مۆنتیسكۆ (١٦٨٩-١٧٥٥) ٢٣ ساڵ پێش ڕۆسۆ لەدایكدەبێت، بەڵام بەرهەمە گەورە و بەناوبانگەكەی (رۆحی یاساكان) لە تەمەنی (٥٩) ساڵیدا دەست پێدەكات و (١٤) ساڵیش پێش پەیمانی كۆمەڵایەتی دەنووسرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم دوو بیریارە (ڕۆسۆ و مۆنتیسكۆ) لە

کات و سەردەمێکدا ژیاون، مۆنتیسکۆ کەم تا زۆر شارەزای بیر و ئەندێشەکانی ڕۆسۆ بووە، بەهەر حاڵ ڕۆحی یاساکان لە ڕاستکردنەوە و پیاچوونەوەی بیرە ئەندێشەکانی ڕۆسۆدا هاتووەتە بەرهەم، لێرە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردووکیان باوەڕیان بەدیموکراسی هەبووە، ڕۆسۆ کتێبەگرنگ و بەپێزەکەی لە ئەنجامی تێڕامان و پیاچوونەوەی ئەندێشەکانی (جۆن لۆك)دا نووسیوە، بەڵام مۆنتیسکۆ بەدوای ڕۆحی یاساکاندا شار بەشار و وڵات بەوڵات دەگەڕێت و زیاتر پشت بەموشاهەدەکانی خۆی دەبەستێت تا تیۆرە گشتییەکان، ئەمەش بەرهەمێکی گەورە و بەنرخی لێ بەدەستهێنا بەناوی (ڕۆحی یاساکان)، ڕۆسۆ ئەدیبێکی ڕۆمانتیکییە، بەڵام مۆنتیسکۆ نووسەر و مافناسە، لەهەمان کاتدا تێڕامانێکی باشی هەبوو سەبارەت بەفەلسەفە، بەڵام فەیلەسوف نییە، نووسینەکەی وەك هەموو بەرهەمە یاساییەکان وشکە و خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئاسان نییە، مۆنتیسکۆ بەپێچەوانی ڕۆسۆوە بەواقیعەوە پەیوەستە و وردبین و لەسەرخۆیە لەداوەریکردندا، تەنها کەسێکە کە پێیوایە دەرکردنی هەر یاسایەك دەربڕینی هەر بۆچوونێك سەبارەت بەدەوڵەت دەبێت بەپێی تیۆرەکانی یاسا و دادپەروەری بێت، هەرچەندە بنەمای تیۆری دەوڵەت سیاسی و فەلسەفییە، هەروەها لەبەرئەوەی پرەنسیبی یاساکانی دەوڵەت پێشتر لەلایەن کەسانی ترەوە داڕێژراوە، میللەتی ئینگلیزیش ئەو یاسایانەیان ئەزموونکردووە، مۆنتیسکۆ دوو ساڵ سەرقاڵی نووسین و لێکۆڵینەوە بووە لەو وڵاتەدا، لەم بارەشەوە گەلێك شتی گرنگی باسکردووە، لەبەرئەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەوڵاتە جیاوازەکاندا و ئەو گەشتە لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بەشتە جوزئیەکان کردوویەتی



بەزیرەکترین کەس دادەنرێت لەو بوارەدا، ئەگەر چی لەکاتێکدا کەسانی دیکە هەبوون لە پلەیەکی بەرزی فەلسەفیدا، بەڵام لەبەرئەوەی مافناس نەبوون، بیروڕاکانیان سەبارەت بە دەوڵەت گشتی یان پەرش و بڵاوبووە.

لێرەدا بەکورتی بیروڕاکانی دەخەینەڕوو، کە بیریار و فەیلەسوفی ئەو سەردەمە (tezventan todorov) لەکتێبەکەیدا پیاچوونەوە و ئاماژەی بۆکردووە: مۆنیسکۆ یاسا بەپاشکۆی ڕێسا گشتییەکان دەزانێت، ڕۆحی گشتیی نەتەوەکانیشی تێدا بەنامۆ دادەنێت.

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەدیهێنانی یاسا بەم شێوەیە لەبارەیانەوە دەنووسێت: مافی سروشتی، ماهیەتی حکومەت، هۆکارە سروشتییەکان (کاریگەریی هەوا و ژینگە) و هۆکاری دەروونی هۆکار گەلێکن بۆ هێنانە بەرهەمی ئازادی، هەروەها لە بارەی ڕۆحی گشتیی یاساکانەوە وتەیەکی جوانی هەیە، کە دەڵێت: (ڕۆحی گشتیی نەتەوەکان لە هەموو جێگایەکدا ئامادەیە، کاریگەری لەسەر هەموو کارێك دەبێت و کاری تێدەکرێت، گۆڕانی ئەم ڕۆحەش بەشێوەیەکی تەدریجی و لەسەرخۆیە و هەرهەوڵێك بۆ گۆڕینی توڕەئامێزی ڕۆحەکان ڕەنگە ئەنجامێکی کارەساتباری بەدواوە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆحی میللەت ڕاوەستاو و جێگیر نییە).

مۆنتیسکۆ زۆر هەوڵی ئەوەی دەدا، هۆکاری جۆراوجۆری دابونەریتەکانی نەتەوەکان بزانێت و سیستەم و ڕێکخستنێکی زانستییان بۆ دابنێت، هەروەها کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لەیاساکانیدا بەگرنگ دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشتێکی تۆبزی و نەگۆڕی دانانێت.

لەبارەی هۆکارەکانی نووسینەوەی (دانانی) یاساکان بەزۆر یان



بەویستی خەڵك دەڵێت: (پێوستە لە جەبری چارەنوسی (فاتالیزم) دوورکەوینەوە، بەواتایەکی دی نابێت بڵێین هیچ شتێك لە چارەنووسی مرۆڤدا ناگۆڕێت و هۆکارێك نییە بۆ گۆڕینی کارەکانی مرۆڤ، هەروەها نابێت بڕوامان وابێت، کە هەموو شتێك لە سەرفی ئیرادەی مرۆڤدایە).

مۆنتیسکۆ لەبارەی مافە سروشتییەکانەوە دەڵێت: (عەدالەت (دادپەروەری) هەمیشەییە و پەیوەست نییە بەپەیمانە مرۆییەکانەوە)، سەبارەت بەپرەنسیپەکانی ئەو مافانەوە لەو باوەڕەدایە، کە مرۆڤ خاوەنی سێ غەریزەیە، ئەوانیش غەریزەی مەزهەبی، غەریزەی پاراستنی خود و غەریزەی کۆمەڵایەتی، ئەم بۆچوونەی بەپێی تیۆرەکەی هابزە، کە دەلێت ( مرۆڤ، گورگی مرۆڤە).

دواتر بەسەرەکیترین بابەتەوە سەرقاڵ دەبێت و دەڵێت: (بنەمای حکومەتی دیموکراسی میانڕەوی بوونە، میانڕەوی لە بەڕیوەبردن هۆکارێکە بۆ دروستبوونی فەزیلەت یان باوەڕ، ئەم میانڕەوییەش مۆنتیسکۆ بەتەواوەتی باوەڕی پێیەتی، هەروەها ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی ویستیان چارەنووسی کۆمەڵگا یەکسەر و یان بەتەنها شەوێك بگۆڕن، مۆنتیسکۆ هەندێکجار ئەمە بەکارەساتبار ناودەبات، لەبەرامبەر ئەمەدا ترس مایەی مانەوە و پاراستنی حکومەتە دیکتاتۆرییەکانە، کە تا ئێستا شتێك لە بارەی ئەو بابەتە نەوتراوە)، هەروەها مونتیسکۆ دەڵیت: ( فەزیلەت، بەرامبەرە بەخواست و داواکاری)، ئەمەش بەتەواوکەری ئازادی دادەنرێت، هەروەها لە بارەی وڵاتە دیکتاتۆرییەکانەوە دەنووسێت: (ناتوانرێت لە بارەی ئەو حکومەتانەوە کە لە شێوەی ئەژدیها و دێو و درنجدان، قسە بکەین و



لە ترساندا نەلەرزین )، چونکە بنەمای حکومەتی دیکتاتۆری بەپێی جەوهەرەکەی بۆگەن و خراپە، دیکتاتۆرەکان شتێکیان نییە کە بەهۆیەوە بتوانن هەستەکانی نەتەوە و تاکەکانی خۆیانی پێ ڕێکوساز بکەن، بەپێچەوانەوە حکومەتی میانڕەو لەگەڵ حکومەتی شەرعیدا یەکێکە لە (مانەوە و بەردەوامی حکومەتی میانڕەو بەندە بەو یاسا و ریسا هۆشیارانەوە کە دایان ڕشتووە)، دابەشکردنی دەسەڵات یەکێکە لە هەرە گرنگترین مەبەستەکانی مۆنتیسکۆ کە بەم شێوەیە دەستنیشانی دەکات: (دەسەڵاتی یاسادانان یاسا دادەنێت، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن یاساکان بەڕێوە دەبەن و دەسەڵاتی دادگاش بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی دادوەریدا)، بەگوتەی مۆنتیسکۆ یەك یاسا و دەستور هەیە، ئەویش ئەوەیە (نابێت هیچ کاتێك یاسا ڕەها بێت)، واتا نابێت یاسا لەجێگەیەکدا چەسپاو و جێگیر و قەتیس بمێنیت، بەم پێیە (میانڕەوی) کە ئەوەندە جێگای سەرنجی مۆنتیسکۆیە، لێرەدا واتایەکی نوێتر پەیدادەکات، ئەویش (تێکلاوی جۆراوجۆری) یە، لەبەرئەوە دەبێت بەهەر جۆرێك بێت ڕێگا لە قەتیسبوونی دەسەڵات بگیرێت، میانڕەوی زامنی ئەوە دەکات، کە دەسەڵات لە دەستی چەند ناوەندێکدا بێت، هەروەها پێیوایە خۆ دوورخستنەوە لە دابەشبوونی دەسەڵات رەگ و ریشەی تاوان و خراپە کارییەکانە، مۆنتیسکۆ لەم دابەشکردندا دیسان بڕوای بەهاوسەنگی هەیە لەنێوانیاندا.

کۆی میانڕەوی و هاوسەنگی بەیەکەوە بەتەواوەتی مانای واقیعی میانڕەوییە بەمانای وشە (بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی میانڕەو، پێویستە تەواوی ئەو هێز و دەسەڵاتانە یەکبخرێن و کاریان پێ بسپێرێت، هەموو ئەو هێز و دەسەڵاتانە پێویستە بۆ پاراستنی

ئازادی تێکۆشن، لەبەرئەوە پاراستنی یاسا و شەرعی بوونی حکومەت (مافی ئازادی زامن و مسۆگەر دەکات و دابەشکردنی دەسەڵات ئیمکانی ئەوەمان پێ دەدات، کە لەم مافەدا سوود وەربگرین).

مۆنتیسکۆ لە راڤەکردنی ئەم وتانەدا دەنووسێت: (لەسەردەمێکی نوێدا زۆری لایەن و حیزب و زۆرینە و کەمینە لەوڵاتە ئازادەکاندا .. ئەم هاوسەنگییە زامن دەکات)، ئەمەش رێك ئەو دوو مانایە دەگەیەنێت، کە مۆنتیسکۆ بەخشیویە بەمیانڕەوی، پێویستە ئەوەش بوترێت، کە ئەگەر سۆسیالیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم گرنگی ئازادی لەگەڵ میانڕەوییان بەیەکەوە بزانیایە دەیانتوانی لە ریگەی بەخشینی هێز بەئەحزاب و لایەنە چەپەکان و سەندیکاکانی کرێکاران لە دیموکراسی و سۆسیالیزم بەیەکەوە حکومەتێکی میانڕەو پیکبهێنن، بەڵام دیارە مرۆڤ دەبێت لەپێشدا هەموو رێگاکانی تر ببڕیت، لەکۆتاییدا دوای تاقیکردنەوەی رێگاکانی تر بەرەو میانڕەوبوون دەڕوات، مۆنتیسکۆ لە دادپەروەری ئابووری گەیشتبوو، راڤەکاری ئەندێشەکانی مۆنتیسکۆ ئاماژەی بەخاڵێکی گرنگ داوە، کە دەڵێت: (ڕۆسۆ لەگەڵ کانت پێکەوە لەبارەی تاکەکانی مرۆڤەوە دەدوێن، بەڵام مۆنتیسکۆ سەبارەت بەکۆمەڵگای مرۆیی)، مۆنتیسکۆ جارێکی تر دێتە سەرباسی ئازادی و دەڵێت :(ئەو هۆ و وەسیلانەی کە میانڕەوەکان کاری پێدەکەن زۆر بەهێزن، لەهەمان کاتدا تاککڕەوەکانیش بەهەمان شێوەن)، راستە کە بنەڕەتی حکومەتی دیکتاتۆری هەمیشە گەندەڵە، ئەگەرچی لەناوچوونی ئەم رژێمانەش شتێکی قەتعی بێت، ئاشکرایە کە سەرهەڵدانەوەشیان شتێکی حەتمیە، مۆنتیسکۆ دەڵێت: (هەموو کەسێك کە دەسەڵاتێکی هەبوو، تووشی وەسواسی و بیرکردنەوەی خراپ دەبێت و بەخراپی



بەکاری دەهێنێت)، هەر لەو بارەیەوە (صادق هیدایەت) بەگاڵتەئامێزەوە دەڵێت: ئاژەڵەکان بەمرۆڤەکانیان گوت لەکاتی لەوەڕینماندا بێزارمان مەکەن، گومان لەوەدا نییە، کە مرۆڤەکانیش پێیان دەڵێن لەکاتی خەوتنماندا بێزارمان مەکەن) ، تۆدۆرف دەنووسێت: سەرهەڵدان و پەیدابوونی تاککڕەوی دیاردە و رووداوێکی لەناکاو و کوت و پڕ نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی کۆتایی کارێکە، کە بەپێی بیروڕای هابز تایەتمەندێتی مرۆڤە و تۆدۆرفیش لەمبارەیەوە هاوڕایە لەگەڵ هابزدا و ئەم سروشت و تایبەتمەندییەش بەلەناوچوون و هەرەسهێنان و کوشتنی دەسەڵات دەزانێت لەمرۆڤدا، هەروەها دەڵێت: (حکومەتە دیکتاتۆرەکان بەگشتی دژ بەهەموو خوو و ڕەوشت و دابونەریتە جوانەکانی مرۆڤن، لەبەرئەوە میکرۆب و خۆرەی تاککڕەویش لە هەموو جێگایەکدا حزووری هەیە، هۆکاری سەرەکی جێگیربوونی ئەم تاکڕەویەش تەنها شەهەوات و ئارەزووەکانی مرۆڤە، کەواتە هەموو کەسێك ئامادەیی تاکڕەوی و دیکتاتۆری تێدایە) ، لەقسەکانی تۆدۆرفدا وادەردەکەوێت، کە بوونی تاکڕەوی لەنێو ناخی تاکەکانی مرۆڤ و لەنێو کۆمەڵگادا شتێکی ئاساییە، چونکە لە دڵی هەموو مرۆڤێکدا شەهوەت و ئارەزووی دەسەڵات بوونی هەیە و کەچی لەولاتانیشدا هەوڵی یەکسانی دەدەن لەنێو تاکەکانی مرۆڤدا، کەواتە بەبێ ئەوە سروشتی چاکی مرۆڤەکان رەچاوبکرێت، پێوستە لەکۆمەلگادا دامەزراوە و رێکخراوی کارا و چالاك بهێنرێتە ئاراوە، بۆئەوەی ببێتە رێگرێك لەبەردەم بەهێزبوون و سەرهەڵدانی میکرۆبی تاکڕەوی لەدڵکاندا.

ئەم وتانەی تۆدۆرف لەئەمڕۆدا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە،



هەروەها لایەنگرانی ئازادی بەپشتبەستن بەتیۆرەکانی فرۆم دەڵێن: پێویستە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بەردەوام بێت و رانەوەستێت، چونکە مرۆڤ بەردەوام ئەیەوێت لە ئازادی هەڵبێت و نایەوێت بەئازادی بژێت، رۆسۆ بیریارێکی رۆماتیکییە و بیروڕاکانی زیاتر لەسەر بنەمای وتوێژ و گفتوگۆیە، بەڵام مۆنتیسکۆ میانڕەوە و بڕوای بەهاوسەنگی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەم بۆچوونانەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەتەواوەتی لەبیرکرا، رۆحیەتی هاوسەنگی مۆنتیسکۆ تەنانەت لەسەردەمی خۆشیدا بەگرنگ نەدەزانرا، بەوتەی تۆدۆرف هاوسەردەمەکانی مۆنتیسکۆ ئەو کتێبەیان بەگرنگ نەدەزانی، تەنانەت لەئێستاشدا کەسێك ئەو کتێبەناخوێنێتەوە، مۆنتیسکۆ چۆن بڵێی ئاگای لەو هەموو تانە و بێنرخ زانینەی کتێبەکەی بووە، بۆیە بەجۆرێك لەبێزارییەوە دەنووسێت: من لەچارەنووسی هەموو ئەو کەسانەدا کە باوەڕیان بەتاکڕەوی هەیە هاوبەشم و ژیانم وەك هەموو ژیانی تاکەکانی تر میانجیە، واتە وەك ئەو کەسانەم کە لە نهۆمی دووەمی تەلارێکدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو جۆرە کەسانەش لە قاڵەقاڵ و دەنگەدەنگی سەرەوە و لە غەم و دوکەڵکێشی نیشتەجێیەکانی نهۆمی خوارەوە بێزاربوون.

لێرەدا بنەما و کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە روانگەی گەورەترین مافناسی ئەم سەردەمەوە دەخەینە ڕوو:

١/ پێوستە خەڵکی (میللەت) لە پێکهێنانی حکومەتدا بەشداربن.

٢/ چۆنیەتی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران، ئەمەش زامنی ئازادیی هەڵبژاردن و راستگۆبوونی دەکات، مەبەست لە راستگۆبوونی هەڵبژاردن، ئەوەیە کە هەڵبژاردن لەژێرکاریگەریی سەرمایداران و ریکلامە پڕ خەرجەکاندا نەبێت و خەڵکی لە بارودۆخێکی ئابووری



گونجاودا بن، واتە خەمی ژیان و نانیان رێگر نەبێت لە کاروباری سیاسیاندا، نەخوێندەواری ریشەکێش بکرێت، بەهیچ جۆرێك جیاوازی نەکرێت لەنێوان رەگەزەکاندا و لەم روانگەشەوە نابێت جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا هەبێت.

٣/ بنەمای سێهەم بریتییە لە کەمکردنەوەی هێز و ژمارەی نوێنەرانی خەڵکی، لەم رێگەشەوە بیر لە راستکرنەوەی کاروباری دەسەلاتداران دەکرێتەوە.

٤/ بنەمای چوارەم پشت ئەستورە بەو بنەمایەی کە خەڵکی توانای سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەتیان هەبێت لەچوارچێوەیەکی یاساییدا.

ئاشکرایە باسکردنی کۆڵەکە و پایەکانی دیموکراسی، پێویستی بەنووسینی کتێبێك هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ناونیشانی وتارەکە بەکورتییە، ناتوانرێت بەوردی باسیان لەبارەوە بکەین، ئومێدەوارین خوێنەرانی ئەم باسە لە پایەکانی دیموکراسی گەیشتبن.

ئەوەی دەمێنێتەوە و گرنگە لێرەدا باسی لێوە بکەین، ئەوەی بەدیموکراسی رۆژئاوایی ناسراوە، دیموکراسییەکی تەواو کامڵ نییە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- یەکێك لە هەرە پێویستییەکانی دیموکراسی کە پێویستە ئەنجام بدرێت، وەك ئەوەی کە ڕۆسۆ وتویەتی دادپەروەری کۆمەلایەتییە، کەچی لە زۆربەی ولاتانی رۆژئاوادا ئەم بارە بەتەواوەتی پێچەوانەیە، ئەم حاڵەتە ناعەدالەتی کۆمەلایەتی بەتایبەتی لەئەمریکادا بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، جا لەبەرئەوە پێوستە دادپەروەری کۆمەلایەتی بچەسپێت.

٢- ئەوەی باشەویستەکان لەژێر ناوی (دیموکراسییەکی دی) و

بەناونیشانی (دیموکراسی نوێ)وە باسیان لێوە دەکرد، شتێکی بێکەڵکە.

٣- جیهان گەشتێکی بەیەکەوە نووساوە، دابەشکردنی جیهان بەجیهانی یەکەم و دووەم و سێیەم یان (باکوور و باشوور)، بەراستی شتێکی کارەساتبارە، دیموکراسی هەروەك (سۆسیالیزم) تیۆرێکی جیهانییە، پێویستە لەسەرئاستی دونیادا پراکتیزە بکرێت، بوونی دیموکراسی لە رۆژئاوا و بەبێ لەبەرچاوگرتن و گەشەپێدانی لە رۆژهەلآت دیموکراسییەکی ناتەواوە و هەرگیز جێگیر و چەسپاو نابێت، هەندێك پێیانوایە ئازادی زادەی سەرمایەدارییە، بەلگەشیان بۆ ئەوەیە، کە لە ولآتە سەرمایەدارەکاندا دیموکراسی بەرقەرارە و لەولآتانی تردا پێچەوانەیە، ئەمەش لەراستییەوە دوورە، لەبەر ئەم هۆیانە:

ا- ئازادی پێش سەرمایەداری بوونی هەبووە، جێی گرنگی خەڵکی بووە.

ب- گەشە و پێگەیشتنی ئەندێشە و فکر، بەگشتی پەیوەست نییە بەگەشەپێدانی کەرەستەکانی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی مادی، ئەم شتێکە و نکۆڵی لێ ناکرێت.

ج- دیموکراسی لە ولآتانی ناسەرمایەداریدا بەواتای سنووردار دێت، وەك لە هند و لە ولآتانی باشووردا بوونی هەیە.

**سەرچاوە/**

**ماهنامەی (اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی)، ژمارە: (١٦٩ـ١٧٠)**



# ئاكارە زانیارییەكان و بەهاكانی مرۆڤایەتی لەسەردەمی زانیارییەكان

نووسینی/ د. ئەحمەد محەمەد صالح
وەرگێرانی/ رەحمان عەلی رەمەزان

رەوشت و وێژەکانی زانیاری دەبێ بەو لقە ئەکادیمییە پێناسە بکرێت، کە کارتێکردنی تەکنیکی زانیارییەکان لەسەر بەها مرۆڤایەتییەکانە، پرسیاری سەرەکی لەبابەتی ( رەوشتەکانی زانیاری-inforahen ethics)، ئەوە پرسیارێکە دەربارەی کاتێکردنەکانی تەکنیکی زانیارییەکان لەسەر بەها مرۆڤایەتییەکان لەژیاندا و تەندروستی و دڵنیایی و دڵخۆشی و ئازادی و دیمواکرتی و کایەکان و شارەزایی و دادوەری)، وەلآمی ئەم پرسیارە جەنجاڵی کردم و پەنام بردە بەر چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەهاداری بلآوکراوە لەساڵی (٢٠٠٤) لەگۆڤارێکی زانیاری بەناوی ( The ETHICOMP JOURNAL)، کە تایبەتمەندە لەتوێژینەوەکانی ئاکاری زانیارییەکان و بەرپرسیارێتی کۆمەلآیەتی شۆڕشی زانیارییەکان، کاتێ لێکۆڵینەوەکان لەبۆسەی گۆڕانەکانی بەهای گەشەکردوو لەجیهاندا لەئەنجامی شۆڕشی زانیارییەکانە، ئەمە بابەتی وتارەکەمە، لەسەرەتاوە پێویستە هۆشداری بدەینە خوێنەر، کە لەگرنگترین بیرمەندانی ئەم بوارەیە، کە بەم دوایانە دەرکەوتووە



(JAMES H. MOOR) جەیمس مۆر کاتێ کاغەزەکەی بەناوی (ئاکارەکانی کۆمپیوتەر چییە) لەئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٥ لەپاسەوانداری (MeTaPhILOPhy JOURNEL) بلآوکردەوە و مۆر لەکاغەزەکەیدا تێبینی دوو لایەنی گرنگی کرد لەئاکارە زانیارییەکان، یەکەم شیکردنەوەی کارتێکردنی کۆمەلآیەتی تەکنیکییەکانی زانیارییە و دووەم دارشتنی ڕامیارییەکانی تازەیە بۆ بەکارهێنانی رەوشت بۆ تەکنیکی ئاوا.

مۆر دەڵێ تەکنیکی زانیارییەکان زۆر بەهێزن، چونکە زۆر نەرمن، بەواتای بەهێزییەکەی لەنەرمییەکەیدایە و بە ژێربێژی ئەم نەرمییە توانای گونجاندنی دەداتێ بۆ جێبەجێکردنی هەر چالاکییەك کە داوابکرێت، کەواتە تەکنیکی زانیارییەکان بە کرداری دادەنرێت بە ئامرازێکی جیهانی و هێز و نەرمییەکەی وای لەزۆر لەبیرمەندان کردووە بە یەکێ لەو دەرئەنجامدانە تەکنۆلۆژیا نایابەی دابنیین، کە لێیەوە گۆڕانی کۆمەلآیەتی بنەڕەتی لەدایکدەبێ و ئەنجامدەدات، بە پێوەری نموونە پێشینەکانی وەك داهێنانی کشتوکاڵ و رۆژنامەوانی چاپکراو و پیشەسازی، بۆیە پێویستە زۆر وریا بین لەراڤەکردنی ئەم دەستەواژەیە، چونکە مرۆڤ بە بڕیارەکان، رامیارییەکان، یاساکان و کارەکان گۆڕانی کۆمەلآیەتی دروستکردن دەکەن و ئەوانە دەبنە گۆڕەری جیهان، تەکنیکی زانیارییەکان تەنها ئامرازن و بەس و دەبێتە وێڵکردن، ئەگەر باسی مرۆڤەکان بکەین، کە ئەوان قوربانین و دەستە وەستاون بە درێژی هێڵەکە لەبەرامبەر لافاوی تەکنیکی زانیارییەکان، بەپێچەوانەوە مرۆڤ خۆیان بەرهەمهێنەری تەکنیکی زانیارییەکانن و بڕیارەکان دەدەن، لەبەرئەوە پێویستە هەڵگری بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی



تەکنیکی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی لەگۆڕانە کۆمەلآتییە کاربکەرەکان بن، هەروەها مۆر ئاماژە بۆ جێبەجێکردنە تازەکانی تەکنیکی زانیارییەکان دەکات، کە زۆرجار چەمکی شپرزە دروستدەکات و پێویستی بە روونکردنەوە هەیە، هەروەها رامیاریی بەتاڵی دروستکردووە، کە پێویستی هەیە بە پڕکردنەوەی رامیاریی کۆمەلآیەتی و ئاکاری تازە، چونکە کتوپڕ خۆمان بینییەوە، کە دەتوانین شتی وابکەین، کە پێشتر نەماتوانیوە بیکەین و ئایە پێویستە بیکەین !! ئایا ئەوە ئاکارییە؟

دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەپرسیاری ئاکاری پەیوەند بە تەکنیکی زانیارییەکان دادەنرێت و بەتایبەتی پرسیارگەلێك دەربارەی بەها مرۆڤایەتییەکان، وەك: کار و کایە و ئازادی و دیموکراسی و ئەنجامدانی خود و دادوەری هەموو ئاماژەن و جەختدەکەنەوە کە تەکنیکی جێگای پرسیاری ئاکارە، شۆڕشێکی راستەقینەیە، بۆیە هاورام لەگەڵ ئەوانەی کە تەکنیکی زانیارییەکان وا دەبینن کە پێداگری دەکەن، هەموو رۆژێ کە شۆڕشی تەکنۆلۆژیا وەك کشتوکاڵ و چاپەمەنی و پیشەسازی ، با پێکەوە وەردبینەوە و شیکاری چەند نموونەیەك بین، کە لێکۆڵینەوکان پێشکەشی کردووە لەکارتێکردنی تەکنیکی زانیاری لەسەر بەها مرۆڤایەتییە بنەڕەتییەکان بە کار و گۆڕانەکان لەکاردا، کاتێ بیر لەکار دەکەینەوە هەمیشە زاراوەی نموونەیی بەکاردەهێنین وەك (بۆ ئیش دەرۆم) و لەکاتێکی دیاریکراودا دەگەینە شوێنی کارەکەمان و چالاکی جیاواز جێبەجێدەکەین، لەوانەیە پشوویەك بدەین، لەکاتێکدا بۆ خواردنەوەی قاوەیەك یان چای لەگەڵ ژەمێکی خواردنی سووکدا، پاشان دووبارە بەردەوام ببنەوە تا تەواوبوونی کاتی کارەکەمان،

پاشان شوێنی کارەکە بەجێدەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەکەمان یان گەشت دەکەین بۆ شوێنێکی تر بۆ جێبەجێکردنی چالاکی تر، وەك بازارکردن یان تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوڕێیانماندا بەم تێگەیشتنە چاولێکەرییەی کار یان فرمان، کات و شوێنی دیاریکراو هەیە بۆ کار وەك هەمیشە لەهەمان شوێن و هەمان کات کار دەکەین لەهەموو رۆژێکی کاردا و بەهۆی تەکنیکی زانیارییەکان چەمکی ( TeLe WORKINg) بەربڵاوە، واتا کارکردن لەماڵەوە بەهۆی کۆمپیوتەر یان کارکردن لەدوورەوە، کە سنووری کات و شوێن لابراون لەکاردا، بۆ نموونە دەتوانین لەماڵەوە کاربکەین، لەجیاتی ئەوە بەیانی کاتژمێر حەوت لەخەو هەڵسین و بڕۆین بۆ سەر ئیش لەکاتژمێر هەشتی بەیانی، دەتوانین تا نیوەڕۆ بخەوین و لەکاتژمێر هەشتی ئێوارە یان سێی بەیانی لەخەو هەستین کاربکەین یان لەکاتی جیاوازدا بە درێژایی رۆژ، بە واتای هەر کاتێ تاك بییەوێ کار بکات لەگەڵ کارکردن لەدوورەوە سنووری کاتی پەیوەستبوون شکاوە، هەمیشە جێبەجێدەبێ لەسەر شوێنیش پێویست نییە لەشوێنێکی دیاریکراودا کاربکەین، پەیوەست نیین لەماڵ ئیشبکەین، تاك پێویستە نووسینگەی کاری هەبێ یان ویستگەی کارێکی دیاریکراوی هەبێ لەرێگەی تەلەفون و مۆدەمی بەستراو بە کۆمپیوتەرەوە، دەتوانی واوۆ (ئیمزا) بکات لەئەنتەرنێت کە لەناو ئۆتۆمبیل دانیشتووە یان لەفڕۆکە یان گەشتی شەمەندەفەر یان لەسەر لوتکەی شاخ یان لەناوەڕاستی بیابانێك یان رووی دەریایەك، هەتا بەبێ پەیوەندی کردن بە ئەنتەرنێتەوە، دەتوانیین کار لەسەر کۆمپیوتەری گەروك بکەین، پاشان ئەنجامەکان بنێرن، کاتێ کایەی پەیوەندیکردن بە تۆری



ئەنتەرنێتەوە دەبێت.

کارکردن لەدوورەوە (lelworking) دەتوانێت رەهەندەکانی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت لەدیاردەی کاردا بەشێوەیەکی کارتێکراو، کەواتە کارکردنی کەسێك لەشوێنێکی دیاریکراو، هەموو رۆژێك هەمان خەڵك دەبینێتەوە، تەوقەیان لەگەڵ دەکات، ئەیبینێت بە شانیاندا دەدات و پرسیاری باریان دەکات، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ خەڵکان لەرێگەی کۆمپیوتەرەوە، زۆر جیاوازترە، لەرێگای وردبوونەوە لەبینینەوە و ناردنی تێکستەکان بۆیان، بۆ کارکردن لەدوورەوە بە روونی کاردەکاتە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی کەسەکان، بە سروشتی هەموو کارێك ناکرێ لەدوورەوە بکرێ لەرێگای (telworking) هەندێ فرمان وەك پیشەسازی و بەرهەمهێنان پێویستی بە کارگە یان شوێنی کۆکردنەوە و جێبەجێکردن هەیە، بەڵام هەندێ لەم فرمانانە ئیش لەرێگای مرۆڤە ئامێرەکانەوە و ئامێرە دیجیتاڵەکانی ترەوە جێبە جێدەکرێت، لەراستییەکانی سەدەی پێشوودا تەکنیکی زانیارییەکان گۆڕانەوە بە ملیۆنان لەبەکارهێنراوان لەکرێکاری دروستکەری ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان و بەرپوەبەرانی بازنەیی ناوەڕاست بۆ کرێکاری تەلەفون و خەرجکاری بانکەکان، هەتا ئەو فرمانانەی کە لەناونەچوون بە بوونەی تەکنیکی زانیارییەکان، لەزۆرجاردا راستکرانەوەیان گۆڕان بەشێوەیەکی کارتێکراو، بۆ نموونە ئەو منداڵەی کە خەو دەبینێ، بەوەی کە ببێ بە فڕۆکەوان و خەیاڵی ئەوە دەکات کە لەسەر کورسی لێخوڕینی فڕۆکە دانیشتووە و لێئەخوڕێ و پەراوە بە فڕۆکەکە دەکات بە جەڵەی زیرەکانە و بە زاڵییەوە، بەڵام زۆربەی گەشتی فڕۆکەوانەکانی هێڵەبازرگانییەکان



لەراستیدا لەژێر زاڵگەی کۆمپیوتەریدان و فڕۆکەوان تەنها چاودێری دەکات، بۆیە فەرمانی فڕۆکەوانی لەمڕۆدا زۆر جیاوازترە لەوەی لەپێشتر هەبوو و ئەو کەسانەی کە فەرمانی فڕۆکەوانی بە سەرچاوەی خۆشی و چێژ وەرگرتن دەزانن، ئەمڕۆ بە زۆر بێزارکەری دەبینن و ئەم نموونانە روونی دەکەنەوە، کە تەکنیکی زانیارییەکان بیرۆکە و چەمك و بەهای کار بە خۆی دەگۆڕن، کار ئیتر نابەسترێتەوە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە و نابەسترێتەوە بە کاتێکی دیاریکراوەوە، زۆر شت بەکاردەهێنرێن لەکاردا ئامێر و دەرگای دیجیتاڵی لەجیاتیمان پێی بەکاردەهێنرێن، سوودەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەکردن و خاوەنداری فەرمانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کارتێکردنی تەکنیکی زانیارییەکانی لەسەر بووە.

**گۆڕینەوەی پارە:**

بەهۆی تەکنیکی زانیارییەکان چەمکێکی گرنگی تر گۆڕاوە، ئەویش چەمکی (دراو)ە، تاك کاتێ بیر لە(دراو) دەکاتەوە، شیك و پسولەو کاغەزەکانی بیردێتەوە و ئەو دراوانەی کە دەوڵەت چاپیان دەکات بە بیر دێتەوە، یان کەمترین شت دراوە کانزایەکان، ئەم پسولەو دراوە کانزایانە کە چاپکراون و هێما و دەسەڵاتی ئەو حکومەتەی تێدایە، بەڵام ئەمڕۆ پارەی دیجیتاڵی یان ئەلکترۆنی (cybermony) بارگرانی لەسەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر دروستدەکات یان لەسەر کارتەکان یان کروتە زیرەکان کە لەگیرفاندا هەڵدەگیرێن، کە تا ئێستا بەرەو بڵاوبوون دەچێت لەجێی دراوی کاغەزی و کانزایەکان، ئێستا دەتوانرێ بۆ نموونە مامەڵەلەگەڵ بانکەکان بە ئەلکترۆنی بکرێت لەدانان و خەڵاتکردن و بەبێ دانانی



خەرجییەکان، لەبازارێکی ئاوادا بەکارهێنەرە کاغەزە دراوەکان یان دراوە کانزایەکان نابینێ، کە گۆڕدراونەتەوە بە ترپە ئەلکترۆنییەکان لەسەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، سەرەڕای ئەوانەی ئەم ترپانە هەمان هێزی کڕینی کاغەزە دراوەکان و کانزایەکانی هەیە و هەر کەسێ دەتوانێ بەکاری بهێنێ بۆ خاوەنداری یان دەسکەوتنی هەندێکی دیاریکراو لەشتوومەك و خزمەتگوزاری، لێرەدا پرسیارێك خۆی بە بەرچاو دەکا پارە چییە یان دراو چییە لەچاخی زانیارییەکاندا؟ کە تەکنیکی زانیارییەکان چەمك و بەهای پارە و دراوی گۆڕیوە؟! هۆشمەندتر دەبێ کە بیهێنینە بەرچاومان کە دراوی کاغەز و کانزایەکان و پسولەکان دەبنە شوێنەوار و لەمۆزەخانەکان دەبینرێن و چەمکێکی گرنگی تری گرێدراو بە پارەوە هەیە ئەویش سامانە، کە واتا هەبوونی کۆمەڵێکی گەورە لەپارە و یان تەنی سروشتی تری گرانبەهای وەك ئاڵتون و زیو، ئەمڕۆ چەمکی سامان واتا توانای زاڵبوون و دەسکەوتنی زانیارییەکان، ئەمڕۆ هەندێ لەدەوڵەمەنترین پیاوەکانی کار لەجیهاندا بۆ نموونە (بیل جیتس) سامان و هێزەکەیان بەدوایانە لەزاڵبوون بەسەر زانیارییەکان و تەکنیکەکانی کە پەیوەندیان پێوە هەیە دەستکەوتووە، چونکە کایەکانی کارکردن و فێربوون و خزمەتگوزاری تەندروستییەکان و رابواردن و خزمەتگوزارییەکانی بەرهەمهێنان و ئەوانی تر دەجوڵێت و دەگوێزرێتەوە لەرێی تۆڕەکانی زانیاری بە جیهانەوە، جیاوازی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند بووەتە پێوانە لەنێوان سودمەند و زیانمەند بە پێوانەی توانای گەیشتن و زاڵبوون بەسەر زانیارییەکان، کە بیرۆکەی چەمك و بەهای سامان گۆڕاوە بەهۆی تەکنیکی زانیارییەکان.

## دیموکراسی:-

تەکنیکییە زانیارییەکان کاری کردۆتە سەر یەکێك لەبەها سەرەکییەکان لەزۆربەی کۆمەڵەهاوچەرخەکان، ئەوەش دیموکراسییە و چەمکی نوێنەرایەتی دیموکراتی بە تەکنیکەکانی زانیارییەکان کارتێکراو بووە، هەندێ لەئەندامانی پەرلەمان (بەستراونەوە بە بێتەل) بە هەڵبژێرەکانیان لەرێگای پۆستەی ئەلکترۆنییەوە لەهەر کاتێك دەنگدان هەبێت لەسەر کێشە گرنگەکان و گشتییەکان، هەڵبژێرەکان و نوێنەرەکانیان لەپەرلەمان دەتوانن زۆر بەخێرایی رشا گۆرینەوە بکەن لەکاتی دەنگدان، ئەندام پەرلەمانێك دەتوانێ بە ئاسانی لەکۆمپیوتەرەکەیەوە بزانێ ویست و رای هەڵبژێرەکانی کە نوێنەرایەتیان دەکات بزانێت هەر لەشوێنی خۆی بەهۆی تەکنیکی زانیارییەکان، دەتوانرێت ئێستا دیموکراتی پاك و تەواو دابین بکرێت، واتا لەهەر کاتێك کێشەیەك هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەنگدان، دەتوانرێ هەر هەڵبژێرەرێك بە نوێنەرەکانیان بڵێن چیدەکەن؟ بەڵام ئایا ئەو بیرۆکەیە باشە ؟ لێرە دووبارەی دەکەینەوە بیرۆکە و چەمکەکان و نرخی دیموکراسی خۆی پێویستە بیری لێبکرێتەوە، سەر لەنوێ بەهۆی تەکنیکی زانیارییەکانەوەیە.

## ئازادی لەئەنتەرنێت!

ئازادی چەمکێکی باوەرپێکراوی پەیوەندیدارە بە چەمکی دیموکراسی، بەتایبەتی ئازادیی رامیاری ئەوە یەکێکە لەچەمکە گرنگەکانی مرۆڤایەتی لەجیهاندا، تەکنیکی زانیارییەکان ناچارمان دەکات سەرلەنوێ بیربکەینەوە لەو چەمکە، (جون بیری بارلو john Barlo) یەکێکە لەدامەزرێنەران و بەشداربووان لەدامەزراندنی



سنووری ئەلکترۆنی پرسیارێکی گرنگی ئاراستەی جیهان کرد لەساڵی ١٩٩٦ دا، کە ئەڵێ ئەو یاسایە چییە، کە جێبەجێ ئەبێ لەسەر ئەنتەرنێت، لەئەمریکادا دەستوری ئەمریکی بە بەردێکی رەقیان دانانەوە، کە کۆمەڵگە و یاساکانی پشتی پێ ئەبەستن، بەڵام ئەنتەرنێت بڵاوبوویەکی جیهانییە، دەستوری ئەمریکی تەنها یاسایەکی خۆجێیەتی هەیە و بەس و ئەنتەرنێت بە دەستوری ئەمریکی فەرمانرەوای ناکرێ، ئەمەش هەندێ لەحکومەتەکانی جیهانی بێزارکردووە، بەتایبەت حکومەتە داپلۆسێنەرەکان، ئەوانە بێزارن بەتایبەتی لەبیرۆکەی ئەوەی گەل بتوانێ هەموو جۆرە زانیارییەکی دەستبکەوێ، کە بەرپرسە حکومییەکان نایانەوێ ئەوان پێی بگەن، لەم کاتەدا یاسای ئەمریکی و بەهاکانی ئەمریکی دەسەڵاتێکی کەم توانایان هەیە بەسەر ئەنتەرنێتدا، چونکە زۆربەی نامەکان بە زمانی ئینگلیزین و زیاتر لە٦٠٪ی جوڵەی تێپەربوون لەئەنتەرنێتدایە لەئەمریکادا، بۆیە بەناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا خۆی کە فەرمانرەوایی جوڵەی کاری ئەمریکی دەکات لەئەنتەرنێتدا و پاشان (دابونەریت و بەردەوامی) دروستدەکات، کە ئەمە دەبێت لەجیهاندا پەیرەو بکرێت، ئەم دەسەڵاتە بێتوانایە هەر جۆرێك بێت، بەردەوام نابێ لەئایندەدا، چونکە زیادبوونێك هەیە لەبەکارهێنانی تۆردا بە زمانەکانی تر و زیادبوونەکە لەجوڵەی هاتوچۆ کارکردن لەسەر ئەنتەرنێت گەشەدەکات لەوڵاتانی تر و بەکارهێنەران لەرێگایەوە کارە چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دەکەن، وەك (رابواردن، فێربوون، خزمەتگوزاری پزیشکی، کۆنگرەکان، هاورێیەتی، راوێژی هونەری، ژیربێژیە کە لەوڵاتانەدا پرسیار دەربارەی ئازادیی رامیاری دەکرێت لەئەنتەرنێتدا و دەبێتە



پرسیاری خێرا و پەلەو پێداگیراو لەسەری، هەتا کۆڵکە چاولێکەرییەکانی ئازادی لەوڵاتە دیموکراتییەکاندا، وەك ئازادیی رۆژنامەوانی و ئازادیی قسەکردن، ئازادیی بیروباوەر، ئازادیی کۆمەڵایەتی و ... هتد )، پێویستە بیری لێبکەینەوە سەرلەنوێ لەئەنتەرنێتدا.

## پیاچوونەوەی چەمکی کۆمەڵگەی خۆماڵی:-

هەتا بیرۆکەی کۆمەڵگەی خۆماڵی community کە خەڵك تێکەڵدەبن لەگەڵ یەکتردا و کاردەکەن بەرەو ئامانجێکی هاوبەش، کە پێویستە بیریان لێبکەینەوە بەهۆی تەکنیکی زانیارییەکان، بۆ نموونە ئێستا لەوێ (کۆمەڵگەی خۆماڵی دانراو هەیە ( virtual cmmunities) لەتۆری زانیارییەکان دەرکەوتووە، دوو نموونەی کۆمەڵگەی خۆماڵی دانراو نمایش دەکەین، یەکەم زۆرچاك، دووەم ئەنجامەکانی جێی قایلبوون نییە، لەکۆتایی هەشتاکاندا پیاوێك لەشاری نیۆرك دەژیا، نەخۆشییەکی زۆر نابای هەبوو، لەنەخۆشخانەیەکەوە بۆ نەخۆشخانەیەك و لەپزیشکێکەوە بۆ پزیشکێکی تر رۆیشت و هەوڵی دۆزینەوەی نەخۆشییەکەی دەدا، کە هەرجارەی بەشێوەیەکی هەڵەبۆیان دەستنیشان دەکرد ؛ دواجار پزیشکێکی دۆزییەوە، کە نەخۆشییەکی هاوشێوەی وەك ئەوی بینیبوو، کاتێ لەدەرەوە بوو، ئەو پزیشکە توانای دیاریکردنی نەخۆشییەکەی هەبوو، بەڵام کەسێکی تری نەناسیبوو لەجیهاندا، لەم نەخۆشییەی هەبێ، بۆیە ناتوانێ هیچ یارمەتییەکی بدات لەبۆچوونی نیشانەکانی و چۆنێتی هەڵگرتنی لەلایەنی دەروونییەوە لەبەخت چاکی، نەخۆشەکە توانایەکی باشی هەبوو، لەچوونە ناو تۆری ئەنتەرنێتەوە و چووە ناو کۆمەڵەی گفتوگۆ و



کۆمەڵەهەواڵەکان لەئەنتەرنێت، بانگەوازی نەخۆشییە ناوبانگەکەی کرد و داوای کرد لەو کەسانەی هەمان نەخۆشییان هەیە وتوێژی لەگەڵدا بکەن، بەم رێگایە پەیوەندی لەگەڵ (٢٥) کەس کرد، کە هەمان نەخۆشییان هەیە لەهەموو جیهاندا، بە بوونی وتوێژ لەبارەی ئەو نەخۆشییە لەنێوان (٢٦) کەس لەجیهاندا، دەتوانن هەموو کات قسەبکەن بەیەکەوە و هاوکاری بکەن لەزانیارییەکان و نیشانەکانی و چارەسەری نەخۆشییەکە، واتا لەم نموونەیە دروستکردنی کۆمەڵگەی خۆماڵی چاکە لەئەنتەرنێتدا.

نموونەی دووەم ئەو وێنە کارتۆنییە بەناوبانگەمان بیردەخاتەوە، کە لەگۆڤاری (نویبورك nowworker mayazin)دا پیشاندرا، کە دوو سەگ یەکێکیان دانیشتووە لەسەر کیبۆردی کۆمپیتەر و سەگێکی تر تەماشای دەکات، ئەو سەگەی کە ئەنووسێ و چاپدەکات لەسەر کۆمپیتەرەکە تەماشای خوارەوە دەکا و بە هاورێکەی دەڵێ (لەسەر ئەنتەرنێت کەس نازانێ تۆ سەگی)، ئەم وێنە کاریکاتێرییە بەناوبانگە واتایەکی گرنگی هەیە، بەراستی وایە لەسەر ئەنتەرنێت هەر کەس دەتوانێ واوژو بکات بەناوی خوازراو کە هی خۆی نەبێ، هەر کەس دەتوانێ بڵێ من کەسێکی ترم و زۆر خەڵکان باوەری پێدەکەن، ئەمە هێزی فێڵکردن دەدات بە کەس لەژیانی رۆژانەی ئاساییدا نییە، بۆ نموونە فێرخوازێکی دکتۆرا لەزانستی دەروونی هەبوو، کە تەمەنی (٢٣) ساڵبوو، ویستی توێژینەوەکەی لەسەر تەمەنی نائومێدی لەژناندا بکات، بەڵام بیریکردەوە کە ژنانی تەمەن پەنجا ساڵەکان ئەوانەی کە بە تەمەنی نائومێدیدا راستگۆ نابن لەگەڵ توێژەرێکی نێری تەمەن (٢٣) ساڵ، لەبەرئەوە لەئەنتەرنێت واژوی بەناوی ژنێك کرد و پاگەندەی ئەوەی کرد، کە ئەو ژنێکی

تەمەن (٥٣) سالەو بە باری بڕانی پیسازدا تێپەردەبێت، وە گەڕا بەدوای ئەو ژنانەی کە دەیانەوێ وتوێژ دەربارەی کێشە بێ ئومێدیەکانیان بکەن و توانی ڤایلی (١٢) ژن بکات، کە پەیوەندی بکەن بە کۆمەڵەکەیەوە بۆ وتوێژ لەسەر ئەو بابەتە، هەموویان بڕوایان وابوو، کە ئەو وەك ئەوان ژنە بۆ ماوەی پێج تا شەش مانگ خۆیشی پیاوێکە و لەتەمەنی (٢٣)ساڵیدایە و ناوی ژنێکی بەکارهێناوە و وتوێژی کردووە، رۆژێك ژنێك ویستی چاوی بە سەرۆکی وتوێژەکە بکەوێت، بۆ پرسیاری لەهاوڕێیەکی زیرەکی کرد لەکۆمپیوتەر، کە شوێن هەلگری نەژادی پۆستە ئەلکترۆنیەکەیە و رۆیشت بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆکی کۆمەڵەکە، کاتێ بۆی دەرکەوت کە سەرۆکی کۆمەڵەکە نێرە و لەتەمەنی (٢٣) ساڵیدایە، هەستی بە رووخانی دەروونی کرد، وەك ئەتککراو خۆی بینییەوە، کاتێ بە هەموو ئافرەتەکانی وت، هەمان هەستیان هەبوو، لەم نموونانە دەرکەوت کە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان وەك یەك کە کۆمەڵی بێ یان پەیوەندی تاکی بێت، کارتێکراو بووە بە تەکنیکی زانیارییەکان بە رێگاکان کە بۆی ناچێ، ئێمە خەیاڵمان بەلایا رۆیشتبێ، پێش چەند ساڵێك هەتا چەمکی کۆمەلگەی خۆماڵی خۆیشی گۆڕاوە بووتە شێوەیەك، کە مەرج نییە لەو چەمکەیا کە شوێنی دیاریکراو هەبێ و کۆمەلگەی خۆماڵی ئێستا ئەتوانرێ کۆمەڵێ خەڵك بگرێتەوە، کە پەرش و بڵاوبن لەهەموو جیهاندا، ئایا ئەم کۆمەلەواهەستدەکەن کە لەکۆمەلگەیەکی راستیدان؟! یان هەستکردن تیادا نییە، ئەمە هەروەها بانگهێشتمان دەکەن بۆ دووبارە بیرکردنەوە لەچەمکی کۆمەلگە، لەکۆتاییدا تەکنیکی زانیارییەکان شۆڕشێکی راستییە، کارتێکردنی قووڵی هەیە لەسەر بەها مرۆڤایەتییە سەرەکییەکان و



لەلایەنی مێژووییەوە، ئەمیش وەك شۆڕشەکانی تەکنۆلوژیی راستی وەك کشتوکاڵ و چاپکردن و پیشەسازی، تەکنیکی زانیارییەکان تەکنیکێکی زۆر نەرم و بەهێز و بەراورد ناکرێت بەهیچ تەکنیکێك کە داهێنرابێت، خۆی بە نزیکی هۆیەکانی جیهانییە لەسنووری خۆیدا و هێز بە مرۆڤ دەدات، کە گۆڕان دروستبکەن لەجیهاندا بەشێوەیەکی گەورە، بەشێوەیەك کە کایەی باشیان دەداتێ و سەرلەنوێ بیر لەبەهای کۆمەڵگاکەیان بکەنەوە.



# کورتەیەك لەمێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین

نووسینی/ ئەحمەد سەعدوڵڵا
وەرگێڕانی/ ئاسۆ وەهاب
asowahab@yahoo.com

ئەدەبی ئەمریکای لاتین لەئەدەبی ئەو وڵاتانە پێکدێت، کە بە ئیسپانی لەبەشی رۆژئاوای گۆی زەوی قسەدەکەن، هەروەها ئەدەبی پۆرتەریکۆ و ئەدەبی بەرازیل، کە بە زمانی پورتوگالی تۆماردەکرێت.

## ئەدەبی قۆناغی کۆلۆنیالیزم:

لەدەست پێکردنی هەڵمەتەکانی داگیرکاری کۆلۆنیالیستانەی ئیسپان و پۆرتوگالەکانەوە بۆ جیهانی نوێ و دەست پێکردنی شۆڕشەکانی سەربەخۆیی لەکۆتاییەکانی سەدەی پازدەوە، کە سێ سەد ساڵە، بەرایی ئەدەبێکی جوان دەرکەوت . بەرایی ئەم ئەدەبە بە نووسینەوەی چیرۆکی شەڕەکان و دۆزینەوەکان دەستی پێکردووە، سەرباز و موژدەبەرەکان لەنووسینەکانیاندا زۆر بە وردی دیمەنە جوانەکانی سروشت و شارستانییەت و دیمەنی ئاژەڵە تازە بینراوەکانی ناوچەکەیان تۆماردەکردووە، دەگوترێت (پێنج نامەکە/ ١٥١٩ ـ ١٥٢٦)ی "هیرناندۆ کۆرتیز" کە بۆ ئیمپراتۆری ئیسپانیا ناردوویەتی دەربارەی داگیرکردنی ئیمپراتۆرییەتی"ئەزتەك" بەرایی ئەو نووسینانەیە، پاشتر "برناڵ دیاز دل کاستیلۆ" لە کتێبی (مێژووی دروست بۆ فتوحاتی ئیسپانی ـ ١٥٢٢) بە وردی باسی



هەڵمەتەکانی سەر "ئەزتەك" کردووە.

لەماوەی داگیرکاریدا چەندان بەرهەم دەرکەوتوون لەوانە (تێکدانی ئەندیز ـ١٥٥٢)، ئەم بەرهەمە وەسفێکی کورتی مۆژدەبەری دۆمەنیکانی"بارتۆلۆمی دی لاس کازاس"ە بۆ ئەو مامەڵە وەحشیگەرایانەی کە سەربازە ئەوروپییەکان دژ بە هندییە سوورەکان کردوویانە.

لەساڵی (١٦٠٩)دا "کارسیلاسۆ دولاڤێگا" لەکتێبی (تعليقات ملكيه) دا وێنەی خوێناوی مێژووی ئیمپراتۆرییەتی "ئەنکا" پیشانداوە، هەروەها هەردوو شاعیر"ئەلۆنسۆ دی ئەرسیلا" و "ئای زۆنیگا" بەناوبانگترین دوو هۆنراوەیان لەساڵی (١٥٦٩ـ١٥٨٩)دا بەناوی "لائارۆکانا" نووسیوە، کە تیایدا وەسفی بەرەنگاربوونەوەی هندییە سوورەکان دژ بە ئیسپانییەکان دەدەنەوە . "بنیتۆ نکسێر" یەکەم شاعیر بووە بە پۆرتوگالی شیعری وتوە، بنیتۆ لە داستانی (برۆسۆبۆبیا - ١٦٠١)دا چارەسەری بابەتی تاك و سروشت کردووە لەژینگەی ئەمریکادا.

لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەم شێوازێکی نوێ بەناوی "باروك"ەوە سەریهەڵدا، نووسەرانی باروك بە شێوازێکی سەنعەتکارانە و گاڵتەجاڕ و ئاڵۆز دەیاننووسی، ئەنجامی ئەم کارەش دەرکەوتنی چەند بەرهەمێك بوو، کە بەئاسانی کەس لەناوەڕۆکی تێنەدەگەیشت.

کچە نووسەری مەکسیکی "سۆرخوانا ئانس دولاکروز" یەکەم نووسەری قۆناغی باروك، بەشێوەیەکی گشتی داهێنەرترین نووسەری سەردەمی کۆلۆنیالیزم بوو، "دۆلاکروز" لەپاڵ شیعر، نووسینی دەقی شانۆیی و رەخنە و نووسینی فەلسەفی ئەزموون

کردووە، لەم ماوەیەدا شاعیری پیرۆیی "خوان دی. ئیل. ئەی. کاڤیدیس" هەجویێکی نووسیوە لەبارەی گەندەڵی لەکۆمەڵگەی سەردەمی کۆلۆنیالیزم، هەروەها شاعیری بەرازیلی "گریگۆری دی ماتۆس" شیعری هەجوی نووسیوە، هەر لەم ماوەیەدا "تۆماس ئەنتۆنیۆ گونزاکا" جوانترین هۆنراوەی لیریکی بەناونیشانی (ماریلیا دو دیرسۆا) نووسی، کە هۆنراوەیەکی خۆشەویستییە، هەردوو شاعیری بەرازیلی "خۆسیە باسیلیۆ داگاما" و "خۆسیە دو سنتاریتا دو دۆراو" هۆنراوەی داستان ئامیزیان نووسیوە، بۆنموونە ناوەڕۆکی هۆنراوەی (ئۆرۆگوای ـ ١٧٦٩)ی (داگاما) گێڕانەوەی حیکایەتی جەنگی نێوان هندییە سوورەکان و کۆلۆنیالیزمە ئەوروپییەکان بوو، هۆنراوەی (کارامۆرۆ ـ ١٧٨١)ی "دو دۆراو"یش حیکایەتی دۆزینەوەی بەرازیل و داگیرکردنی گێڕاوەتەوە.

### سەدەی نۆزدەیەم:

لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم واتە لە (١٨١٠)زدا، جەنگی سەربەخۆیی دژ بە داگیرکەرانی ئەمریکای لاتین دەستی پێکرد، جەنگی سەربەخۆیی شازدە ساڵی خایاند و بوو بە سەرچاوەی ئیلهامی زۆرێك لە شاعیران، لەم ماوەیەدا یەکەمین رۆمان بەناونیشانی (توتییەکی تورە ـ ١٨١٦)ی "خۆسیە خواکین دولزارد"ی دەرکەوت، ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە رەخنەگرتنە لە کۆمەڵگەی کۆلۆنیالیزمی شاری مەکسیك، هەروەها ساڵی (١٨٢٥) شاعیری ئیکوادۆری "خوسیە خواکین ئۆلمیدۆ" بەناوبانگترین هۆنراوەی نیشتمانی بەناوی (گۆرانییەك بۆ پۆلیڤار) نووسی.



### رێبازی رۆمانتیك:

رێبازی رۆمانتیك دیارترین ئەو جوڵانەوە ئەدەبیانە بوو، کە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم لەئەوروپادا دەرکەوت، پاش ئەوەیش لەئەمریکای لاتیندا بڵاوبووەوە، ئەم رێبازەش جەختی لەسەر تاکێتی و مەسەلە نەتەوایەتییەکان و ئازادیی هونەر و بەدواداچوونی بابەت و شێوازە نوێکان دەکردەوە.

شاعیری کوبی "خۆسیە ماریا هریدیا" لە شاعیرە بەراییەکانی رۆمانتیك بوو لەئەمریکای لاتیندا، "خۆسیە" هۆنراوەیەکی زۆر رەشبینانەی لەبارەی سروشتەوە بەناونیشانی(هەرەمی خۆلۆلا ـ١٨٢٠) نووسیوە، هەندێك لە هۆنراوەکانی شاعیری فینزویلی "ئەندریە بیلۆ" هەڵگری رەگەزەکانی رۆمانتیکییەتە، بەتایبەت ئەو هۆنراوەیەی کە بەناونیشانی (ئۆد ـ ١٨٢٦)ە، ناوەڕۆکەکەی باسی کشتوکاڵکردن دەکات لەناوچە گەرمەکاندا.

لەسەدەی نۆزدەیەمدا جۆرێك لە رۆمانتیکییەت گەشەی کرد و دواتر بە (الاهلانیە) ناوبانگی دەرکرد، ئەوانەی بەم شێوەیە دەیانووسی باسیان لە خاڵە جیاکارەکانی هەرێمە سەرەکییەکانی وڵاتیان دەکرد، بۆ نموونە شاعیری ئەرژەنتینی "ئیستیڤان ئەخیڤیریا" لەهۆنراوەکانیدا باسی خۆشەویستی دەشتاییەکانی بامبای ئەرژەنتینی دەکرد، پاشتر ئەدەبی "گاوشۆ" بەشێوەیەکی دیار بڵاوبووەوە، گاوشۆکان ئەو خاوەن گا کۆچەریانە بوون، کە وەکو دەرچووان لە یاسا لەقەڵەم دەدران، لەم میانەدا شاعیری ئەرژەنتینی "خۆسیە هیرناندیز" جوانترین نموونەی ئەدەبی گاوشۆی نووسیوە، کە داستانێکە بەناونیشانی (مارتن ڤێرۆ/١٨٧٢-١٨٧٩)، ناوەڕۆکی ئەم داستانە شیعرییە باسکردنی ژیانی ناهەمواری پاڵەوانێکی گاوشۆیە،



هەروەها وێنەی ئەو شەڕانە دەگرێت، کە پاڵەوانەکە لەگەڵ هندییە ئەمریکییەکان دەیکات، لەپاڵ ئەو هەموو توندوتیژییەی کە حکومەتێکی بێ ئیحساس دژ بە گاوشۆکان پیادەی کردووە.

لەقۆناغی رۆمانتیکدا رۆمان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، رۆماننووسی کۆلۆمبی "جۆرج ئیسحاق" رۆمانی (ماریا ـ ١٨٦٧) نووسیوە، کە تائەمڕۆ بە پڕ سۆزترین رۆمانی ئەو قۆناغە دادەنرێت، چونکە ناوەڕۆکەکەی باسی خۆشەویستی دەکات، هەروەها هەریەك لە "خۆسیە مارمۆڵ ـ ئەرژەنتینی" و "ئیگناسیۆ مانیۆڵ ئەتەمیرانۆ ـ مەکسیکی" نووسەری لیبراڵ بوون و چەندان رۆمانیان لە بارەی نەبوونی عەدالەتی سیاسییەوە نووسیوە.

"دۆمەنیکۆ ڤۆستینۆ سارامینتۆی ئەرژەنتینی" نووسەرێکی سیاسی بوو، هەر لەو ماوەیە بەشێوەیەکی جوان کۆمەڵێك وتار و چیرۆکی تێکەڵ بەیەکترکرد و لەکتێبێکدا بەناونیشانی ( شارستانییەت وبەربەرییەت، ژیانی خوان ڤکندۆ کۆیروگا ـ ١٨٤٥) بڵاوکردۆتەوە.

لەسەدەی نۆزدەدا چەمکی رۆمانتیك بووە بە بابەتێکی وروژێنەر لەئەدەبیاتی ئەمریکای لاتیندا، رۆمانتیکەکان پێیانوابوو، کە میللەتانی نائەوروپی وەکو هندییەکان میللەتی باشن، چونکە تا ئەو کاتە شارستانییەتی ئەوروپی خراپیانی نەکردووە، بۆ نموونە لەبەرازیل (ئەنتۆنیۆ جونکالڤیز دیاز ) وەسفی هندییەکانی دەدایەوە و بە گەورە پیشانیانی دەدا، هندییەکان بوونە پاڵەوانی رۆمانی (ئۆگۆرانی ـ ١٨٧٩ )ی نووسەر "خۆسیە دوو ئەلبکار"ی بەرازیلی و رۆمانی (کۆمندا ـ ١٨٧٩)ی "جۆن لیۆمێرای ئیکوادۆری و داستانە شیعری (تەبار ـ ١٨٨٨)ی "خوان زۆربلادۆسان مارتن"ی



ئەرژەنتینی.

(ریکاردۆ پاڵما)ی پیرۆیی شێوازێکی ناوازەی تری لەئەدەبی ئەمریکایی لاتین داهێنا و ناوی نا (ترادسیۆن)، ئەم شێوازە تێکەڵییەك بوو لە وێنەی پەخشان ئامێز، تیایدا مێژوو، ئەفسانە، حیکایەت، گاڵتەوگەپ و پڕوپاگەندە تێکەڵبوون، ئەم وێنە پەخشان ئامێزانە لەماوەی نێوان (١٨٧٢ ـ ١٩١٠) هەر هەموویان لەژێر یەك ناونیشاندا (دابونەریتەکان لە پیرۆ) کۆکرانەوە.

### رێبازی ریالیزم:

رێبازی ریالیزم لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا گەشەی کرد، نووسەرەکان هەوڵی ئەوەیاندا بەشێوەیەکی زۆر ورد و بابەتیانە وێنەی واقیعی بینراو بکەن، هەروەها کارەکانیان کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی پیشاندەدا لەسەر خەڵکی، تەنانەت هەندێ نووسەر شێوازێکی زۆر توندوتیژ و رەشبینانەیان لە واقیعییەت بەکاردەهێنا، کە دواتر بە (سروشتی ـ الطبیعیة) ناوبرا.

دیاترین رێبەرانی رێبازی ریالیزم لەئەدەبی ئەمریکایی لاتیندا رۆماننووسانی وەك "ئەلبرتۆ بلست گانا" و "بلدۆمێرۆ لیلۆ" لەچیلی، "کلۆرندا ماتۆ دوتیرنر" لەپیرۆ،"بۆجینۆ کامبا سبریس" لەئەرژەنتین،"فدریکۆ کامبوا" لەمەکسیك بوون، هەروەها رۆماننووسی بەرازیلی "ژواکیم ماریا ماسادۆ دی ئەسیس" یەکێك لەدیارترین رۆماننووسی رێبازی ریالیزمی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین بوو، دەرکەوتنی هەردوو رۆمانی (یادەوەری براوەیەکی بچوك ـ ١٨٨١) و (دۆم کاسمۆرۆ ـ ١٩٠٠) توانایی تەکنیکی باڵا و گێڕانەوەیەکی ناوازەی ماسادۆیان پیشاندەدا.

چەندان نووسەری تریش جەختیان لەسەر دابونەریتی خۆجەیی

و نەریتەکانی ئەو هەرێمانە دەکردەوە، کە بە زمانی ئیسپانی قسەیان دەکرد، ئەمەش لەرێگەی ئەو گێڕانەوە و وێنەوە پیشاندەدا، کە لە دوو توێی رۆمانەکانیان تۆماریان دەکرد، کارەکانی ئەم کۆمەڵە نووسەرە بەناوی"کۆستەمبرسمۆ" ناوبانگی دەرکرد، دیارترین نووسەرانی ئەم شێوازە "خافێر دۆ ڤیانا" لەئۆرگوای، "رۆبرتۆ جی بایرۆ" لەئەرژەنتین، "تۆماس کاراسکیلا" لەکۆلۆمبیایە، ئەم نووسەرانە جەختیان لەسەر وەسفدانەوەی دیمەنەکانی لادێ و شێوازە مرۆییەکان لە چیرۆکەکانیان دەکردەوە، " فلۆرەنسیۆ سانشیز" لەئەرژەنتین بەناوبانگترین نووسەری دەقی شانۆی بوو لەرێبازی ریالیزم، کە لەشانۆکانیدا چارەسەری ململانییە مرۆییەکانی لادێی ئەرژەنتینی دەکرد.

**مۆدێرنە:**

قۆناغی مۆدێرنە لەساڵی (١٨٨٨ تا ١٩١٠)ی خایاند و بەیەکێک لەدیارترین قۆناغەکانی ئەدەبی ئەمریکای لاتین دادەنرێت، لەم قۆناغەدا شاعیران سەرقاڵ بوون، "رۆبن داریۆ" شاعیری نیگاراگوایی فۆرمێکی تازەی بەخشییە مۆدێرنە، پێشی وابوو کە پێویستە شاعیر لەپاکترین شوێندا بەدوایی جوانیدا بگەرێت، هەروەها خۆی لەشێوازە باوەکان ئازاد بکات، عەوداڵبوونیش بەدوایی شتە نائاساییەکاندا، شاعیرانی ئەو قۆناغەی ئاراستەکرد بەرەو سەرچاوە رۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەفسانەکانی گریك و رۆژهەلات و ئەسکەندەنافیا.

لەسەرەتایی مۆدێرنەدا دیوانێکی شیعری بەناوی "ئەزۆل - ١٨٨٨" بلاوکرایەوە، شاعیری ئەرژەنتینی "لیۆ پۆلدۆ لۆگۆنیس" یەکێکی تر بوو لەریبەرانی ئەم قۆناغە، "خۆزیە ئەنریك رۆدۆ" نووسەری



ئۆرگوایی لەرێگەی نووسینەکانیەوە بووە هێمایەکی دیاری هزری ئەمریکای لاتین و هەمان کاریگەری "رۆبن داریۆ"ی بەجێهێشت، وتاری "ئەریال - ١٩٠٠" بە پۆپی کارەکانی رۆدۆ دادەنرێت، لەم وتارەدا رۆدۆ بانگهێشتی گەنجانی ئەمریکای لاتین دەکات، کە روو لە ئایدیالیست و ئامانجە بالاکان بکەن، ئەو ئامانجانەی کە ماتریالییەتی نوێ هەرەشەی لێدەکات.

"خۆزیە مارتێ"ی کوبایی هزرڤانێکی تری دیاری ئەمریکای لاتین بوو، وەکو رۆژنامەنووس و وتارنووس و شاعیر ناوبانگی هەبوو، پاش مردنیشی لەجەنگی سەربەخۆیی کوبادا وەکو نیشتمانپەروەرێك خەلاتکرا.

**سەدەی بیست:**

لەبەراییەکانی سەدەی بیستدا کۆمەڵێك کچە شاعیری داهێنەر دەرکەوتن، ئەمانە لەهۆنراوەکانیاندا چارەسەری هەستی خۆشەویستی و هەستی مێنەبوونیان دەکرد لەکۆمەڵگەیەکی باوکسالاردا، یەکێك لەو کچە شاعیرانە "گابرێلا میتراڵ"ی چیلی بوو، کە لەساڵی (١٩٤٥)دا خەلاتی نۆبڵی وەرگرت، بەمەش بووە یەکەمین ژنە نووسەری ئەمریکای لاتین کە ئەم خەلاتە وەربگرێت، بەناوبانگترین کچە شاعیرەکانی تریش "دلێرا ئۆگستینی" و "خوانا دو ئەیاربۆرۆ"ی ئۆرگوایی و "ئەلفۆنسینا ستۆرنی"ی ئەرژەنتینی بوون.

رۆماننووسەکانی ئەم سەردەمەش بایەخیان دەدا بە بابەتە ناوچەییەکان، بۆ نموونە رۆماننووس"خۆسیە بۆستاسیۆ ریڤێرا"ی کۆلۆمبی لە رۆمانی (گەردەلول - ١٩٢٤)دا وێنەی جەنگەڵە باراناوییەکانی ئامازۆنی دەخستەڕوو، وەکو شوێنێکی جوان و



ترسێنەر پیشانیدەدا.

"رۆمۆلۆ گوێر ئەلدیس"ی ئەرژەنتینی لە رۆمانی (دۆنا باربرا) باسی لەدەشتاییە مەدارییەکان دەکرد، " ریکاردۆ گوێر ئەڵدیس"ی ئەرژەنتینی لە رۆمانی (دۆن سیگۆندۆ سۆمبرا - ١٩٢٦) باسی لە مهاجرای لاوێك دەکرد کە رێنمایی روحی لە گاوشۆیەك وەردەگرت، هەروەها "خۆسیە لینیز دۆریگۆ" لە رۆمانی (خولی بەنجەری شەکر - ١٩٤٣/١٩٣٢) باسی منداڵێتی خۆی دەکرد لە کێڵگەکانی بەنجەری شەکر لەبەرازیلدا.

زۆرینەی رۆمانە ناوچەییەکان چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان دەکرد، رۆمانی ( شۆڕش لەناوچە ناوخۆییەکان - ١٩٠٢)ی رۆمانووس "یۆکلیدس داگونا" وێنەیەکی دراماتیکی ململانییەی نێوان جوتیارە هەژارەکان و هێزەکانی حکومەت پیشاندەدا.

شۆڕشی مەکسیك (١٩١٠) بووە سەرچاوەی ئیلهامی "ماریانۆ ئۆزویلا" بۆ نووسینی رۆمانی (چەوسێنراوان - ١٩١٦)، هەروەها هەردوو رۆمانی (حیوات العمیقة - ١٩٣٨)ی"کراسلیانۆ رامۆس" و رۆمانی (سەرزەمینی توندوتیژ - ١٩٤٢)ی"جۆرج ئامادۆ" رەخنەیان لە بارودۆخی کۆمەلایەتی بەرازیل گرت.

رۆمانی (هۆاسیبنجو - ١٩٣٤)ی رۆماننووس"جۆرج ئاکازا" لەئیکوادۆر، رۆمانی (هندییەکە - ١٩٣٥)ی "گریگۆربۆ لۆپیز ئای ڤانتێز" لەمەکسیك، رۆمانی (یاراوفێستا - ١٩٤٠)ی رۆماننووس "خۆسیە ماریا ئەرگۆاید" لەپیرۆ، وێنەی ئەو مامەڵە خراپەیان خستەڕوو کە بەرامبەر بە هندییە سوورەکان دەکرا.

لەبیستەکانی سەدەی بیستدا چەندان شاعیری ئەمریکای لاتین



دەستیان دایە چەند ئەزموونێك لەسەر فۆرم و تەکنیك، دیارترین ئەو شاعیرانەش ( فیسنت هۆیدۆبرۆ - باپلۆ نیرۆدا لەچیلی، سیزار فالیگۆ لەپیرۆ، ماریۆ دو ئەندراد لەبەرازیل، گۆرگی لویس بۆرخیس لەئەرژەنتین) بوون، ئەم شاعیرانە دژی فۆرمە سوننەتییەکان بوونەوە و هەوڵیاندا شیعر بە خەیاڵە نائاساییەکان بنووسنەوە، مەبەستیشیان دۆزینەوەی عەقڵی ناوەکی بوو، قەسیدەی (المدینة المهلوسة - ١٩٢٢)ی شاعیر (ماریۆ دو ئەندراد) بالاترین نموونەی شیعری ئەزموونی ئەم سەردەمە بوو.

لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا چەندان بابەتی جۆراوجۆر گۆڕەپانی ئەدەبی ئەو دەمەی داگیرکرد، " ئیدواردۆ مالیا"ی ئەرژەنتینی لە هەردوو رۆمانی (کەنداوی بێدەنگی - ١٩٤٠) و رۆمانی (هەموو ئەوانەی کەسکن نامێنن - ١٩٤١) گوزارشتی لە هەستی تەنیایی و نەمانی پەیوەندی دەکرد بە دەوروبەرەوە، "سیرۆ ئولگێریا"ی پیرۆیی لە رۆمانی (پان و نامۆیە ئەم دونیایە) پرۆتستۆی ئەو مامەڵە خراپەی دەکرد، کە بەرامبەر بە هندییە سوورەکان دەکرا، "گۆرگی لویس بۆرخیس" کۆمەڵێ چیرۆکی کورتی فەلسەفی نووسی لەژێر ناونیشانی (هونەری چیرۆك - ١٩٤٤).

لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستدا نووسەران کەرەستەی ئۆرگناڵ و بابەتی جۆراوجۆریان دۆزییەوە و ئەزموونی زمانەوانیی نوێیان بەکارهێنا بۆ تۆمارکردنی دەقی نوێ، رۆماننووسەکان زیاتر درکیان بە شوناسی کەلتووری خۆیان کرد، بەبێ ئەوەی بەرهەمەکانیان بەشێوەیەکی توندوتیژانە گوزارشت لە مەسەلە نەتەوایەتییەکان بکات، دیارترین کارە ئەدەبییەکانی ئەم ماوەیە رۆمانی (جەنابی سەرۆك - ١٩٤٦)ی رۆماننووس "میگێل ئەنخل

ئەستۆریاس" لەگواتیمالا، (کەناری گەرداو ـ ١٩٤٧)ی رۆمانووس "ئۆگستین یانیز" لەمەکسیك، رۆمانی (ئەدان یۆنیو سیریس)ی "لیۆپۆلدۆ مارشال" لەئەرژەنتین، (بەتاوانبار لەدایکبوو ـ ١٩٥١)ی رۆمانووس "مانیۆل رۆگاس" لەچیلی، (پلە ونبووەکان ـ ١٩٥٣)ی رۆمانووس "ئەلیگۆ کارپنتێر" لەکوبا، (پیدرۆ پارامۆ ـ ١٩٥٥)ی رۆمانووس "خوان رلفۆ" لە مەکسیك بوون.

بەناوبانگترین شاعیری ئەمریکایی لاتینیش لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا شاعیری مەکسیکی"ئۆکتافیۆ باز"ە، کە لە زۆر لەهۆنراوەکانیدا چارەسەری شوناسی مەکسیکی و مێژووی مەکسیکی کردووە، هەروەها چەندان وتاری لەبارەی رەخنەی ئەدەبی و هونەر و سیاسەت نووسیوە.

گرنگترین پەرەسەندنەکانی ئەدەبی ئەمریکای لاتین لەپەنجاکانی سەدەی بیستدا ئەو بایەخدانە جیهانییە بوو بە رۆماننووسەکانی ئەمریکای لاتین، ئەم بایەخش لەپێشتردا بەو شێوەیە نەبوو، تەنانەت نازناوی "گەشەسەندن" یان بەسەر زۆر لەو رۆمانانەدا بڕی، کە ئەو نووسەرانە بەرهەمیان هێنابوو، رۆماننووسە گەشەکردووەکانیش ( کارلۆس فۆنتیس لەمەکسیك، خۆلیۆ کۆرتازار لەئەرژەنتین، ماریۆ فارگاس یۆسا لەپیرۆ، گابریل گارسیا مارکیز لەکۆلۆمبیا) بوون، ئەم رۆماننووسانە پەنایان بردە بەر دۆزینەوەی ئەدەبی لەو چیرۆکانە، تا بتوانن گوزارشت لە پاشخانی کەلتووری خۆیان بکەن، بۆیە چەندین ئەزموونیان لەبواری زمان و ژینگەی رۆمان کرد، هەروەها خەیاڵی زۆریان خزاندە ناو بەرهەمەکان، ئەمەشیان بە دابەشکردنی کات و شوێن لە بەرهەمەکانیان، ئەم گەشەسەندنەش بووە مایەی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ، کە ئەمڕۆ



بە (واقعییەتی جادوگەر ـ الواقعیة السحریة)دەناسرێت، کە تیایدا خەون و جادوو تێکەڵ بە واقیعی رۆژانە دەبێت.

رۆمانەکانی "کارلۆس فۆنتیس" وێنەیەکی گشتی دەربارەی ژیانی هاوچەرخی مەکسیك پیشاندەدات، سەرەکیترین رۆمانەکانی کارلۆس رۆمانی (هەوای خاوێن ـ ١٩٥٨) و رۆمانی (کۆچی ئەرتیمیۆ کروز ـ ١٩٦٢)ە، دیارترین و کاریگەرترین رۆمانەکانی "کوارتازار" رۆمانی (الحجلة ـ ١٩٦٣)ە، کە تیایدا ئەزموونی تەکنیکەکانی هونەری چیرۆك دەکات، زۆریش لە رەخنەگران لەو بڕوایەدان، کە چیرۆکە کورتەکانی کورتازار زۆر لە رۆمانەکانی جوانتر و بەهێزترن، ناوبانگترینیان کۆمەڵە چیرۆکی (گۆڕانکاری لە رۆشنایی ـ ١٩٧٤)یە، کە پڕە لە خەیاڵ و هێما و فەلسەفە.

"فارگاس یۆسا"ش دەربارەی کۆمەڵگەی هاوچەرخی پیرۆ نووسیوە و دیارترین رۆمانەکانیشی (جەنگی کۆتایی جیهان ـ ١٩٨١)ە، کە رۆمانێکە مێژوویییە و پڕ لە مهاجرایە، هەروەها پشت بە رووداوەکانی ناو رۆمانی (شۆڕش لە هەرێمە ناوخۆییەکان)ی "یۆکلیدس دا کونا "دەبەستێت.

دیارترین رۆماننووسەکانی سەردەمی گەشەسەندن "گابریل گارسیا مارکیز"ە، کە ساڵی (١٩٩٢) خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە و رۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی ـ ١٩٦٧) بە رووداوێکی دیاری رۆمانی ئەمریکای لاتین دادەنرێت، ئەم رۆمانە چەندان حەقیقەتی مێژووی لەخۆ دەگرێت، ئەگەر چی نووسەر میتالی سەیر و کەسایەتی نائاسایی و رووداوی سەیر و ورووژێنەر و گاڵتەئامێزی خزاندووەتە ناو بەرهەمەکەوە.



# دیدارێک لەگەڵ نوسەر عەتا قەرەداغی

سازدانی/ ئارام سدیق و خەڵەف غەفور
داڕشتنەوەی/ پاریا ئەحمەد

**بەشی یەکەم**





**پرسیار/ گەنج کێیە و هەڵگری چ ناسنامەیەکە؟ هەروەها پیر کێیە و هەڵگری چ ناسنامەیەکە؟ و ململانێی نێوان ئەم دوو نەوەیە لە کۆمەڵگە چۆن ئەبینی؟؟**

وەڵام/ سەرەتا زۆر سوپاستان ئەکەم، بێگومان بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست بکەوێ، گەنج کێیە و پیر کێیە، گەنج خاوەنی چ ناسنامەیەکە و پیر خاوەنی چ ناسنامەیەکە، ئەگەر لەرووی بایلۆجییەوە قسەبکەین، دیارە گەنج ئەو کەسەیە لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە تا ئەگات بە قۆناغی دیاریکراو پێی دەڵێن (گەنج) و پیریش لەو قۆناغەی تەمەنی دیاریراوە دەست پێدەکات بەرەو کۆتایی، بەڵام من پێموایە تەنها ئەمە لەرووی بایلۆجییەکەوە قسەی لێ دەکەین، گەنج ئەو کەسەیە لە تەمەنی (١٣-١٤) ساڵەوە دەکەوێتە ئەو قۆناغەی کە لە قۆناغی هەرزەکاری و گەنجی، هەتاوەکو ئەو قۆناغەی دەگاتە تەمەنی سییەکان بۆ سەرەوە، گوایە ئەمە تەمەنی گەنجێتی لەرووی بایلۆجییەوە دوای ئەویش قۆناغی پێگەیشتن و پیرێتی دێت، پێموایە تەنها لەرووی بایلۆجییەوە حسابی بۆ دەکرێت و لەرووی بنەماکانی کۆمەڵناسی کەمتر قسە لەسەر ئەمە بکرێت. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە دەتوانین بەشێوەیەکی تر قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین، هەر کەسێك هەڵگری پرۆژەی گەنجانە بێت لەژیاندا، هەر کەسێك هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری بێت لەژیاندا، هەر کەسێك هەڵگری پرۆژەی تەحەدا لەرووداو وەستان بێت بۆ واقعی باو، بە تێڕوانینی من ئەوە دەتوانم لە ریزی گەنج دایبنێم، لە ریزی ئەو پێکهاتەیە دایبنێم، کە هەڵگری ئومێدێکی نوێیە بۆ ئاینده، بەپێچەوانەوەی ئەوەشەوە لەوانەیە کەسێك ببیستێ لەتەمەنی (١٤ ساڵ یان ١٨ ساڵ یان ٢٠ ساڵ،

که ئەوە تەمەنی گەنجێتییە لەرووی بایلۆجییەوە، بەڵام دەکرێت خاوەنی هیچ پرۆژەیەك نەبێ، هیچ رۆحێکی لەروودا وەستان، هیچ رۆحێکی گۆڕانکاری تێدانەبێ و وەکو پیرێك بیربکاتەوە، کە چاوەڕوانی مردن دەکات.

بۆیە پێموایە جیاکردنەوەی گەنج و پیر لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی گەنجانە، لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی مەعریفانە بۆ ئەو قۆناغەی کە پێی دەڵێن قۆناغی گەنجایەتی پێناسە دەکرێت و ئەو تێڕوانینەش من پێموایە لە ئاستی یەکەمدا لەسەر ئەوە یان لەسەر ئەو بنەمایە دیاری دەکرێت، کە ئایا ئەم گەنجە ئەم پێکهاتەیە ئەم کەسە خاوەنی پرۆژەیەکە بۆ گۆڕانکاری بەسەر ئەو حاڵەتە باوەی کە ئێستا هەیە و لەپێش ئەو بنیادنراوە.

ئایا دەتوانێ هەوڵ بدات بۆ گۆڕانکاری یان لەسەر هەمان دابونەریت لەسەر هەمان کلتور لەسەر هەمان پرۆژەی ژیان لەسەر هەمان ئەقڵیەت لەسەر هەمان هەموو ئەو بۆچوونە باوەی کە لەپێش خۆیدا هەیە بەردەوام دەبێت، بەبێ ئەوەی باکی بەهیچ هەبێت، ئەگەر کەسێك بە پێوە بیریکەوتەوە لەلای منەوە ناتوانم ئەمە بەکەسێکی گەنج دابنێم و پێموایە ئەمە کەسێکە کە هەر ئەوەیە لەرووی تەمەنیەوە لەرووی بایلۆجییەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ باوك و باپیرەی هیچ جیاوازییەکی نییە، بۆیە جارێکی کە ئەوە دووبارە دەکەمەوە بە بۆچوونی من پێناسەی گەنج لەسەر بنەمای بوونی پرۆژەیەکی گەنجانەیە، مەبەستم لە گەنجانەش لێرەش پرۆژەیەك بێت بۆ هەڵچوونێکی بێ بەرنامەیی، هەڵچوونێکی عاتیفانە بەپێچەوانەوە پرۆژەیەکی گەنجانە لەو رووە، کە هێزێکی دروستکەر هێزێکی جوڵێنەری ئەوتۆ لەئارادا دەبێت، کە



توانای گۆڕانکاری هەبێ و توانای ئەوەی هەبێ کە سەرکێشی بکات کە سەرکێشی کرد، بێگومان پڕکێشیش دێتە ئاراوە، پڕکێشیش یەکێکە لەو حاڵەتانەی بۆ گەنج پێویستە، بۆئەوەی بتوانێ بەسەر ئەقڵیەتی باوا زاڵ بێت، بەسەر ئەو دابونەریت و کلتورەی کە بەردەوام بەربەستە لەبەردەمی ئەوا کە نایەڵێ، هەنگاو بنێ، هەوڵی رووخاندنی ئەوەبدات بە مەبەستی ئەوەی کە بەشێوەیەك دروستی بکاتەوە، کە بتوانێ ویستەکانی خۆی تیا جێبەجێ بکات و پرۆژەی ئایندەی لەهەموو روویەك تیا بنیاد نێت لەدنیادا، ئەوە باوە کە فەرهەنگ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەوە لەسەر ئاستی تاکە کەس راستە، پیریش لە کۆمەڵگا بێت یان تاکە کەس خاوەنی ئەزموونێکە، دەکرێت کەڵك وەرگرێ و سوود وەرگری لە ئەزموونی ئەو، بەڵام دیارە نە ئەکرێت هەموو کۆمەڵگا بە پیر بسپێرین، نە هەموو کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پیر بەڕێوەبەرین، بەڵکو بەپێچەوانەوە.

گەنج بازووی کۆمەڵگایە بەو مەبەستەی کە ئەڵێن بازوو (کە ئەو توانایی گۆڕانکاری هەیە، لەهەمان کاتدا پێناسەی گەنج وەکو ئەو پێکهاتەی کە خاوەنی پرۆژە بێت لەو روانگەیەوە دەست پێدەکات، کە پرۆژەیەکی مەعریفیش هەبێ، بۆئەوەی ئەم بازووەی خۆی بەشێوەیەکی زانستیانە، بەشێوەیەکی شارەزایانەی ئەوتۆ بخاتە کارەوە، کە بتوانێ جێگەی خۆی لە ئێستا بگرێت و تجاوز بکات و باس لەگواستنەوە بکات، لەم قۆناغە باوەی کە ژیانی تێدایە بۆ قۆناغێك لەمەی ئێستا باشترە، من پێموایە گەنج و پیر وەکو دوو پێکهاتە لەرووی بایلۆجییەوە جیادەکرێنەوە، تەنها ئەوە بەس نییە، دەکرێت و بەڵکو دەبێت لەرووی روانین و لەرووی پرۆژەی



گۆڕانکارییەوە و لەرووی تێڕوانین و هەڵسوکەوت و رەفتار لە توانای پڕکێش و سەرکێش کردن لەکۆمەڵگادا جیایان بکەینەوە و لەسەر ئەم بنەمایانە دەتوانین پێناسە ببەخشین بە تاك یان گروپێك یان بە پێکهاتەیەك، بڵێین ئەم گروپە یان ئەم پێکهاتەیە یان ئەم تاکە گەنجە.

بەپێچەوانەوە ئەگەر گەنجێکی تەمەن ( ١٨ ساڵ یان ٢٠ ساڵ) خاوەنی پرۆژە نەبێ، پێموایە هیچ جیاوازی نابێ لەگەڵ ئەو پیرەمێردەی کە چاوەڕوانی مردن دەکات، نەدەتوانێ لەسەر ئاستی تاکە کەس خۆی گۆڕانگاری بکات، نە لەسەر ئاستی خێزان و نە لەسەر ئاستی گروپ و پێکهاتە بچووکەکان، نە لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش، لەبەرئەوە پێموایە کەسێکی وەها دەورێکی ئەوتۆی نابێ لەکۆمەڵگادا و ئەوەی دەوری نەبێ لەکۆمەڵگادا، پێموایە نابێتە خاوەنی پێناسەش . کەواتە گەنج گەنجێکە کە خاوەنی پێناسە بێت، چ وەك تاك چ وەك گروپ، ئەو گەنجەیە کە خاوەنی پرۆژەی گۆڕانکارییە لە ئێستاوە بۆ ئایندە، ئەمە روویەکی پرسیارەکە، روویەکی کە، مەبەست لە ململانێی نێوان پیر و گەنج بێگومان ململانێی نێوان نەوەکان لەکۆمەڵگا تەندروستییەکاندا، لە کۆمەڵگا ئاساییەکاندا ململانێیەکی زۆر زۆر ئاشکراییە و لەهەموو دنیادا ئەو ململانێیە هەیە، نەوەی پیر و نەوەی پێشەوە، ئەو نەوەیەی کە ئێستا دەسەڵاتی کۆمەڵگای بەدەستەوەیە، ئەو نەوەیەی کە دەسەڵاتی ئیداری بەدەستە لەهەموو کۆمەڵگاکان، ئەو نەوەیەی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستە، ئەو نەوەیەی کە ئەو بڕیاردەرە لە پەرلەماندا، بڕیاردە لەحکومەتدا، ئەو دەستور دادەڕێژێ، ئەو نەوەیەی کە بەراستی دەیەوێ واقعی باو وەکو خۆی بهێڵێتەوە، حەز ناکات ئەو



واقعە بگۆڕێ، بۆئەوەی ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتووە، ئەو دەسکەوتەی بەدەستی هێناوە، چ دەسهاتی مادی بێ یان دەسهاتی مەعنەوی بێ، بۆئەوەی لەدەستی نەچێ و بەردەوام بە ئەقڵیەتێ ئیش دەکات، کە واقعی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئیداریی لەو شێوەی خۆیدا بمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیەت، بۆئەوەی ئەو پارێزگاری لەو سەروەتە رەمزی و ماددییەی کە ئێستا هەیەتی بیکات، پیر بەم ئەقڵییەتە بیردەکاتەوە، دیارە نەوەی پێشەوە یان نەوەی پیر هەم لەرووی مەعنەویشەوە هەندێ جار لەرووی هێزی کلتوریشەوە ئەو دەسەڵاتەی بۆ فەراهام بووە، ئەوە دەتوانێ پارێزگاری لەخۆی بکات یان هەوڵدەدات پارێزگاری لەخۆی بکات لە بەرامبەری ئەوە نەوەی نوێ ئەوەی کە ناوی دەنێنین گەنج، ئەو نەوەیەی بەراستییەکەی رەنگە بنەمایەکی مادی ئەوتۆی نەبێ، رەنگە بنەمایەکی مەعنەوی ئەوتۆی ئێستا لەکۆمەڵگادا نەبووبێ، ئەو نفوسەی کۆمەڵگای بۆ پەیدابووبێ کە جێگای گرتبێ، بەڵام لەبەرئەوەی گەنج پێی خۆش بێ یان نا، ئەو نەوەی داهاتووە، ئەو دەبێتە خاوەنی مێژووی ئایندە، پێموایە لەرووی مەعنەوییەوە هەتا ئێستاش ئاشکرا نەکراوە خاوەن هێزێکی مەعنەویی هێندە بەرفراوان و بەهێزە، من پێموایە ئەو کەسەیە کە دەتوانێ بەجدیی و بەهێزێکی نەپساوە و کۆڵنەدەرانە بچێتە ئەو ململانێیەوە، لەو ململانێیەدا دڵنیام و مێژوویش هەروا دەڕوات، کە براوەیی و بردنەوە تەنها بۆ گەنجە، چونکە ئەوی پیر وردە وردە دەبێت بڕوات و دەبێت کورسییەکەی چۆڵ بکات و دەبێ بەناچاری ملبدا بۆ ئەوی گەنج، بەڵام لەم کاتەدا بێگومان گەنجێکی بێ چەك، گەنجێکی بێ دەسەڵات ناتوانێ ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات، مەبەستم لەچەك

ئەو چەكی تەقەكردن و ئەوانە نییە، مەبەستم لە چەكی ڕۆشنبیرییە، لە چەكی مەعریفییە، لە چەكی فێربوونە، لەچەكی زانستییە، لەچەكی فێربوونی كاركردنە لەناو ڕێكخراوەكاندا، كاركردن لەناو كۆمەڵگا خۆ كۆكردنەوەیە، دروستكردنی ڕاوبۆچوونی هاوچەرخانە، ئەمەش بە چی دەبێت بە خۆ ڕۆشنبیركردن بەكۆكردنەوەی مەعریفە، بە كۆكردنەوەی زانیارییەكی تەواو بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی، وەكو گەنج لەو ئەركە مێژووییەی كە لەسەریەتی بۆ بەدەستهێنانی ئایندە و دیسان بۆ تێگەیشتن لە ئەوەی پێش خۆی.

بە چ شێوەیەك هاتووە پارێزگاری لەخۆی بكات و ئەو چەكە كاریگەرییەی كە دەیدۆزێتەوە، بۆئەوەی كە ئەوەی پێش خۆی ناچار بكات كورسییەكەی بۆ چۆڵ بكات و بەئیجباری ملی پێ بدات، دەبێت هەوڵی دۆزینەوەی ئەو چەكە بدات، پێموایە بەو چەكەیەش لەپلەی یەكەمدا بە ڕێگای خۆرۆشنبیركردن و تێگەیشتن لەبنەماكانی ژیانی ئێستا و چۆنێتی ئیشكردن بۆ ئایندە، ئەوەش بێگومان دەبێت خۆئامادەكردنی ناوخۆی دەبێ، بەكەڵك وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانی دەرەوە لەئەزموونی ڕێكخراوە گەنجی و لاوییەكان، ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەتی ئەوانەی كە گەنج ئیشی تێدا دەكات، ئەوانەی كە ژن ئیشی تێدادەكات بە تێگەیشتن لەبنەماكانی فكری و فەلسەفەی ئەوتۆ، كە بزانین نەخشە و پرۆژەی ئایندەی گەنجانە چۆن دادەنرێت و چۆن كاردەكرێت، بێگومان ناتوانین وەكو گەنج ببنە ئەو هێزە كاریگەرە، كە هەم لەڕووی ئەوی پیردا بوەستێت و بتوانێ هێزێكی ئەوتۆ بێت، ئەو ئیجباركەیت بۆئەوەی كورسییەكە بۆ تۆ چۆڵ بكات، ئەو ئیجار بكەیت بۆئەوەی



ئەو بەناچاری مل بۆ داواكانت بدات، ئەو ئیجباریكەی بۆئەوەی كە گوێت لێ بگرێ، ئەو ئیجبار كەی بۆئەوەی بواری كاركردنی فراوانت بۆ بكاتەوە، خۆت ڕێكبخەی و ئازادی بەدەست بێنی، بۆئەوەی ئازادیی ڕێكخراوەیی، ئازادیی ڕۆشنبیری، ئازادیی ڕاگەیاندن لەهەموو بوارەكاندا جێبەجێ بكەی، ئەو ئیجبار بكەی بۆئەوەی كە تۆ بەردەوام جیلێكی پاشەكشە كردووی لاواز نەبی لەبەردەم ئەو هەموو باروودۆخە قورسەی كە ژیانی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی فەرزی دەكات بەسەرتا و ئەبێ بە پرۆژەیەكی واوە ئیش بكەی ناچار نەكرێی، بۆئەوەی جیلێكی پاشەكشەكردوو بیت و مەیدانەكە بۆ ئەو چۆڵ بكەیت، ئەمەش بەچی دەبێت؟؟؟

بە خەباتێكی كۆڵ نەدەرانەی لێنەبڕاوانە لەسەر ئاستی خۆ ڕۆشنبیركردن و تێگەیشتن لە خودی خۆت وەك گەنج، هەم لەچەمكی دەسەڵات و لە مەفهومی دەسەڵات و ئەوی جیلی پێشەوە بەدەست گرتووە و چۆن دەتوانێ لەو چەمكە تێبگەی و چۆن دەتوانی خەبات بكەی، بۆئەوەی دەسەڵات لەژێر دەست ئەو بەدەست بهێنی و سەرەی تۆ بێت بچیتە پێشەوە، بێگومان ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت و لەم ململانێیەدا من پێموایە ئەوەی كە براوە دەبێت گەنجە، چونكە ئەو ئێستا دێتە پێشەوەی ژیان پێش ئەوی بۆ پیرەكە بێت.

پیرەكە لەسەردەمێكدا كە گەنج بووە، ڕەنگە هەمان ململانێی كردبێت، كە هاتۆتە ئێرە و كاتی خۆشی تەحەمولی ئەوەی هەبوو، ئەوی ئێستا پیر و ئەوەی ئێستا لەسەر كورسی دەسەڵات و فەرمانڕەوان، بۆئەوەی كورسی پێش خۆی بەدەست بێنێ و هەوڵی داوە و ئێستا بەدەستی هێناوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆی گەنج چۆن



ئیش دەكەی، بۆئەوەی كە كورسییەكە لەژێر دەستی ئەو بسەنی و بیخەیتە ژێر دەستی خۆت، دیارە ئەوەی كە لەكاتی خۆی گرنگە (تموحی) هەبێ، بۆئەوەی بێتە خاوەنی كورسییەكە كە هاتووە، من پێموایە ئێستا زۆر پەیوەست ئەبێت بەو كورسییەی دەسەڵات كە هەیەتی، بەو سەروەتە مادی و مەعنەوییەی كە هەیەتی، بۆئەوەی نەیدۆڕێنێ، نەیپارێزێ، ئەویش وای لێكردووە بەشێوەیەكی گشتی دەتوانم بڵێم ئەو نەوەیەی لەسەر كورسی فەرمانڕەوایە بە مەعنەوییەكی توندوتیژ، بە نەوەیەكی خۆپەرست، بە نەوەیەكی دەسەڵاتخواز، هەندێ جار نەوەیەك دەبێتە نەوەیەكی تۆتالیتار، زۆربەی كات بۆ پاراستن خۆی هێزیش بەكاردێنێ دژی تۆ، پێموایە ئەگەر تۆ بە ئەساسێكی زانست و ڕۆشنبیریی و فكری و مەعریفی و فەلسەفیەوە هاتوویتە جیهان بینی، كە هاتیت و توانیت كورسییەكە لەو بسەنیتەوە، پێموایە بەرامبەر بە نەوەكانی دوای خۆت ناڵێم بەتەواوی زۆركراوە، دەبێ بڵێم لەو جیلەی پێش خۆت باشتر دەبێت.

ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت، بەڵام پێموایە لەم ململانێیەدا نەوەی نوێ دەتوانێ گرەوەكە، ململانێیەكە بباتەوە، بەڵام پێویستت بەوەیە، كە بەڕاستی بە بنەمایەكی پێویست، بە چەكێكی پێویست خۆی چەكدار بكات و نەبەزێ لەو ململانێیەدا، چونكە دەبێ بزانێت ئەوەی خاوەنی دەسەڵات، ئەزموونی هەیە، تاقیكردنەوەی هەیە، هەمان ململانێیەی كردووە و سامانی ڕەمزی یان مەعنەوی و سامانی مادیش بەدەستەوەیە، دەتوانێ ململانێت بكات، بەلایەنی كەمەوە پاسیڤت بكات و هەوڵ بدات بتخاتە دەرەوەی كۆمەڵگا، هەوڵ دەدات بێ ئومێدت بكات، هەوڵ دەدات وات لێ بكات، كە واز لە خەبات بهێنی، هەموو ئەم سیاسەتانە لەبەردەگرێت، بەڵام گرنگ



ئەوەیە، ئەگەر تۆ خاوەنی جیهان بینی بی و خاوەنی بۆچوونێكی بەرنامە بۆ دارێژراوانە نەبووی، پێموایە هەموو ئەمانە كۆڵت بۆ نادات، لەخەباتی خۆت و لەململانێی خۆت بەردەوام دەبی، هەتاوەكو دەگەیتە ئەو ئامانجەی كە هەتە.

**پرسیار/ بورە كاك عەتا یەك شت لام بۆتە سەرنج، نەوەی پێشوو بڵێین نەوەی حەفتاكان گەنجەكان ئەیان وت ئێمە بچینە دەسەڵات وا ئەكەین و گۆڕانكاری ئەكەین، بەڵام هەر ئەوانەیە كە ئێستا لەدەزگا حوكمی و حزبی و ڕۆشنبیرییەكانن، هەمان كۆپی دەسەڵاتی ئەو كاتەی پیرەكانن؟**

**تۆ هۆكاری ئەمە ئەگەڕێنیتەوە بۆچی؟؟ پێت وانییە كلتوری ئێمە، كۆمەڵگەی ئێمە، ئەو ئەقڵیەتەی لەمێشكی پیرا هەیە، كۆپی بۆتە ناو مێشكی گەنجەكانیش و كاتێك كە ئەچێتە سەر كورسی دەسەڵات، ئیتر لەهەر ئاستێكدا بێت هەمان كۆپی پێشووی خۆیەتی؟**

وەڵام/ بەڵێ، بێگومان تۆ باسی نەوەیەی حەفتاكانت كرد، ئەو نەوەیەی كە لە حەفتاكان بەشێكی زۆری گەنج بوو، ئێستا ئەو نەوەیەن لێرە لەناو واقعی ڕۆشنبیریدا دەتوانم بڵێم دەسەڵاتی ڕۆشنبیری لەڕووی مادییەوە بەدەستی ئەوانەوەیە لەسیاسەتدا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست ئەوانەوەیە، لە ئیدارە و دەسەڵاتی ئیداری بەدەست ئەوانەوەیە، لەحزبدا ئەوان مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی حزب ئەكەن لەكوردستاندا.

ئەم نەوەیە لەقۆناغێكدا كە گەنج بوون هەموو عاتیفە و سۆز و هەڵچوونێكی شۆڕشگێڕانەیان هەبووە، بەشی زۆری ئەدعای ئەوەیان كردووە، كاتێ ئەمان ئەگەر بگەنە دەسەڵات بەجۆرێكی ئەوتۆ دیموكراسی دەبن، پێشكەوتنخواز دەبن، بەجۆرێك مافەكان جێبەجێ دەكەن، كە یەتوبیایە بنیات دەنێین، بێگومان بۆخۆی دەسەڵات

دەتوانم بڵێم چەمكێكی تاڕادەیەك ناشیرینە، هەمیشە دەسەڵات ئەوەیە كە تموحی هەیە و خۆی بپارێزێ و بۆ پاراستنی خۆی دەبێ ئەڵقەیەكی داخراو دروست بكات، بەتایبەتی لەو كۆمەڵگایانەی كلتوری داخراو ئیشی تێدا دەكات وەكو كۆمەڵگای ئێمە.

لەو كۆمەڵگایانەی ئاراستەی فەرمان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دێت، ئەوەش شێوەیەكە لەهەرەمی فكری دین، خواوەند لە لوتكەدایە و دوای ئەویش پێغەمبەر دێت، دوای ئەویش خەلیفەكان دێن و ئەوەی پێكهاتەی خوارەوەیە لە هەرەمی دیینیا خاوەنی هیچ مافێك نییە، تەنها ئەبێت ئەرك جێبەجێ بكات لەناو كلتوری داخراوی وەكو لە كۆمەڵگەی كوردەواری ئێمەدا هەمان ئەقڵیەت ئیش دەكات، ئەوەی كە چووە سەرەوە خۆی دەخاتە لوتكەی هەرەمەكە و بۆ خوارەوە فەرمان دەرئەكات.

بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە، گوێ لەخوارەوە بگرێ ئەم ئەقڵیەتە باوە لە كلتوری كوردەواری دەتوانم بڵێم لە كلتوری رۆژهەڵاتی ئیشدەكات، خۆ هەر ئەوەیە كە ئێمە دەڵێین لەم كۆمەڵگایانە بۆچی دیموكراسی نییە؟ بۆچی ئازادی نییە؟ بۆچی رای بەرامبەر دروست نابێ؟ بۆچی ئەوی دی ناخوێنرێتەوە؟

لەبەرئەوە سەرەوە كە سوڵتەی بەدەستە هیچ ناخوێنێتەوە، ئەو نەوەیەی لە حەفتاكان وەها ئدعایان ئەكرد، كە ئەگەر هاتە سەر دەسەڵات هەر جۆرێك لەو دەسەڵاتانە بێت، لە پێشتووتر باسمان كرد ئەو نموونەی (یۆتۆپیایەك) دروست ئەكەن، كە ئازادیی رەها، ماف، چەمكی هاوڵاتی بوون بەشێوەیەكی رەها، هەموو ئەو شتانەی تێدا بێت، وەها ئدعایان كردووە، بەڵام وەك دەبینین و دەتوانم بڵێم لەرووی ئەوەی كە مومارەسەی دەكەن و پیادەی دەكەن، هیچ جیاواز



نین لەنەوەكانی پێشەوە، وەك ئەوەی كە جەنابت ئاماژەت پێدا، هەمان ئەو ئەقڵیەتەی كە لەباپیرەیانەوە گواستراوەتەوە بۆ باوكیان، لەباوكیشیان گواستراوەتەوە بۆ ئەمان و رەنگە ئەم هەندێ بنەماشیان نەبێ بۆ پاراستن، هەندێ جار لەوەی كە شەرەنگێزترە..بۆ؟ تموحەكان زیاترە، نەوەیەكی شەڕەنگیزترە بۆ نموونە هەموو ئەوانەی كەمن لەناوەندی ئەدەبی و رۆشنبیرییەكاندا، دەیزانم ئەو پیاوانەی لەساڵی حەفتاكاندا پیاوبوون، وەك ئەوانەی كە ئێستا دەسەڵاتی رۆشنبیرییان بەدەستەوەیە، زۆر لەمان هێمنتر بوون، كە ئێستا دەسەڵاتی رۆشنبیرییان بەدەستەوەیە، بەڵكو دەتوانم بڵێم ئەمان دەقات لەوانی پێشەوە شەڕەنگێزتر و خوێنرێژترن و دەقات لەوانی پێشووتر دەسەڵات خوازترن، چ دەسەڵاتی مادی بێ یان دەسەڵاتی مەعنەوی بێ.

هۆكەشی ئاشكرایە سەردەمێكی زۆر ئەو نەوەیەی كە لەحەفتاكاندا تەنها رووكەشێكی رۆشنبیری وەرگرتووە و كەمیان بەدەگمەن تیاندا بووە رۆشنبیریی جدی بێت و بەدەگمەن تیاندابووە، كە زانیبێتی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و لەڕوانینی هاوچەرخ بۆ گەنج و بۆ كۆمەڵگا و بۆ دەسەڵات بێت، ئەمانە لەساڵی حەفتاكاندا وەكو پێكهاتەیەكی (مكبوت)، پێكهاتەیەكی چەپێنراو كە خۆیان بێبەش بینیووە لەهەموو شتێك كە محروم بوون لەهەموو شتێك، بەجۆرێكی ئەوتۆ بیریان لەدەسەڵات و ئەوانە كردەوە، كە ئەمان دەچنە سەر حوكم ئیتر هەموو شتێك جێبەجێ دەكەن، بەڵام كە هاتنە سەر كورسی دەسەڵات، ئەمانە لەبەرئەوەی گرێیەی هەست بە كەمی كردن، رابردوویان نەبووە، ئەو گرێیەش وەكو



غەریزەیەكی ئاژەڵی لێهاتووە بۆیان تێر نابێ، لەبەرئەوە هەوڵ ئەدەن چی رووبەرە داگیری بكەن، لەئەنجامی تێركردن یان هەوڵدان بۆ تێركردنی غەریزەی خۆیان وایان لێ كردووە، نەك هەر ئازادی بەوی دی و بە ئەوانی تر رەوا نەبینن، بەڵكو زۆر ئازادی بە برادەرەكانی خۆیان رەوا نابینن، (یەكێك لەوەی كە لە حەفتاكان گەنج بوون، بۆ نموونە مەبەستمە تاكە كەس نییە، هەر كامیان بگری كە ئەو كاتە سیاسەتی كردووە لە ئەڵقەیەكی بچووكی حزبیدا هەبووە، كە ئێستا رەنگە بووبێ بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی یان سەركردایەتی لەحزبێكدا، لەبەرئەوەی ئەوەندە هەست بەبێ بەش بوون كردووە و غەریزەیەكی هێندە دڕندانە و ئاژەڵانەی لادروست بووە، ئێستا هەندێ جار ماف بە برادەرەكەی خۆی لە مەكتەبی سیاسی رەواش نابینێ حەز ئەكات پاشقوڵ لەویش بدات، ئەویش چونكە تصور دەكات بۆئەوەی كە ئەم هەموو دەسەڵاتی خۆی دابین بكات و جێبەجێی بكات و بیسەپێنێ و پێویستی بەهیچ كەسێك نەبێ، لەو رووبەرە كە نەوەی تێدایە لەناو نێوەندی رۆشنبیریدا ئەو شاعیرەی یان ئەو چیرۆكنووسەی كە لەساڵی حەفتاكاندا ئدعای كرانەوە و دیموكراسی و ئازادی و ئەوەی دەكرد، ئێستاكە هاتۆتە كورسی فەرمانڕەوا و خۆی بەدیكتاتۆری شیعر دەزانێ، خۆی بە دیكتاتۆری چیرۆك دەزانێ، وا تصور دەكات ئەم (سوڵتان عبدولحمید) لەسەر كورسی فەرمانڕەوا لاچووە و ئەم هاتۆتە شوێنەكەی، وەها سەیری خۆی دەكات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەمان ئەدات بەدەستەوە، بەراستی ئەو نەوەیەی حەفتاكان ئێمە نەوەیەكی نەخوێندەوار بوو، نەوەیەك تەنها رووكەشێكە لەخوێندەواری، لەبەرئەوە واقعی كۆمەڵگای كوردەواری لەساڵەكانی حەفتاكانیش و



ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەگەر لەرووی تێورەكانی كۆمەڵناسی سەیری بكەین، ئەتوانم وەكو كۆمەڵگای دەرەوەی نووسین سەیری بكەین، كۆمەڵگای دەرەوەی نووسین بە چەمكی كۆمەڵایەتی یەعنی كۆمەڵگایەكی نەخوێندەوار.

ساڵی حەفتاكان كۆمەڵگەی ئێمە بەتەواوی وابوو، ئەمی شاعیری ئەو سەردەمە، ئەمی چیرۆكنووسی ئەو سەردەمە، هەر ئەوە بوو جیاوازی هەبوو لەگەڵ كۆمەڵگا، لەبەرئەوە هەندێ شیعر و چیرۆكیش عەرەبی یان ئەوانی كەی خوێندۆتەوە، توانیوێتی شعر بنووسێ یان چیرۆك بنووسێ، تەنانەت بۆ ئەو كاتە ئەم نەیزانیوە چەمكی شعر چییە و چەمكی چیرۆك چییە و چەمكی ئەدەب چییە، ئێستاشی لەگەڵدا دەتوانم بڵێم لەناوەندی رۆشنبیریی كوردیدا لە هەموو كوردستانی گەورە ناڵێم، بەڵام لەم بەشەی كوردستان كە ئێمە شارەزایمان لێیە كە سلێمانی پایتەختی رۆشبیرییەكەیەتی، دوو شاعیر نادۆزینەوە، كە بزانن چەمكی شعر چییە؟ لەسلێمانیدا دوو چیرۆكنووسیش نادۆزیتەوە، كە بزانن چەمكی چیرۆك چییە؟ و دوو لێكۆڵەرەوەش نازانێ، كە بزانێ چەمكی لێكۆڵینەوە چییە، مەسەلە فكرییەكان چییە، مەعریفە چییە، جیهانبینی چییە؟

ئێمە ئەوەی كە ناومان ناوە رۆشنبیریی ئەو توێژە، بەراستی توێژێكی نەخوێندەوارە، بەڵام كورد پێشتر وتویەتی (لەشاری كوێرانەوە چاو شایە)، نازانم شتی لەو بابەتە ئەمە لەم واقیعەی ئێمەدا، ئەم نەوەیە بە رۆشنبیری دەزانین، پێمان وایە نەوەیەكی وا گرنگ و هەموو ئەو ئدعایانەش كە كردوویانە بە هەندێ عاتیفەی گەنجانە كردوویانە، لەبەرئەوە هەموویان پێشتر وتم هەموویان چەپێنراو بوون و بەشێوەیەكی گشتیش گرێی هەست بە كەمی

کردن، وەك جۆرێك لە نەخۆشی نەفسی لێ هاتووە، لەناخی ئەو پێکهاتە و دەستانەی کە گەیشتوونەتە دەسەڵات، هەر کام لە جۆرەکانی دەسەڵات بێ لەکۆمەڵگای کوردیدا، بەشی زۆری ئەوانەن کە گرێی هەست بەکەمی کردنیان هەبووە، ئێستا بەشی زۆریان بەشێوەیەکی شەڕەنگێز دەردەکەون، من سەیر نییە بەلامەوە، ئەگەر وەکو پرسیارێکیش ئاراستەی بکەم لەناو دەسەڵاتی کوردیدا، کەم کەس دەبینی لە ئێستا ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە شەڕەنگێز نەبن، بەلایەنی کەمەوە ئەگەر رقی لەکۆمەڵگا نەبێ، رقی لە فلآنە ئەندامی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی یان کادری حزبییە کە لە تەنیشی خۆیدا دادەنیشن، ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەوە یان فلآنە شاعیر بۆ نموونە هەر لەواقعی کۆمەڵگای کوردەواریدا با سەیر بکەین:-

ئەوە رەسەمەکەی کاك شێرۆك لەوێ هەڵواسراوە بۆ نموونە، پێم وانییە هیچ کام لەشاعیرەکانی کورد پێی خۆش بێ لەگەڵ رێزی زۆرم بۆی، رەنگە رقی لەهەموویان بێت و وا تصور دەکات رووبەرێکی لێرەدا داگیرکردووە، هەموو شاعیرەکانی هاوچەرخی ئەویش رقیان لەوە و هەموو شاعیرەکان و رۆشنبیرەکانی کوردی ئێمە وەزعێکی شەڕەنگێزانەیە، لەجیاتی ئەوەی گفتوگۆی فکری هەبێ، گفتوگۆ هەبێ لەسەر جیاوازی ئەو تەکنیك و ئامرازەی کە لە شعر و لە چیرۆك و لە لێکۆڵینەوە و لە مۆسیقا و لە گۆرانی  و لە هونەری تشکیلی بەکارئەهێنن، هەمووی جیاوازییە لەسەر ئەوەی کامیان لەم دەزگایە چووەتە پێشەوە و چەنێ پارە وەردەرگرێ و کامی کەیان نەچۆتە پێشەوە و چەنێ پارە وەردەگرێ، کامیان نزیکە لە فلآنە سکرتێری حزب و کامیان دوورە هەموو ململانێکەیان



لەسەر ئەوەیە ئێوە پیاوی خوێندەوارن و ئاگاتان لەباری رۆشنبیریی دنیاش هەیە.

نەتبیستووە داهێنەرێك لە دنیا ململانێکەی لەسەر ئەوە بێت، کە چەنێ پارەی دەستدەکەوێ و چەند نزیك دەبێتەوە لە سکرتێری حزب و لە دەسەڵاتی حزب و لە دەسەڵاتی حکومەت و چۆن دەزگای بۆ ئەکەنەوە و بینای چەن قاتی بۆ دروستدەکەن، بەپێچەوانەوە هەمووی بینوومانن بەشی زۆری داهێنەرە گەورەکان هەموو بە گۆشەگیری و لە شوێنێکدا هەوڵی ئەوەی بوو، کە قوژبنێکی هەبێ کتێبی تیابخوێنێتەوە، تیا بنووسێ، ئەمە واقعە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەم شێوەیە باوە، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەتایبەتی لەناوەندی رۆشنبیریی ئێمە لەساڵانی حەفتاکاندا، کە تۆ ئاماژەت بۆ کرد کەسێك نەبوو، کە خەمی رۆشنبیری هێنابێتە ناو بواری رۆشنبیرییەوە، واتا بەدوای فکر و مەعریفەدا بگەڕێ، بەڵکو سیاسەت هێناونیەتە ناوەوە، کە سیاسەت هێناونیەتە ناوەوە، سیاسەت خۆتان دەزانن بەئاشکرا رووبەرێکی تەسکە، رووبەرێکی خراپە بۆ ئیشکردن، رووبەرێکە دەتوانم بڵێم زۆربەی کات خەڵکێك کۆدەکاتەوە و زیاتر لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکان، خەڵکی شەڕەنگیز، خەڵکی نەخۆش لەرووی دەروونییەوە، خەڵکانێك کە بەدوای ویست و غەریزەکانی خۆیان دەڕۆن، چ ویستی بایلۆجییانە بێت، چ ویستی بۆماوەیانە بێت، دەیانەوێ ئەوانە تێر بکەن، خەڵکێکیش کە گرێی هەست بەکەمی هەبێ ممکن نییە و ناشبێت کەسێکی دیموکراسی بێت، کەسێك بێت کە چووە سەر کورسی دەسەڵات دیموکراسیانە ئیش بکات، چونکە ئەو لەئەسڵدا هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی نییە، هەڵگری پرۆژەیەك نییە، کە بڕوای بەماف بێت، هەڵگری پرۆژەیەك



نییە، کە بڕوای بەئازادی ئەوی دی هەبێ، ئەمە بۆ بواری رۆشنبیری باسمان کرد، باری سیاسی لەوە خراپترە، باری ئیداری لەوە خراپترە، مەعنای ئەوەیە لە کلتوری کوردیدا، لە ئەقڵی کوریدا لەدابونەریتی کوردەواریدا، لەم کۆمەڵگایەی کە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە، کۆمەلگایەك هەتا ئێستاش من دەتوانم بە کۆمەڵگای دەرەوەی نووسین ناوزەنگی بکەم، سەرباری ئەوەی با چەند زانکۆ و چەند قوتابخانە و خوێندنگا هەبێ، ئەوە گرنگ نییە لەرووی رۆشنبیرییەوە، تۆ کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوارت هەیە لەرووی فکرییەوە، کۆمەلگای نەخوێندەوارت هەیە لەرووی زانستییەوە، کۆمەلگایەکی نەخوێندەوارت هەیە لەرووی سیاسیەوە کۆمەلگایەکی نەخوێندەوارت هەیە لە کوردستاندا.

کە گوێیمان لە دەزگاکانی راگەیاندن و ئەوانە ئەبێ باسی سەدان کەس دەکەن بەسیاسەتمەدار، بەڵام هەموو ئەوان کۆکەرەکەوە بزانە چەند کەس دەزانێ زانستی سیاسی چییە؟ چەند کەس ئاگای لەزانستی سیاسەتە، چەند کەس ئاگای لەبنەماکانی سیاسەت و فکر و تەنانەت رێکخستنیشە، ئێمە کۆمەڵگایەکین بەرێکەوت و لەئەنجامی کاردانەوە کەوتووینە سەر ئەم کارانە، بۆیە لەزۆربەی شتەکانماندا تەواوین، ئینجا لێرە دەتوانم ئاماژە بۆ شتێکی کە بکەم، بەراستییەکی لە ئەو نەوەیەی کە تۆ (جەنابت) باستکرد، نەوەیەکە لە کۆمەلگای کوردەواری لەدەرەوەی ئەقڵی دامەزراوەیی دروست نەبووە، ئەقڵێك دروست نەبووە کە لەناو کۆمەلگادا شەقڵی هەبێ و بەرنامەی هەبێ و پرۆژەی هەبێ و کار بکات بەشێوەی پرۆژەیی، لەبەرئەوە هەموو کارەکانی لەسەر ئاستی تاکە کەسین.

تاکە کەسیش لێرە یاسای نییە کە کۆنترۆڵی بکات، هەتا ئێستا



لەکۆمەلگای کوردەواریدا یاسامان نییە، دابونەریتی کۆمەلأیەتی هەندێ جار کۆنترۆڵی دەکات، بۆئەوەی کە ئەزانم ئەو حەراماتە لەرووی دینیەوە، لەرووی ئەخلاقییەوە، لەرووی کۆمەلأیەتییەوە ئەو سنوورانە نەبەزێنن، تەنها ئەوە هەیە، ئیتر هیچ سنوورێکی کە نییە، لەبەرئەوە منیش سبەینێ چوومە سەر کورسی دەسەڵاتی سیاسی، لەوانەیە منیش پیاوێکی شەڕەنگێزی دڕندە دەربچم، بەهەمان شێوەی ئەوەی دەسەڵاتی ئیداریش ئیش بکەم، بەهەمان ئەوەی دەسەڵاتی رۆشنبیری ئیش بکەم، ئەم واقعە کۆمەلأیەتییەی ئێمە واقیعێکە دەبێت خوێندنەوی بۆ بکرێ، دەبێ محاسەبە بکرێ، دەبێ محاکەمە بکرێ، دەبێ هەڵبسەنگێنرێ.

من پێموایە ئەمەش بۆ ئەو جیلەی جەنابت ئاماژەت پێ کردن، ئێستا گەیشتۆتە سەر کورسی دەسەڵات و ئەوانە، ئەو یەك شتی لەبەردەست ماوە، خەریکی هەوڵدان و کۆشش کردنە بۆ تێرکردنی غەریزە شەڕەنگێزەکانی خۆیان، تازە من چاوەڕوانی ئەو نەوەیە ناکەم، کە ئێستا لەسەر کورسی دەسەڵاتە، چ نەوەی سیاسی، چ نەوەی ئیداری، چ نەوەی رۆشنبیری هیچ گۆڕانکاریەك بکا، بەپێچەوانەوە پرۆژەی ئەم گۆڕانکارییە کەوتۆتە ئەستۆی گەنج، کەوتۆتە ئەستۆی ئێوە، کەوتۆتە ئەستۆی ئەو نەوەیەی کە ئێستا بەرێگاوەیە.

**پرسیار/  کاك عەتا جیهانگیری و هاتنی تەکنەلۆژیا چ گۆڕانکارییەکی بەسەر شوناسی گەنج و پیردا هێناوە؟ ئەگەر هەبێ گۆڕانکاری لەچی و لەکامیان بووە؟**

وەڵام/  بێگومان ئێمە هەتاوەکو ئێستا تێگەیشتنمان بۆ چەمکی جیهانگیری یان ئەوەی کە بە جیهانبوون ناسراوە، بەراستییەکەی بەتایبەتی لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردی نێوان دوو

جەمسەرەکەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، مەسەلەیەك هاتە ئاراوە کە مەسەلەی جیهانگیرییە، راستە هەندێ لە ئاسەورەکانی جیهانگیری لەروانگەی راگەیاندن بە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بە ئەنتەرنێتەوە بە هەموو ئەمانە دەرکەوتووە، هەتا بنەمایەکی کەی ئەوەی جیهانگیری، کە هەموومان دەزانین بریتی بوو لە کۆمپانیا و فرە رەگەزەکان و مەسەلەی بانکەکان لەدنیادا، ئەمانە لەلای ئێمە تائێستا رەنگدانەوەی وەهای نەبوو، بەراستی ئەوەی لای ئێمە رەنگدانەوەی هەیە، دەتوانم بەشێوەیەکی بەربلاو مەسەلەکانی راگەیاندن و کەناڵەکانی راگەیاندن لەماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی رابردوو مەسەلەی ئەنتەرنێت و ئەوانە کۆنترۆڵی بەشێك لەهەموو کۆمەڵگاکانی جیهانی کردووە بە ئێمەشەوە، بێگومان بۆ گەنج دەتوانم بڵێم بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا مەسەلەی راگەیاندن و کەناڵەکانی راگەیاندن و ئەنتەرنێت دەرگایەکی زۆر گرنگە، کە کراوەتەوە بەرووی گەنجی ئێمەدا، دەرگایەکە دەتوانم بڵێم ئەگەر گەنج بیەوێ کەڵکێکی زۆری لێوەرگرێ، ئێستا لەم کاتەدا مەسەلەن، من لەوانەیە لەساڵی نیوەی یەکەمی هەشتاکان لەساڵی هەشتاکان هاوشێوەی ئەو تەمەنەی ئێستا بووبین، لەسەردەمی ئێمەدا لەرووی راگەیاندنەوە لە هەموو ئەم بەشەی کوردستاندا رۆژنامەیەکی (ئیقلیمی هاوکاری) کە بەعس دەریدەکرد و یەك دوو گۆڤاری (بەیان و کاروان)یش دەردەچوو، کە بە مانگی دووجار دەردەچوو و ئەوەی تیادەنووسرا کە لەژێر چاودێری رەقابەی بەعسدا دەڕۆشت و تەلەفزیۆنە رەش و سپیەکەش هەبوو جاری وا هەبوو لە سەعات حەوتەوە (سەدام حسێن)ی نیشان ئەدا، هەتاوەکو سەعات یازدەی شەو، ئیتر شتێکی وات نەدەبینی، تۆ سەیری ئەم بارودۆخە بکەیت،



کتێبەکەش بەم لا و ئەولا دەهات یان جاری واهەبوو هەندێ کتێب دەبوو لەو سەردەمەی ئێمە باوی خوێندنەوەی مارکیسیەت و هەندێ لەوانە بەشێکی زۆر، دەبوو بەنهێنی بیخوێنیتەوە، نەشت ئەتوانی بەئاشکرا بیخوێنیتەوە، سەیری ئەو بارودۆخە جاری وابوو تصوری گەنج لەو کاتانەدا نەك هەر گەنجی ئاسایی، بەڵکو خوێندەوارەکەش وامان لێهاتبوو کە تصور بکەی، جیهان هەر بریتییە لەم بەشە بچووکەی کە تۆی تیادەژی، زۆرجار لەرێگای رۆمانێکەوە بتزانیایە بەشێکی کە هەیە لەدنیا یان لەشوێنەکانی کە هەیە و چی روودەدات و روونادات، بەڵام ئێستا بەراستییەکەی لەرێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە کرانەوەیەکی ئەوتۆ هەیە، تۆ دەتوانی ئێستا بچیتە سەرئەوەی ئەنتەرنێتەکە و کام سایتت بتەوێ بیکەیتەوە، دەزانی لەهەموو بەشەکانی دنیا چی روودەدات و دەتوانی زانست کۆبکەیتەوە، زانیاری کۆبکەیتەوە، فکر کۆبکەیتەوە، فەلسەفە کۆبکەیتەوە، ئەدەب کۆبکەیتەوە، چیت بوێت یەکسەر رایبکێشی لەرێگەی کەناڵەکانی سەتەلایتەوە دەتوانی بەدەیان شت بێنی.

ئەم کرانەوەیەکە من پێموایە لەئاستی یەکەمدا ئەمە ئاسۆی گەنج زۆر فراوان دەکات، ئەگەر خۆی بیەوێ هەوڵ بدات، بابڵێین بوارێکی لەبەردەستدایە بۆئەوەی کە بتوانێ بەرووی دنیا بکرێتەوە، بەرووی روانینی نوێدا بکرێتەوە، بەرووی فکر و فەلسەفە و رۆشنبیری نوێدا بکرێتەوە، بەڵام دیسان تۆ خۆت پرۆژەت نەبێ، ئەمەش بەس نییە، ئەگەر پرۆژەت نەبێ، بەراستییەکەی تۆ لەناو ئەم رووبەرە فراوانەی راگەیاندن لەوانەیە تووشی ونبوون ببی و نەتوانی خۆت بدۆزیتەوە و نەتوانی ئەوەی کە دەتەوێ چی بکەی، راستە ئەو مەسەلانەی کە جیهانگیری هێناویەتی ئاسۆیەکی زۆر



فراوانی کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ ئەوە بزانین، ئەمەش وەك ئەو دەرمانە وایە، کە زۆر دکتۆر دەیدا بە نەخۆشێك بۆ کەڵك وەرگرتن و چارەسەرکردنی، بەڵام لەلایەکی ترەوە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەهەندێ رووی ترەوە، ئەگەر تۆ نەتوانێ ئەم کەنالآنەش بەکاربێنی، لەوانەیە وات لێ بکات هەموو کاتەکەت ببات و نەتوانی کەڵك وەربگری و هەموو کاتەکەشت لەدەست بچێ، لەم رووەوە دەتوانم بڵێم گەنج ئیسفادەیەکی زۆری کردووە.

بەشێکی تری پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا پیر یان نەوەی پێشەوە کەڵکی لەمە وەرگرتووە، من پێموایە نەوەی پێشوو بەتایبەتی لەکۆمەڵگای ئێمەدا تموحی ئەوەی نەماوە، کە سوود وەرگرێ، چونکە ئەو گەشتووە بە کورسی دەسەڵات، گەشتووە بەدەستهاتی ماددی و مەعنەوی و ئەو دەیەوێ پارێزگاری لەوە بکات، بەپێچەوانەوە ئەو رەنگە بیەوێ گەنج ئاراستە بکات لەو رووەی جیهانگیری لەو رووەی کەناڵەکانی راگەیاندن بە ئەنتەرنێت و سەتەلایت و بەهەموو ئەمانەوە.

من پێم وایە جیلی دەسەڵات حەز ئەکات، گەنج بە شتە جدیەکان خەریك نەبێ و حەز ئەکات بەو شتانە خەریك بێ، کە گەنج بخاتە بەردەمی شەپۆلێك و راپێچی بکات، بۆئەوەی بیرنەکاتەوە، بۆئەوەی ئەو بەئیسراحەت لەسەر کورسی دەسەڵاتەکەی دابنیشێ، ئەو ناتوانێ ئسفادە بکات لە کەناڵەکانی راگەیاندن و لەجیهانگیری، بۆئەوەی پەرە بە خۆی بدات و گەشە بەخۆی بدات و ئسفادە بکات، بەپێچەوانەوەوە ئەوەی کە دەتوانێ ئسفادەی لەمە بکات، گەنج خۆی ئامادەبکات و پرۆژەی نوێ، تێگەیشتنی نوێ، روانینی نوێ، خوێندنەوەی نوی، چ بۆ خۆی و چ بۆ ئەوی دەسەڵات و چ بۆ



جیهانیش بنیادبنێ، بەو ئومێدەی کە کاتێ ئەم دەگاتە خاوەنی پرۆژەیەکی تەواوی ئەوتۆ بێت، کە لە هەموو لایەنێکەوە بتوانێ کۆمەڵگا بە ئاقارێك ببات، کە نەکەوێتە بەردەم ئەو رەخنانەی کە ئێستا لەنەوەی پێشەوە هەیە، بەلایەنی کەمەوە هەمووومان با من نەوەکەی خۆم بڵێم هەمووومان هەتاوەکو سەرەتاکانی جیهانگیری نەهاتبوو، ئیتر هەتاوەکو لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن و لەرێگای هەندێ لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و خوێندنەوە و بەتایبەتی لەدوای راپەڕینیش.

دەبێ ئەو حەقیقەتە بڵێین کە دەروازەی کتێب کرایەوە، بەشی زۆر لەوەی کە لە ناوەندی رۆشنبیریی کوردیدا ئەوەش شتە جدییەکان بوو، کەس نەیدەزانی مەسەلەی قسەکردن لەسەر رای ئەودی، کەس دەیزانی دانان بە رای ئەوی دی چی دەگەیەنێ، کەس نەیدەزانی چەمکەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و کرانەوە چی دەگەیەنێ، هەمووومان هەر ئەو شتە سادەیە تێ گەیشتبووین، کە لە (مەنزوری) مارکسیەتەوە لە کتێبە مارکسیەکان خوێندبوومانەوە، کە دیموکراسی چییە و سۆشیالیزم چییە، دوایی کە هاتین ئەم قۆناغە دوایی بۆمان دەرکەوت، ئەوەش کە لەوێ فێر بووین، هیچ جیاوازیەکی نییە لە کلتوری ئایینی و لە کلتوری باوکسالاری خێزانی کوردیدا فێربووین، کە تەنها حەقێك بۆ منە و هەموو راستییەك لەلای منە و هەموو دەرەوەی من هیچ ناگەیەنێ، دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا باسی لێوە دەکرێ، لەسەر ئازادی و لەسەر ماف و لەسەر دان نان بەبوونی ئەوی تردا و لەسەر گوێ گرتن لەوی تر و لەسەر تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی تا کوێیە، چەمکی دیموکراسی تا کوێیە، هەموو ئەو بەرهەمانەی

دەتوانم بڵێم جیهانگیریەکە نەك هەر بۆ نەوەی گەنج، بەڵکو بۆ نەوەکەی پێشەوە ئەگەر ئێستا بتوانێ لێکدانەوەی هەبێت بۆ قۆناغەکانی ژیانی خۆی، بۆ تێگەیشتن لەچەمکی ئازادی لەخوێندنەوەی ئەوی دی، لەبڕوا بوون بەڕای ئەوی دی، لەبڕوابوون بەمەسەلەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی، پێم وایە هەر ئەوەیە کە لەکاریگەرییەکانی بەرهەمی جیهانگیری گەیشتۆتە ئێمە دەنا هیچ کام لەئێمە لە قۆناغەکانی پێشتردا ئەو شتانەمان دەزانی وە هەموو یەك شت فێربووین لەو کلتوری داخراوی مارکسیو کلتوری داخراوی ئاینی و کلتوری داخراوی کۆمەڵگای کوردەواریی و لەکلتوری داخراوی خێزانی کوردییەوە هەر ئەوە تێگەیشتوو بووین کە حەقیقەتەکان لای من، کە هەموو راستیەکان لای من، وە هەموو ئەوی تری و ئەوی دی چی دەڵێ ئەوە شایانی گوێ لێگرتن نییە وە هەموو حەقێك (حەقیقەتێك)ی منەو ئەوەی کە هیچ نییە، هەمووومان بەو ئەقڵیەتە ئیشمان کردوە، هەتاوەکو ساڵانی دوای راپەرین وورده وورده بەرهەمەکان وەکاریگەریەکانی جیهانگیری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ گەیشتۆتە لای ئێمە، ئەوە ڕای بچوکە یا ئەو ڕووبەرە تەسکەی کە نەوەی تیا دروست بووە، من پێم وایە ئەوە بەرهەمی جیهانگیرییە.

ئەویش هەتاوەکو ئێستا دەتوانم بڵێم لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕووبەرێکی زۆر زۆر تەسکە وە نوغبەیەك دەتوانم بڵێم کاری پێ دەکەن وەلێی تێدەگەن وە خەریکن پێوەی بەڵام بۆنەوەی نوێ بۆ نەوەی ئێوە پێم وایە دەبێت ڕووبەرەکی زۆر زۆر فراوانتر بێت چونکە ئاسۆیەکی فراوانترتان لەبەردەستدایە وە ئێستا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری دنیا بۆ ئەوە دەچێت کە کلتوری



دنیا وەکویەك کلتوری لێبێ

ئەوەی ئەمرۆ لەئەمریکان ئەوەی ئەمرۆ لە لەندەن، ئەوەی ئەمرۆ لە یابان، ئەوەی ئەمرۆ لەصین لە ئەندەنوسیا دەکرێت. تۆ دەتوانی سبەینێ یان پاش دوو سەعات کە لە ئەنتەرنێتەوە وەریبگری وە سەیری بکەی وەلێی تێبگەی، کە ئەمەش بەڕاستی وای لێ دێ کە کلتورێکی یەکگرتوو لەدنیادا بۆ لەمەودوا کار بکات کە ئەو کلتورەش بۆ ئەوە دەڕوات بەراستی کە بوار بۆ داخران، بوار بۆ قۆرخ کردن، هەموو پنتەکانی دەسەڵات ناهێڵێ. من پێم وایە ئەوەش ئاسۆیەکی گەشە کە نەوەی نوێی ئێمە دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، وە ئەو ئومێدە گەشەی کەمن بەنەوەی نوێ هەمبێبەراستییەکەی لەسەر بنەمای کەڵك وەگرتن لەبەرهەمەکانی جیهانگیری، لەبەرهەمی ڕاگەیاندن و فکرو مەعریفە و فەلسەفەی جیهانی دەگاتە لای تۆ من پێم خۆش بێ یان نا نەوەی پێشوتر پێی ناخۆش بێ یان نا، تۆ کەڵکی لێ وەردەگری وە فێردەبێ لێیەوە، کە فێربووی کاری پێ دەکەی وە پرۆژەی ئایندەی خۆت پێ دادەنێی کە ئەمەش بۆ ئایندەی ئێمە کارێکی زۆر گرنگە.

**پ. ئارام/ یەکێك لەو سیمایانەی کە گەنج پێی دەناسرێت خەون و پرسیارکردنە. ئەگەر سەیریکەی لە کۆمەڵگای خۆمان گەنج کەمترین پرسیاری هەیە لەسەر دیاردەکان ئەو دیاردانەی بونەتە مەترسی بۆسەر ژیانی ئێستا و داهاتویان، تۆ هۆکاری کەمی پرسیاری گەنج بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟؟.**

**پ.خەڵەف/ تۆپێت وانییە لەوڵاتی ئێمەدا حزب، گەنج ئاراستەدەکات و رۆشنبیریش ئاراستە دەکات، بەشێوەیەك ئەیەوێ کە رۆشنبیریی حزبی دروست بکات کە بیرکردنەوەی حزبیان هەبێت؟؟**



وەڵام/ بێگومان ئەم پرسیارە پرسیارێکی جدییە بەراستی لەکۆمەلگەی ئێمەدا ئەوەی لەپێشەوە پرسیارەکە هات، کەمی پرسیاریان نەبوونی خەون لای گەنج ئەوەی جەنابت زیاتر ڕوونت کردەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەشێوەیەك کە بڵێین حزب بەشێوەیەك ئیش دەکات دەیەوێ هەموو کەسێك لە کۆمەلگەدا بکات بەسیاسی یان حزبی، بێگومان ئەمە بواری قسەکردنی زۆرە، جارێ بابپرسین، بۆچی گەنج لەکۆمەلگەی ئێمەدا خاوەنی پرسیار نییە یان گەنج خاوەن خەون نییە؟؟

لەکلتوری کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی کلتوری کوردی، کلتورێکی داخراوە، کلتورێکی بێ پرسیارە، کلتورێکە خەون بینین تێیدا زۆر دەگمەنە، بۆچی؟؟

چونکە لە کلتورێکدا پرسیار سەرهەڵ دەدات بەراستی لەو کلتورەدا ئەقڵ ئیش بکات، لەو کلتورە کە مەعریفەت ئامادەبوونی هەبێت، لە کلتورەکە کە فکر ئامادەبوونی هەبێ، کلتوری کوردی کلتورێکە هەتا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، کلتورێکی مەعریفی نییە، کلتورێکە بەجۆرێك لەجۆرەکان بارگاوی کراوە وە تاسەر ئێسقان بارگاوی کراوە بەوەهم، بەخەیاڵێك دەتوانم بڵێم، نەك خەیاڵێك کە ئینسان ئاراستە بکات بۆ لێك دانەوە بەخەیاڵێکی خورافیانە بارگاوی کراوە لە کلتووری ئێمەدا، هەتا ئێستا خورافەت ئیش دەکات.

(خورافەت) مەبەستم لەوەیە دۆزینەوەی بنەمایەکی وەهم و سحرێکی جنۆکە ئامێزانە بۆ لێکدانەوەی، هەتا ئێستایش بەستن بەلێك دانەوەی جنۆکەیانە بووە.

لەم کلتورەدا بەدرێژایی مێژوو کەم جار پرسیار دروست بووە، وە لەبەرئەوە ئەقڵێکی باوك سالاری ئامادەبوونی هەبووە، هەوڵی داوە



هەموو پرسیارێك بکوژێ. تۆیەك پرسیاریشت لادروست بووبێ ئەم کلتورە هەوڵی داوە تۆ بخنکێنێ وە نەییەڵاوە پرسیار دروست بێ، لەکلتوری کوریدا کەبواری لێك دانەوە و شیکردنەوەی ئەقڵ ئیشی نەکردووە، بێگومان پرسیار دروست نەبووە. کە پرسیار دورست نەبێ مەعنای ئەوەیە کێ پرسیار بکات؟ یەکێك لەخاسیەتە هەرە دیارەکانی کلتوری کوردی بەراستی ئەوەیە پرسیاری تێدانییە لەبەرئەوە لەسەر بنەمای وەهمو خۆسپاردن بەوی دی و خۆسپاردن بەدەرەوەی خوودی خۆت، خۆسپاردن بەکلتوری ئاینی. راستە کلتوری ئاینی، کلتورێکە پرسیاری تێدایە بۆ کۆمەڵێك کە کۆمەلگای جدی بێت، پرسیاری زۆر جدی تێدایە تەنانەت لەکۆمەلگەی کوردی کە کۆمەلگەیەکی ئاینی بووە، نەیتوانیوە پرسیاری ئاینی دروست بکات بەڵکو هەموو شتێکی وەرگرتووە وە توانای پرسیارکردنەوەی پرسیاری نەبووە.

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو حاڵەتەی چی لەسەر ئەوە هاتووە وەك هەرێمی، دەسەڵات بۆ خوارەوە ئاراستەکراوە، خوارەوە تەنانەت توانایی ئەوەی نەبووە کە پرسیار ڕووبەرووی سەرەوە بکات، ڕووبەڕووی دەرەوەی خۆی بکاتەوە. ئەم حاڵەتی کلتوری کوردییە لە کلتورێکدا کە پرسیار دروست نەبێ بەمانای ئەوە لەبنەڕەت دا قسە دروست نەبووە، قسە لەکۆمەلگەی کوردی دروست نەبووە، قسە بەو مەعنایەی کە بەشتێك دەڵێن کە هەلگری چی بێ؟

هەلگری فکر بێ، هەلگری مەعریفە بێ، هەلگری زانین بێ یان بە مەعنایەکی کە بەدواداچوونی شتەکان بێ لە کۆمەلگای کوردیدا.

ئەقڵی پرسیارەکە وە ئەقڵی بەدواداچوون دروست نەبووە، ئەمە حاڵەتی ڕابوردووی کلتوری کۆمەڵگای کوردییەئەمە ئەگەر

بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەكانی پێشوو كە ئەم كلتورە هەتا ئێستا ئیش ئەكات، لەگەڵ دروست بوونی حزب لە كوردستاندا، لەگەڵ دروست بوونی سیاسەت لە كوردستاندا كە حزبیش لە كۆمەڵگەی كوردیدا بەبۆچوونی من هەر بریتییە لەهەمان پێكهاتەی خێزان تۆزێ فراوانتر كراوە، هەمان دامو دەزگای خێڵەو تۆزێ فراوانتر كراوە، ئەوەی كە حزب لە كوردستاندا بەڕێوەدەبات كلتوری خێڵ و كلتوری خێزانە، ئەو كلتورەی خێزانی كە باوك و دایك دوو كەس بوون تێیدا، باوك كەسی یەكەم بووە، هەوڵی داوە كوڕەكەی، كوڕێكی تەسلیم بووی ملكەچ كردو بێت بۆ هەموو شتێك وە توانای ئەوەی نەبێت بۆ هیچ پرسیارێك ڕووبەڕووی ئەو بكاتەوە ئەم ئەقڵیەتە گوازراوەتەوە ناو حزبی كوردی و بۆناو كۆمەڵگەی كوردی كە باوك چۆن بەردەوام هەوڵ ئەدات كە كوڕێكی خەساو و كوڕێكی تەسلیم بووی هەبێت.

كۆمەڵگاش بەشێوەیەكی گشتی دەیەوێت نەوەیەكی تەسلیم بوبێ هیچ كەس پرسیار نەكات هەموو ئەو ئەقڵیەتە لەلامان جێگیربووە، هەر لەمناڵیەوە هەموو فێریان كردوین پرسیار مەكە سەبارەت بەهیچ شتێك باتوشی گرفت نەبی، باتوشی كێشە نەبی، ئەمە ئەقڵیەتی باوە لەكۆمەڵگای كوردیدا ئەم كۆمەڵگایە كە ئەم ئەقڵیەتە ئیشی تیائەكات نەك هەرلای گەنج پرسیار دروست نەبووە، لای نەوەی پێشوتریش لای پیریش، پرسیار نییە

تۆ سەیری ئەم حاڵەتە بكە، لای كۆمەڵگەی كوردیدا كە پرسیاری تیا دروست نابێ ئنجا لەگەڵ دروست بوونی حزبی كوردیدا وەك ووتم حزب بەو كلتورەی خێزان و بەو كلتورەی خێڵەوە هاتۆتە ئاراوە، خۆی دروست كردووە ئەمیش حزبی كوردی كلتوری هەیە كە



كلتوری پرسیاركردن نییە، سكرتێر، دەوری باوك دەبینێ لەحزبا وە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی دەوری كوڕەكان دەبینن، ئایا ئەو هەموو مافێكی هەیە ڕەنگە هەندێ جار هەر بۆ بەرێ كردنی كات پرس بە ئەڵقە داخراوەكەی دەوری لەسەركردایەتی مەكتەبی سیاسی بكات بەلاّم پێم وانیە هیچ گوێیان لێ بگرێ وە هیچ بەقسەیان بكات وە دەیان بەڵگەمان هەیە لە كوردستاندا كە هەموو ئەو كارانەی كە كاری چارەنووسسازن وە حزب دەبێ بڕیاری تیابدات سكرتێرو سەرۆك بڕیار دەدەن و ئەوان كە ڕەنگە ڕازیش نەبن بەلاّم هەر پرسیشیان پێ ناكرێ، تۆسەیری ئەم حاڵەتە لەواقعی كۆمەڵگای كوردیدا ئیش دەكات.

ئەم كلتورە ئینجا ئەوەی كە جەنابت دەیڵێی ئایا حزب و سیاسەت هەوڵی نەداوە كە كۆمەڵگا هەموو داگیر بكات، بەڵێ، لە كۆمەڵگای كوردیدا حزب كە دروست بووە هەوڵی داوە كە هەموو كەس بكات بەحزبی وە هەموو كۆمەڵگا داگیربكات، بەلاّم دەبێ ئەندامانی حزب، ئەندامانی تەسلیم بوو، ئەندامێ نابێ پرسیاری هەبێ، ئەندامێك بێ، ئەندامێك لە پێكهاتەی حزبی كوردی ئەو پێكهاتەی هەموو كەسێك، هەموو مافێكی هەیە بەسەر خوارەوەی خۆیدا چی ئەوێ بیسەپێنێ فەرزی بكات، لێی بپرسێتەوە وە محاسەبەی بكات، تەنانەت لێی بدات، تەنانەت سجنی بكات بەلاّم بەهیچ شێوەیە مافی ئەوەی نییە پرسیاریش بكات لەسەر ئەوەی خۆی.

ئەوە واقعی ناو حزبی كوردییە بەردەوام من بۆ خۆم بۆچونێكم هەیە كۆبونەوەكانی ناو سەركردەی حزبەكان و سكرتێرو مەكتەبی سیاسی حزب و سەرۆك و مەكتەبی سیاسی حزب وەكو ناو پۆلەكانی خوێندن، تێ دەگەم چۆن مامۆستا قسەدەكات خوێندكار یان قوتابی



گوێگرە و مافی هیچ شتێكی نییە، دام و دەزگاكانی حزبی ئێمەش ئەو دام و دەزگایە سكرتێری حزبی یان سەرۆكی حزبی قسەدەكات ئەندامانی مەكتەبی سیاسی حزبیش گوێگری بەڕێزن، مافی پرسیار كردنیان نییە بەلاّم هەریەك لە ئاستی خۆی دەیەوێ نموونەیەكی سكرتێری حزب، سەرۆكی حزب بێت.



# نوسەرو روناكبیر
# (گازیوه صالح)
# لەدیدارێكی گۆڤاری گیرڤاندا

ئامادەكردنی/ سامان كەریم



**پ/ با لەوەوە دەست پێبکەین، بپرسین کازیوە بۆ کوردستانی بەجێهێشت؟**

و/ پێشتر چەند جارێك وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، هێشتا لەکوردستان بووم چەند رۆژێك بەر لە رۆیشتنم لە دیدارێکی رۆژنامەی بەدرخاندا گوتم: (من نیشتمانم بەجێ ناهێڵم، نیشتمان منی بەجێهێشتوە)، لەدەرەوەش گوتومە بۆ عودەیوقوسیەکانی کورد بەجێمهێشتوە، گوتومە: من کاتێك کوردستانم بەجێ هێشت، کە خەڵك بۆی دەگەڕایەوە، هەموو زوڵم و زۆر و سوکایەتی و گرتن و لە خوێندن دەرکردنی بەعسم چەشت و لکام بە خاکی کوردستانەوە، بەڵام کاتێك بینیم بە باوەشینی دەستی بەعس پشکۆی هەناوی گەلێکی بریندار دووبارە دەگەشێتەوە و برینەکەیان نوێ دەکرێتەوە و تێیدا هەستم بە غەریبی کرد و بەجێم هێشت، ئەمانە هەموویان دروستن و هەمووشیان لە دەوری یەك واتا دەخولێنەوە.

**پ/ ئەوەی ئێمە دەیبینین کازیوە وەك قەڵەمێك هەتا لەکوردستان بوو، چالاکی زۆرتر هەبوو لەبواری کارەکەیدا، ئێستا لەدەرەوە کەمتر ناوی هەیە، ئێمە لەوەدا بە هەڵە چووین یان راستییەکەی وایە؟ بۆچی؟**

و/ ئەوە بارودۆخێکی ئاسایی نووسەرە لەدەرەوە، چونکە مرۆڤ کە مەنفا هەڵدەبژێرێت، واتە جارێکی دی لەدایکبوونەوەی نوێی هەڵبژاردوە، لەدایکبوونێك بە گەورەیی و سەخترین ژیانیش بە گەورەیی لەدایکبوونە، هەر بۆیەش کاریگەریی مەنفا یاخود ئەم ئاوارەیە لەسەر ئێمە سەخترە، منالێك کە لەدایك دەبێت توانای عەقڵی و فیزیکی و سەبری جیاوازە بۆ گەشەکردن و فێربوون و بڕینی قوناغەکانی ژیان، بەڵام کە بە گەورەیی لەدایك دەبیت ئەو توانایە لاوازترە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە هەموو ئەو هەنگاوانەدا



بچێتەوە، کە بە منالی پێیداچووە، وەکو زمان فێربوون، خوێندن، تیگەشتن لە دابونەریت و کەلچەری نوێ، خۆ پێگەیاندن و جێگەکردنەوەی خود لەگەڵ جیاوازێکی گەورەدا ئەویش لەمنالی یەکەمدا ئەرکی بژێوی ژیانت نییە، لەمنالی گەورەدا ئەرکی بژێوی ژیانیشت سەرشان دەکەوێت، منیش بەپێی تەمەنی بەگەورەی لەدایکبوونم تەنها چوار ساڵم، ئەویش ماوەی نیشتەجێبوونم دەکات لە کەنەدا، کە کۆمەڵێ ئەرکی قورسم هەبوون و هەن وەکو ئەوەی رۆژانە (٥ ـ ٦) کاتژمێر خوێندنم هەیە و (٧ ـ ٨) کاتژمێر کارکردن، چەند کاتژمێرێکیشت دەوێت بۆ رێگە، هەروەها دایك و باوك و خوشك و دوو برام کە خۆم پەروەردەم کردوون لەگەڵ خۆم دەژین، جگە لە کێشەی ژیانی تایبەتی خۆشم، کاتێکی زۆری لێ زەوتکردم، ئەمانە و کات دانیشم بە هەندێ لایەنی مرۆڤایەتی و کێشە میللیەکانی خۆشمان و چەند رێکخراوێکی مرۆیی، لەرۆژێکدا من هەموو ئەوانەم و نووسەر و خوێنەریشم، جا گەر هەموویان کۆبکەیتەوە، کاتم نە بە ژیان داوە و نە بە حەسانەوە، خۆزگە رۆژێك (٤٨) کاتژمێر بوایە، بۆ ئەوەی بمتوانیبا مافی پێنووسەکەم بدەم، بەڵام کات بۆ هەمووان تەنها (٢٤) کاتژمێرە و منیش وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی قابیلی ماندووبوونم، بەڵام لەکوردستان هەموو ئەمانە پێچەوانە بوون، ئەرکی خزمەتکردنی خۆشم لەسەر شان نەبوو، خوێندنەکەم کە رۆژنامەوانی بوو لەخزمەتی پێنووسەکەمدا بوو، کارەکەشم چ وەکو بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری و چ وەکو گۆڤارەکەشم هەر لەخزمەتی پێنووسەکەمدا بوون، ئەرکی گەیاندنی کێشە نەتەوەییەکانی خۆشمان نەبوو بە میللەت و نەتەوەکانی دی، ئەوانە هاوکاربوون بۆ ئەوەی چالاکتربم لەوێ، لێرە



کۆمەڵێ بەرهەمی زۆرم بەسەردا کەوتوون، کە کاتم نییە بۆ تایپکردن و پاکنووسکردنیان، کۆمەڵێ دیدار و بابەتی دی کە لەوڵاتە عەرەبیەکان کردوومن، هێشتا لەسەر کاسێتن و نەکراون بە نووسین، جگە لە دەیان نیوە پرۆژەی تەواو نەکراو، ئەرکەکانم زۆرن و کاتەکانیشم ئێجگار کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵێشدا ئەو چوار ساڵەی لێرە دەژیم، سێ کتێبم چاپکردووە، لەسەروو ئەمانەوە پێم خۆش نییە گوتار بنووسم و ببم بە نووسەری گوتاری رۆژانە، بۆیە گەر کاتیشم هەبێت تا بتوانم خۆم لە نووسینی گوتاری رۆژانە دوور دەخەمەوە، پێم خۆشە گەر زەمەن غەدرەکانی خۆیم بەرانبەر بوەستێنێت، ساڵی کتێبێك چاپ بکەم و دوو بم لە مهاتەراتی ماڵپەڕ و مهاتەراتی جیهانی ئەمڕۆی نووسین و نووسەربوونی کورد.

**پ/ پێش ئەوەی لە کەنەدا بگیرسێیتەوە، لەوڵاتە عەرەبییەکان دیدار و چاوپێکەوتنت لەگەڵ زۆر کەسایەتی هونەری، ئەدەبی و سیاسی عەرەبدا ئەنجامدا و بڵاوت کردنەوە، پێت وایە تێڕوانینی ئەوان سەبارەت بە دۆزی کورد چۆنە، وەك عەرەبێکی ناسیۆنالیست بیر ئەکەنەوە یان بڕوایان بە مەسەلەی کورد هەیە؟**

و/ عەرەب تەنها عەقڵێکە و خاوەنی تێڕوانینێکی لۆژیك بینیانە نییە، عەقڵیش لایان وەکو ئامرازێك بەکارنەهاتوو خراوەتە کارخانەی جەستەوە بۆ دواکەوتنی عەقڵێکی تری بیرکەرەوە، زۆرجار پێیان دەڵێم لەناو ئێوەدا چەند کەسێك بیر دەکاتەوە و هەمووان پاڵی لێدەدەنەوە، ئەو ئەرکە عەقڵیەکانی ئێوەش جێبەجێ بکات و ئێوەش بڵێن ئەوەی کە فلان کەس گوتی، یان تەنها بەڵێ و وایە، بەرهەم بهێنن، سەیری ژمارەی عەرەب و ژمارەی وڵاتەکانیان بکە، سەیری ژمارەی ناودار و نووسەر و هونەرمەندەکانیان بکە، لە



گەڵ ئەوەشدا بە رووکەش نەبێت لەسەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئان و سەردەمی ئیسلام لایانەداوە و بەرەوپێشتر نەڕۆشتوون، لەرووی عەقڵیەوە لەهەمان چەرخی دواکەوتویەتیدا دەخولێنەوە، هەر ئەوەش والێکردوون بە وەهمی هەمان سەروەری جاران خۆیان لە هەموو نەتەوەکانی دی زیاتر بزانن، پێچەوانەی کورد خۆی لە هەموو نەتەوەکانی دی بە کەمتر دەزانێت، هەردوو لاش دووچاری نەخۆشی بوون، یەکەمی نەخۆشی سادی و دووەمیان ماسوشی، بەڵام عەرەب لەسەروو ئەوەشەوە نەتەوەیەکن، کە ژێرخانی دبلۆماسییان داڕووخا و بێ بەرهەمە، سەیری لێکدانەوەیان بکە، ئەوان دژی ئەمەریکا و ئیسرائیل و رۆژئاوان بەگشتی و رووبەرووی هەر کێشەیەك دەبنەوە، گەرچی ساکاریش بێت دەیکەن بە تاوانی ئەو وڵاتانە بەتایبەت ئیسرائیل و ئەمەریکا، کەمترین هەوڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری نادەن، چونکە هەمیشە خۆیان لە دەرەوەی تاوان و هەڵە دەبینن، ئەوان دژی کورد و تورك و فارسن، بە ناوی عروبەوە لەگەڵ کەسدا کۆك نین، کەچی دژی خۆشیانن، لە ژمارەی ئەو هەموو وڵاتە دوو وڵاتیان یەکگرتوو نییە، ململانێ و دژایەتی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، زیاتر لەنیو سەدەیە ئاگری شەڕ فەلەستین دەسووتێنێت، تا ئێستا نە عەقڵی بەرگریکردن و نە عەقڵی پێکەوە دانووسان و دبلۆماتێتیشیان هێندە بەهێز نەبووە، ئەو بستە خاکە لە ئاگری شەڕ بپارێزێن، هەر ئەو عەقڵە دواکەتووەش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت شۆڤێنی بێت، بۆیە ئەو ژمارە زۆرەی نووسەر و هونەرمەند و ناودارانەی عەرەب، کە من بینیوومن، هەموویان هەوڵی دروستکردنی روویەکی درۆزنیان دەدا، کە لە ئاستی عەقڵێکی باودا وەڵامی دەرەوە بێت، ئەو عەقڵەی ئەڵێت "نە شیش

بسووتێ و نە کەباب"، ئەوان هەوڵیاندەدا لەهەمان کاتدا عەرەبێکی شۆڤێنی نەتەوە پەرست بن و هەر عەرەبێك دیدارەکەی خوێندنەوە بێت، بە جەماوەریان و شانازی بە بوونیانەوە بکات و لەهەمان کاتدا دەیانویست بۆ دەرەوەی عەرەبیشی دەربخەن، کە کەسانێکی زۆر مرۆڤ دۆست و بێ لایەنن، بەڵام کە دەیانبینی بەچەند پرسیارێکی زەق و یەکلاکەرەوەیان رووبەروو دەکرێتەوە، نەك بە شان و باڵ هەڵداندا وەکو ئەوەی لە رۆژنامەنووسە عەرەبەکانیان بینیبوو، هەندێکیان تووشی هستریا و تووڕەبوون دەبوون، کۆمەڵێکیان دەپاڕانەوە کە هەندێ پرسیار و وەڵام نەخرێتە ناو دیدارەکانەوە، یاخود بە بیستنی ناوم دەستیان دەکرد بە نواندن و خۆ نەخۆشخستن لەدیدارەکەدا، بۆ ئەوەی نەکەونە ئەو هەڵویستەی پێشتر هاوڕێکانیانی تێکەوتووە، لەوانەش ( سەفیە عەمەری بەناو باڵوێزی چاکەخواز و نەبیلە عوبید و نادیە جوندی) ، ئەمانە هیچیان نەبوو تا دەگەشت بە کاتی قسە کردن، هەژارانە دەکەوتنە نواندنی کۆکەکۆك و نەخۆشی بۆئەوەی هیچ نەڵێن، ئەوە عەقڵ و هەستی عەرەب بوو جگە لە ( نەجیب مەحفوز، ئوسامە ئەنوەر عەکاشە و نور ئەلشەریف و مستەفا فەهمی) کە خاوەنی هێڵێکی دیاری فکری بوون، لە ژنەکانیشدا تەنها ( لیلی علوی) خاوەنی هەڵویست و خویندەواری بوو، زۆر ژنە ئەکتەری گەورە و ناودار و ژنی چالاکی بواری ژنانی عەرەبم بینی، تەنانەت سەبارەت بە بوارەکەی خۆشیان نەیاندەزانی قسە بکەن، بەرادەیەك هەندی دیدارم لەگەڵ ژنەکاندا لەسەر کاسێت ئیهمالکرد و بە شایانی پاکنووسکردنم نەزانی، ئەوە خویندەواری و عەقڵ و بۆچوونی عەرەبە سەبارەت بە کورد و هەر نەتەوەیەکی دەرەوەی عەرەب،



ئەوان شۆڤیەنیەت بەشێوەیەك کوێری کردوون، زۆرجار بیریان دەچێت، کە هەڵگری ناوێکی گشتی لێپسراوێتێکی گەورەیە و لەئاست کێشە مرۆیەکاندا، ناکرێت سۆز و هەستێکی شوڤێنی هێڵی سووری بۆ دەسنیشان بکات، من دڵنیام ئەو ژمارەیان ئامادەبوون بێنە کوردستان و لەسەر مەسەلەی جینۆسایدی کورد کاربکەن (کە سەرکردایەتی کوردیی خۆی و میللەتەکەی لەوە بەکەمتر زانی و بۆ ئەو مەبەستە بە کاری نەهێنان) ، ئەمڕۆ پاش گرتن و دادگایکردنی سەدام ئامادەنین تەنها بە وتەش ئەو هەڵویستە دەبڕن، دوای من هەڵویستێکی (عادل ئیمام)تان وەبیردەهێنمەوە، سەبارەت بەو کارانەی خۆی کە وەرگێڕابوونە سەر زمانی کوردی و لەلایەن ئەکتەرانی کوردەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شانۆکانی کوردستان پێشکەش دەکران لەلایەن هونەرمەندی بەڕێز "ماهر حەسەنەوە" بۆی ڕەوانە کرابوو، بەڵام غرور و خۆ بەگەورە زانی وایلێکردبوو، کە ئامادەنەبوو نە کاتێك دەستنیشان بکات، نە خۆشی بێتە یانەی هونەرمەندان بۆ ئەوەی کاسێتی ڤیدیۆی کارەکانی و وێنە و نامەکانی هونەرمەندە کوردەکەی پێ بگەیەنم وە بەیەکێك لە هونەرمەندەکان (ئێستا ناویم بیرنەماوە) گوتبووی گەر سوورە لە سەر ئەو مەسەلەیە لە یانەی هونەرمەندان بۆم بەجێ بهێڵێت، منیش لە بەردەمی یوسف شەعباندا کە سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی میسر بوو، پێم گوت هونەرمەندەکەی ئێمە کە ناوی ماهر حەسەنە زۆر لە عادل ئیمام گەورەترە، جەماوەری زیاترە و فکرەی شانۆیەکی لە بەرهەمێکی عادل ئیمامەوە وەرگرتووە، ناوی سەرچاوەی فکرەکەی هیناوە و رێزی لێگرتووە کە بە بەرهەمەکە بە سەری دەکاتەوە، بەڵام عادل ئیمام چونکە خاوەنی ناوبانگێکی



ساختەیە و زۆربەی بەرهەمەکانی لە بەرهەمە ئەمریکی و مەکسیکیەکانەوە وەرگرتووە بەتایبەت کورتە کۆمیدیەکان، ئەو ناوەڕۆکە بەتاڵە وایکردووە خۆ بەزۆر بزانێت و خۆبایی بوون کوێری بکات، بۆیە ئەم دیاریانە شیاوی کەسێکن وەکو هونەرمەندەکەی ئێمە گەورە بێت...ئەمە هەندێ کێشەی ساکاری بۆ دروستکردم، بەڵام کە هەڵویستی عەرەبم پێگوتی با هەڵویستی کوردیشت پێ بڵێم، بە زانینی ئەو مەسەلەیە دەبوو یەك تەلەفزیۆنیش بەرهەمی عادل ئیمام لە تەلەفزیۆنەکانەوە پیشان نەدات، بەڵام پێم وابێت تەنها تەلەفزیۆنی خاك ئەو کاتە خاوەنی ئەو هەڵوێستە بوون، خوازیارم هەتا ئێستا هەر بەردەوام بن وە دەبوو یەك رۆژنامە هەواڵی کارە ساختەکانی ئەو شۆڤێنیە عەرەبە بڵاو نەکاتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا رۆژنامەی "**هاوڵاتی**" بە سێ ناوی خوازراوی مێینەوە نووسینێکیان لەسەر نووسیبووم، گوایە کچێکی کورد لەسوریا کە هونەرمەند عادل ئیمامی بینیوە لەناو کۆمەڵێکدا داوای وێنەگرتنی کردوە لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا و هەڵوێستی باشی دەربڕیوە بەرانبەر بە کورد، ئەمە لەکاتێکدا هاوڵاتی وەڵامەکەی منیان لەسەر ئەو مەسەلەیە بڵاونەکردەوە، کاری من لێرەدا رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی تەعریبکەر و رۆژنامە ژێر رکێف کەوتوەکان نییە، بەڵکو کارم بەوەیە بەو نەوە نوێ رەخنەگرەی ئەمڕۆ هاتوونەتە پێشەوە و هەموو شتێك دەخەنە ژێر زەرەبینی وردبینی خۆیانەوە، بڵێم گەر کەسایەتێکی گشتی عەرەب، تورك، فارستان بینی، پێی مەڵێ من لاوێکم، خوێنەرێکم ...کارەکانتم پێ جوانە و دەمەوێت وێنەیەکت لەگەڵ بگرم و ئەویش بۆ خۆهەڵکێشان لەژێر لێوانەوە بڵێت من لەگەڵ



ماڤی ئێوەم، بەڵکو بڵێت من وڵاتەکەم پڕە لە وێنەی خوێناوی، هەڵگری فکر و بۆچوون و ئایدۆلۆژیای خۆمم، خاوەنی رۆحی بەرگریم لەو وێنە خوێناویە، دەمەوێ تۆی کەسیەتی گشتی، کە دەبوو خۆت و بێ پرسی من خاوەنی هەڵویست بێت و بیخەمە ژێر پرسیار و گفتوگۆوە، ئەو کات دەزانن ئەو سێ نەتەوە بەتایبەت عەرەب چین بەرانبەر کورد، ئەو کات دەزانن ئەو بێ دەنگیان بەرانبەر تەعریبکردنی کوردستان، ئەو هەڵاوسانەی بەهۆی ژمارە زۆری عەرەبەوە لەناو شارەکانی کوردستاندا، گورزەکەی زۆر لەوە کوشندەتر تەواو دەبێت، کە ئەمڕۆ لاوانی کوردی بێکار و بێ بژیوی ژیان کردووە و بەهۆیەوە جارێکی دی رێگەی کۆچیکردنی هەڵبژاردووە.

**پ/ لە کەنەدا هەوڵت نەداوە ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا بەئەنجام بگەیەنیت؟**

و/ لەوڵاتانی عەرەبی ئەو چاوپێکەوتنانەم دەکرد بە مەبەستی وروژاندنی کێشەی کورد و ناوی کورد، بەتایبەت مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە کە لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا نەمبواردووە، ئەوەش ئامانجی سەرەکی دیدارەکان بوون نەك کەسە دواندراوەکان، هەر بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر هونەرمەندم هەڵدەبژارد، چونکە جەماوەریان زیاترە و زۆرترین جەماوەر ئەو کارەساتانەی کوردی پێدەگەشت، بەتایبەت هەتا پاش گرتنی سەدام بەدەگمەن میسری و عەرەب دەیزانی کورد چییە و نەتەوەیەك هەیە ناوی کوردە و تەنانەت رۆشنبیرەکانیشیان گەر دیدارەکان بخوێنیتەوە، گومان لە پرسیارەکەم دەکەن لەمەسەلەی ئەنفالدا و هەندێکیان تاوانبارم دەکات، بەوەی چیرۆکیان بۆ دەگێڕمەوە و شتی وا ڕاست نییە . لە

کەنەدا و لە هەر کوێ بم هەلگری هەمان ئامانجم، بەڵام خەڵکی کەنەدی وەکو خەڵکی عەرەب بۆقی دوای ڕاگەیاندنی دەسەڵات نییە، خوێندنەوەی خۆی نەبێت بۆ کارەساتەکان و ناسینی نەتەوەیەك، مامۆستایەکم کە نووسەرێکی بەناوبانگی کەنەدییە، پاش ئەوەی باسی ئەو کارەساتانم بۆ کوردبوو، کە باسی کورد دەکرا، هەتا ئێستاش ئەڵێ دەوڵەتی کوردستان و ئەو لای خۆییەوە ئەو ڕەوایەتیەی داوە و ناشترسێت لەو ناونانە، بەڵام ئەمە سەبارەت بە عەرەب جیاوازە، بۆیە لە کەنەدا زیاتر هەوڵم داوە دەسەڵاتدارانی کەنەدا دان بە هەمان کێشەی کورددا بنێن و لەنزیکەوە ئاگایان لەو کێشانە هەبێت و بزانن ژمارەیەکی کوردی زۆر لە کەنەدا دەژین و هەموو داوای پشتگیری لەکێشەی ئەنفال و هەڵەبجە و سەربەخۆییان هەیە، دەنا من کارم بە دیدارێك نییە، مرۆڤی کەنەدی بەبێ ئەوەی ڕەمزێکی هونەری یان ئەدەبیش پێی بڵێت، خۆی بەرگری لەمرۆڤایەتی و ڕاستی دەکات و ئێمەش گەر مەبەستمان کێشەکانی گەلی کورد بێت، پێویستە پلانی کارکردنمان بەپێی بارودۆخ بگۆڕێن، بۆیە لێرە بایەخ بەو جۆرە دیدارانە نادەم لەکاتێکدا یان لەگەڵ کەسایەتێکدا نەبێت بزانم زۆر پێویستە، چونکە پێم باشە ئەو نووسەرانەی دەتوانن کاری لێکۆڵینەوە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانمان بکەن، هەندێك لە کاری ڕۆژنامەوانی و نووسینی وتاری کورت دوور بکەونەوە، زیاتر بایەخ بە لایەنی یەکەم بدەن، لەو لایەنانەشەوە هێندەمان کەموکوڕی زۆرە، شۆرشێکی نووسین و لێکۆڵینەوە و کاری پراکتیکی زانستی و کردنەوەی سەنتەری دەوێت، بۆئەوەی بتوانرێت ئەو کێشانە لە ئاستێك بوەستن، گەر چارەسەرنەکرێن و بەرەو لاسەنگتر نەڕۆن، کاری ڕۆژنامەوانیش



بواری نووسین بە نەفەسی درێژ یان لێکۆڵینەوە دەکوژێت.

**پ/ ماوەیەك لەمەوبەر نامەیەکت ئاراستەی سەرۆکی کەنەدا کرد، سەبارەت بە پرسی ١٨ پاکیزە ئەنفالکراوە گەرمیانییەکان، کە بەعس لەساڵی (١٩٨٨)دا بەخشینی بە مەلهاکانی میسر، ئەکرێ بە وردی لەسەر ئەو هەوڵەت قسە بکەیت؟ وەڵامی سەرۆك چی بوو؟**

و/ نامەم ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی ئۆنتاریو و سەرۆکی حکومەتی کەنەدا کردبوو (چونکە کەنەدا سەرۆکی کۆماری نییە و تەنها سەرۆکی حکومەتی هەیە)، سەرۆکی حکومەتی ئۆنتاریو وەڵامی دابووە و دەڵێت ئێوە داواکەتان ئاراستەی وەزیری پەنابەران بکەن، بەڵام وەڵامی سەرۆکی حکومەتی کەنەدا پاش ئەو پێم گەشت، ئەڵێت" کێشەکەتانم بە وردی خوێندوەتەوە و زۆر ناڕەحەت بووم بەو کارەساتەی کورد بەسەری هاتووە لەناو عێراقدا "، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە کێشەکەی لای خۆییەوە گەیاندووە بەوەزیری پەناهەندەی کەنەدی و پشتگیری خۆی کردووە و دەکات لەو مەسەلەیە..تاد، ئەوەش هەڵویستێکی باش بوو، جگە لەوەی یەکەم دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەرۆکی وڵاتیك بوو.

**پ/ جگە لەو هەوڵە ئێوە و ناوەندی چاك چی ترتان کردووە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ١٨ کچە؟**

و/ لەئێستادا خەریکی جەخت خستنەسەر وەزیری پەنابەرانم بۆ بەرگریکردن وە پێم وایە هیچ هەنگاوێکیش سوودی نییە جگە لە دادگا، ئەویش گەر ئەو بەڵگەی لەبەر دەستدایە مەرجی تەواوی دادگای تێدا بێت، ئەوەندەی ئاگادار بم، چاوەڕوانی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانە لەگەڵ سەدام سەبارەت بە ئەنفال و پرسی ١٨ کچەکە، ئەوجا هەنگاوی جیاوازتر دەنێت لەوانەی ڕابردوو.



**پ/ ئەکرێ بزانین کازیوە ئێستا سەرقاڵی چییە؟**

لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکەی لەپرسیاری دووەمدا بۆم ڕیزکردیت، سەرقاڵی تەواوکردنی سیانەی ئەنفالناسی و ڕەوشتناسی و فیمنستناسیم، دیارە فیمنستناسی پێشتر بڵاوبووەتەوە، بەڵام بەشێکی لێ لادەبم و بەشێکی دی بۆ زیاد دەکەم لەگەڵ هەندێ دەستکاری دی و وەکو سیانەیەك لەداهاتوودا بە یەکەوە چاپیان دەکەم.

**پ/ لەدواییشدا ئەپرسین نیازی گەڕانەوەت نییە بۆ کوردستان؟**

و/ نیازی گەڕانەوە بۆ سەردان هەمیشە خولیامە و تەواو تامەزرۆیی کوردستانم، بەڵام وەکو گەڕانەوە بۆ نیشتەجێ بوون، تائێستا پلان و بڕیاری وام لانییە و ناشزانم داهاتوو هەڵگری چ بڕیارێکە.



# هەلەفێکی تایبەت لەساڵیادی (گۆڤاری گیرڤان)دا

**ساڵەح هەلاج: ئەوەندەی من بزانم لە پاش ڕاپەڕینەوە گۆڤارەکەتان بەم شێوەیە یەکەم داهێنانە**

**عەدالەت عەبدوڵڵا: لەگۆڤاری گیرفاندا هەست بە جۆرێک لە سەقامگیریی دەکەیت لە بواری کاری دیزایندا**

**بێستون ژاڵەیی: گیرفان.. داهێنان لە قەبارەدا**

**م. فەرهاد قادر: ئەوەی وەکو خاڵێکی پۆزەتیڤ لەم گۆڤارەدا سەرنجی ڕاکێشاوم ، کەمی هەڵەی ڕێنووسی و زمانەوانییە**

**محمد خەلیفە: ئەوەی نوێ تاقەتی گۆڤاری قەبە و لاپەڕە زۆرە وەڕزکەرەکانی نەماوە ، لەسەر ئەم بنەمایە ئومێدی گەشەکردن و پێشکەوتنی گۆڤاری گیرفان دەکرێت**

## سالح هەلاج

نوسەرو شاعیر



دەرکردنی هەر بلاوکراوەیەکی کوردی بۆ خۆی خزمەت و ئەفراندنی تایبەتی هەیە و خزمەتێکی گەورە بە بزوتنەوەی رۆشنبیریی نەتەوایەتیمان دەکات ، بەلام هەلبژاردنی بابەتی بەپێز و سوودمەند و جوانکاری لە ناوەرۆکەکاندا هاندەرێکی زۆر گەورەن لە بەرەو پێشەوە بردنی هزری لاوان و خوێنەران بەرەو رۆشنبیرییەکی خزمەتگوزار و دنیای پێشکەوتن و تێگەیشتن لە هزری سەردەم و ئالوگۆڕکردنی رۆشنبیریمان بە جیهانی دەرەوە و شارەزاکردنی رۆشنبیریی گەلان بە رۆشنبیریمان . هەرچەندە ئەم رۆژگارە هەنگاوی بەرەو بە دیموکراسیکردنی کۆمەلگای کوردەواری هەلومەرجێکی باشی رەخساندووە بۆ بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی، چونکە سەردەم و زەمەنێکی زۆر بوو گەلەکەمان لەباشوری کوردستان لەژێر نیلی داگیرکەراندا دەینالاند، بەلام دلسۆزانی گەلەکەمان بە خەباتێکی دلگەرمانە لەو رۆژگارە ترسناکەدا لە هەرمەترسییەك ئەو مینبەریان کردبوو بە سەکۆی گەشەپێدانی زمان و ئەدەب و مێژووی پڕ شانازیی نەتەوایەتیمان، بەلام ئەم ئازادییەیان نەبوو وەك رۆژگاری ئەمڕۆ، ئەو هەموو رۆژنامە و



گۆڤار و کتێبانە بە ئازادی دەردەچن چ لە رووی ناو و ناوەڕۆك و چ جۆری قەبارەکانەوە.. گرنگی گۆڤار بەلای منەوە هاندانی خوێنەرە زیاتر بەلای خۆیدا، ئەویش دەمێنێتەوە بۆ ئەو کۆمەلە نووسەرەی سەرپەرشتی گۆڤارەکە یان رۆژنامەکە دەکەن.

**دەربارەی پرسیارەکانتان:**

یەکەم/ من پێم باشە ناوەکەی شتێ تر بوایە، وەك ئەو کتێبی گیرفانانەی دەردەچن ناوەکەی شتی ترە، ئەمیش ناوی شتی تر بوایە، وەك گۆڤاری گیرفان (....) ناوێکی هەبووایە، واتە ناوەکەی بەگوێرەی جیابووایە لە قەبارەکەی بەلام دلنیام گۆڤارەکەتان شتێکی جوانە، چونکە خوێنەر دەتوانێ تەنانەت لەناو سەیارەشدا کاتی خۆی بە خوێندنەوە پڕبکاتەوە وەك وتراوە ( کات زێڕە نەی بڕی دەتبڕێ).

دووەم/ ناوەڕۆك و بابەتی باش و سودمەندی تیا بلاودەکرێتەوە، بابەتەکانیش جۆراوجۆرن، ئەوەندەی من بزانم لە پاش راپەڕینەوە گۆڤارەکەتان بەم شێوەیە یەکەم داهێنانە.

سێیەم/ خالە باشەکانی زیاترە لە خالە لاوازەکانی، من بە باشی دەزانم شیعر و چیرۆك و وەرگێرانیش تیادا بلاوبکرێنەوە باشترە.

چوارەم/ ریزبەندی بابەتەکان گۆڕانێکی باشی کردووە وەك یەکەم و دووەم ژمارەی، فۆنتەکەی لە جۆری قەبارەکەی خۆی باشە، بەرگ و نەخشەسازی تا ئەم ژمارانە زۆر باشە، بەلام هەلەی چاپی هەیە، من بەش بە حالی خۆم لە هەلەی وشە بێزار دەبم، پێش چاپکردنی بە باشی دەزانم بە باشی هەلەبڕ بکرێ، هیوادارم درێژە بە گۆڤارە ناوێزەکەتان بدەن، چونکە جێی خۆی لە دلی خوێنەراندا کردووەتەوە.



## عەدالەت عەبدوللا

نوسەرو رۆژنامەنوس



دوور لە گفتوگۆکردن لەسەر ئاستی ناوەڕۆك و ئاراستە و میتۆدی کاری رۆژنامەوانی و رۆشنبیریی گۆڤارەکە ، گۆڤاری گیرفان لە دوو ئاستدا کارێکی چۆنایەتی کردووە کە جێی پێزانینە:

یەکەمیان: دەرکردنی گۆڤارەکە لەو قەبارە تایبەتییەی کە پێشتر رۆژنامەوانیی کوردی مۆدێلی وای بەخۆوەی نەدیوە لایەنی کەم لە دوای راپەڕینەوە.

دووەم: سەرهەلدانی ئەم ئەزموونە ئەزموونی دەرکردنی گۆڤار لەقەبارەی گیرفاندا ، لە ناوچە و سنورێکی دیموگراڤی کە بە بەراورد بە ناوەندی پارێزگا گەورەکانی هەرێمی کوردستان ، کە سنور و ناوچەیەکی دوورەدەست و دەست نەگەیشتووە بە دەسکەوتە تەکنیکی و توانا دارایی و بوارە فراوانەکانی کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندن ، لەم ئاستەدا گۆڤاری گیرفان ئەزموونێکی جوانە ، رەنگە ئەم ئەزموونەش بەلگەش بێ بۆ بوونی جۆرێك لە ئارەزووی داهێنان و ئەنجامدانی کاری نەوعی لای ئەوانەی لە پشتییەوەن.

هەرچی پەیوەندیی بە لایەنەکانی تری گۆڤارەکەوە هەیە ، هەندێ سەرنجی سەرەتاییم لا گەلالە بووە و بە ئومێدم ئەوەی



لێرەدا نایلێم ، بە نامە بێت یان بە نووسین ، لەداهاتوودا ستافی گۆڤارەکەی لێ ئاگاداربکەمەوە.

**ناوەڕۆك:**

یەکێك لەو کێشە سەرەکییانەی کە هەر خوێنەرێك لەگەل خوێندنەوەی ئەم گۆڤارەدا هەستی پێ دەکات ، کێشەی ناوەڕۆکە ، کێشەی سیستمی بایەخدانی چۆنایەتیی گۆڤارەکەیە بەو نووسین و بەرهەم و مەوادانەی بلاویان دەکاتەوە. ئەم گۆڤارە کە دەشێت لەژێر ناونیشانی (گۆڤاری رۆشنبیریی گشتییدا) کۆبکرێتەوە ، تائێستا روونی نەکردۆتەوە چ ئامانجێکی دیاریکراوی لەدەرچوون هەیە ، پاساوی دەرکردنیشی دیارنییە ، بەرهەم و نووسینەکانیشی ئەو ئاماژە روون و دیارانەیان لەخۆدا هەلنەگرتووە ، کە پێمان بلێ: گۆڤاری گیرفان هەلگری چ پەیامێکی رۆشنبیرییە.

راستە دەشێت ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە بریتی بێت لە بەخشینی رستێك زانیاری و دید و بۆچوون و خەمی دیاریکراو ، راستە دەشێت یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانیشی ئەوەبێت کە بلێت: گەرمیان گۆڤارێکی لەم بوارەشدا هەیە ، راستە دەکرێ وەك هەولێکی ستافی گۆڤارەکەش بخوێنرێتەوە بۆ پیشاندانی توانا رۆژنامەنووسییەکانیان لەسنورەکەدا. ئەمانە کۆمەلێك هەنجەتی دیاریکراون کە دەشێت قبولی بکەین ، بەلام ئەم هەنجەتانە بۆ دەرکردنی گۆڤارێك نەك هەر بەس نییە ، بگرە گۆڤارەکە بە چەند ژمارەیەکی کەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، چونکە:-

یەکەم: ئەگەر ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری گیرفان تەنها دروستکردنی سەکۆ و کەنالێکی تری بەخشینی زانیاری و بلاوکردنەوەی رۆشنبیری بێت ، ئەوە ئەم ئامانجە تەنها لەرووی

چەندایەتییەوە شوێنی خۆی دەگرێت ، واتە ژمارەی بڵاوکراوەیەکی دی لەسنوری گەرمیاندا زیاد دەکات و هیچیتر ، بە مانایەکی روونتر نابێتە مایەی دەستپێشخەرییەکی چۆنایەتی ، چونکە سەرچاوەی تر لەم بوارەدا ئێجگار زۆرن ، ئەمە ئەگەر کاریگەرتر و چالاکتریش نەبن.

دووەم: ئەگەر ئامانج لە دەرکردنی گۆڤارەکە تەنها خۆناساندنێکی تری ستافی گۆڤارەکە بێت بە خوێنەرانی ناوچەکە و پیشاندانی عەزیمەت و پەرۆشی کاری رۆژنامەوانی بێت ، ئەوە ئەوەندەی من بزانم ئەو ستافەی کاری تێدادەکەن ، زۆربەیان لای خەڵکی ناوچەکە نامۆ نین و بەرهەم و کاری رۆژنامەنووسییان هەیە و پێویستیان بە مینبەری تر نابێت.

سێیەم: ئەگەر ئامانجێکی تریش تەنها ئەوەبێت ، کە بووترێ: گەرمیان خاوەنی گۆڤارێکیشە لە پاڵ ئەو هەموو ئەو مانگنامە و هەفتانامانەی تر کە لەسنورەکەدا دەردەچن ، ئەوە ئەم دەسکەوتە تەنها لەزەتێکی کاتییە و دواتر دادەمرکێتەوە ، بگرە بە ماوەیەکی کەم هەموو خوێنەرێك پێوەری بۆ گرنگی ئەم دەسکەوتە ئەوە دەبێت ، کە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە چ شتێك دەخاتە سەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و چ رێگایەکی رۆشنبیرییان پێ پیشاندەدات.

بیرخستەوەی ئەم کێشە بنەڕەتییەی گۆڤارەکە تەنها بۆ ئەوە نییە بڵێین: گیرفان گۆڤارێکی زیادەیە یان قەناعەتی پێ نەکردووین ، کە بۆچی پێویستە هەبێت ، بەڵکو بۆ ئەوەیە سەرنجی ئەو خوشك و برا گەنجانەی تریش لەسنوورەکە بۆ ئەوە رابکێشین کە بەردەوام لە خۆیان بپرسن: بۆچی ئەو بڵاوکراوانە دەردەکەن بۆ دانیشتوانی سنوورەکە و لەبنەڕەتدا چ بۆشایی و کەلێنێکیان پڕ کردۆتەوە.



پرسیارکردنیش هەرگیز نەنگی نییە و کاری ئەو کەسانەیە کە عەقڵ و ئاگایی دەخەنە کار و لەژێر فشاری حەز و ئارەزوو و ململانێ و خۆنواندن هەڵسوکەوت ناکەن. پرسیارکردن دەیانجار باشتریشە لەوەی کە پرسیار نەکەی. پرسیار نەکردن هەمیشە بەڵگەی جۆرێکە لە دەبەنگی و غرور ، کە هیچ بەرهەم ناهێنێ جگە لە هیچ ! ، بۆیە هیوادارم ئازیزانیش لە گۆڤاری گیرفان لێرە بەدوا گۆڤارەکەی خۆیان زیاتر بخەنە ژێر پرسیارەوە و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە ، کە تەعبیرە لە توانا و قودرەت و عەقڵ و ژیری ئەوان ، بکەنە پێوەر بۆ هەر ژمارەیەکی تری داهاتوویان.

**دیزاین:**

ئەمڕۆ دیزاین یەکێکە لە رەگەزە گرنگەکانی کاری رۆژنامەنووسی ، بەبێ دیزاینەری شارەزا و بەبێ ئامادەگیی عەقڵێکی تەکنیکی و هونەری و حسێکی ئیستاتیکی و خەرجکردنی لەکاری رۆژنامەوانیدا هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك ناتوانێ بە باشی پەیامی خۆی بگەیەنێت یان سەرنجی خوێنەر و وەرگر بە لای خۆیدا رابکێشێ ، ئەمڕۆ زۆر گۆڤار و رۆژنامە هەن لەوڵاتی ئێمە ، کە کەموکوڕی لەبواری دیزایندا زیانی لە پەیامەکەیان داوە ، نەبوونی هونەر لە دانانی وێنە و بەکارهێنانی یان داڕشتنی کاپشن و توانج یان نەبوونی مانشێتی سەرنجڕاکێش و رازاندنەوەی یان نەبوونی پاشخانی هونەری لە بەکارهێنانی قیاسات و هەڵبژاردنی فۆنت و جۆر و قەبارەی فۆنت یان جیاوازی نەکردن لەنێوان وێنەی چاك و وێنەی خراپ و کۆمەڵێك تەکتیکی تری دیزانێری ، کە رۆڵیان هەیە لە جوانکردنی رۆژنامە یان گۆڤاردا ، هەموو ئەمانە کار دەکەنە سەر لایەنی ئیستاتیکی و سومعە و رەواجی بڵاوکراوەدا.



لەگۆڤاری گیرفاندا هەست بە جۆرێك لە سەقامگیریی دەکەیت لە بواری کاری دیزایندا ، بەڵام گرنگتر لەم مەرجە کە مەرجێکی گرنگە پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە چۆن شێوازێکی نوێ لە کاری دیزایندا بەکاردەهێنرێت ، کە گونجاوبێت لەگەڵ قەبارە و ئاراستەی ناوەرۆکی گۆڤارەکەدا؟ من لەم بارەیەوە هەست دەکەم ، گۆڤاری گیرفان پێویستی بە وەرگرتنی رای دیزاینەری شارەزا هەیە ، بۆ ئەوەی پێشنیاری فۆرمی تری کاری تەکنیکی بۆ بکەن و بیر لە داهێنانی کارێکی جیاوازی هونەری بکەنەوە ، کە لەگەڵ جیاوازیی قەبارەی گۆڤارەدا یەك بگرێت و بێتەوە.

جگە لەوانە کۆمەڵێك سەرنجی تریشمان هەیە لەسەر گۆڤارەکە ، بەڵام ئەوە هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێك کە لە نزیکەوە ستافەکە ببینین و گوێ لە راز و دۆخ و کێشە و پێداویستی و ئاستەنگییەکانیان بگرین و دواتر گۆشەنیگای خۆمانیان پێ بڵێین .. لەگەڵ ئەوانەشدا بێگومان بە گەرمی دەستی سەرنووسەری و ستاف و تەواوی ئەو ئازیزانەش دەگوشم ، کە خۆیان لەگەڵ ئەم پرۆژە خنجیلانەیەدا سەرقاڵ کردووە ، سەرنجەکانی ئێمەش هەر بۆ ئەوەیە گەشە بکات و بەشداریکردنی ناوبەناویشمان بە بەرهەم لەگۆڤارەکەدا هەر لەو چوارچێوە و پێودانگەدایە.



**بێستوون ژاڵەیی**

نوسەرو رۆژنامەنوس

## گیرفان : داهێنان لە قەبارەدا



برادەرێکی رۆژنامەنووسم لە بەریتانیا بۆی گێڕامەوە، کە لەوێ (رۆژنامە هەیە تەنیا تەرخانە بە میترۆکان و هەر ئەوانە دەیخوێننەوە، کە ئەم هێڵی هاتوچۆی ژێر زەمینیە بەکاردەهێنن و هەموو رۆژێکیش یەك ملیۆن نوسخەی لێ بڵاودەکرێتەوە) ، بەڵام لای خۆمان دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٩١)وە رۆژنامەی حیزبەکان دەقیان بەم قەبارەی (نیو بە تاڵ)ەوە گرتووە کە هەیە، ئیدی رەنگە تا قیامەت زۆرینەی رۆژنامەی وڵاتی ئێمە ئاوا دەرچن، گۆڤاری (گیرفان)ی گرمیان کە لەم سەرووبەندەدا یادی هاتنە دنیای دەکەینەوە، ئەگەر هەر لەقەبارەشدا تازەگەری و داهێنان هەبێت بۆ من گرنگ و دیدەنی و مایەی سەرنجە، چونکە هەر لە خوێندنەوەی رۆژنامەشدا لە قەبارەی ناقۆڵای (الثورة)ی روو زەردی جاران بێتاقەتم و پێم وایە کە رۆژنامە دەبێ ئەوەندە سووك و سۆڵ و خنجیلانە بێ، کە کاتێك لەناو پاسێکدا دەیخوێنیتەوە، نەفەرەکەی تەنیشتت ئیزعاج نەکەی، ئەگەرچی دیزاینی ناوەوەی لاپەڕەکانی گیرفان پەلەکردن و کەم ئەزموونی پێوەدیارە، ئەمەش

بۆ گۆڤارێکی گەرمیانی تازە شکڵ ئاساییە، کە دەڤەرەکە مێژووی لەبواری رۆژنامەوانیدا نییە، لەرووی ناوەڕۆکیشەوە لەگیرفاندا هەوڵی ئاشکرا هەیە، بۆ ئەوەی گۆڤارەکە هەمە چیزە و بەشی هەمووانی تێدابێت، بەڵام هێشتا وادیارە گرفتێك لە گۆڕێیە، لەوەدا کە داخۆ کێ گیرفان دەخوێنێتەوە؟ بەو پێیەی لەمیدیادا گران و گرنگترین ئیش دیاریکردنی وەرگرە تا گوتاری بە گوێرەی مەقامی ئاراستە بکرێت، ئێستا وەرگر لە گیرفاندا کێیە؟ ناوەندە رووناکبیری و رۆژنامەنووسییەکە؟ یا خوێڕی ئاسایی سەرشەقام؟ خوێندکاران یا چین و توێژێکی تایبەت؟ یا ئەمانە هەموویان! بەواتایەکی تر گیرفان چ ناوەڕۆك و پەیامێکی هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە بە بڕوای من دەبێ بەسەر سەرنووسەر و ستافی گیرفاندا بە هەڕەمەکی و بێ لەسەر وەستان تێنەپەرێ، ئەمەیە لەبەرچاوگرتنی ئەو حەقیقەتەی کە لە بلاڤۆکێکی لات و بێدەرامەتی کەناریدا، هەبوونی ستاڤ کارا و لێزان گرانە، لەدوایشدا ئەوە دەبێ بلێم، کە لەگەڵ قەبارەدا لۆکاڵی بوونی گیرفانیش بۆ من زۆر گرنگە، من دەمەوێ لەم گۆڤارە بچکۆلانەدا کە وەرزی بوونەکەشی گرفتە حیکایەتەکانی کەنار بخوێنمەوە و هاوار و ژریکەی ئەم زاتە هیلاکە و بەرجەبری جوگرافیا کەوتووانە ببیستم و واش دەزانم، کە گیرفانیش هەر بۆ ئەمەیە و هەر ئەمەشی پێدەکرێ، لەدواییشدا وێرای ماندوونەبوون، گەرمترین پیرۆزبایی بە سەرنووسەر و ستاڤ کاری گیرفان دەڵێم.



## م. فەرهاد قادر کەریم

نوسەرو روناکبیر



سەبارەت بە گۆڤاری گیرفان کە بۆ خۆم یەکێکم لەو کەسانەی هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری کارە سەرەتاییەکانیم ، پێش هەموو شتێك دەمەوێ پیرۆزبایی چوونە نێو ساڵی دووەمیەوە دەکەم ، کە بەراستی لەماوەی چوار وەرزی رابردوودا ، توانیویەتی جێی خۆی لەبزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی بەگشتی و رۆژنامەگەری گەرمیان بەتایبەتی بکاتەوە ، هەر بۆیە دەستخۆشی لە ستاف و بەڕێوبەرانی گۆڤارەکە دەکەم.

گۆڤارەکە وەکو ناو ناوێکی نوێیە ، بەتەواوی لەگەڵ قەبارەکەیدا گونجاوە ، وەکو قەبارەش ئەگەر چی لەمێژووی رۆژنامەگەریی ولاتاندا هاوشێوەی هەیە و لەهەمان کاتیشدا لەبزوتنەوەی رۆژنامەگەریی کوردیدا گۆڤاری قەبارە ئاسای گیرفانمان هەبووە ، ئەمەی گیرفان دەکرێ لەرووی قەبارەوە بە درێژەپێدەری ئەو ئەزموونەی دابنێین.

وەکو ناوەڕۆکیش گۆڤارەکە توانیویەتی لەدەرگای گەلێ بابەتی هەمەجۆر و سەردەمانە بدات ، لەهەمان کاتیشدا لەسنووری ناوچەی گەرمیانیشەوە پەلی بۆ شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانیش بهاوێ و گەلێ قەڵەمی ئەو ناوچانەش لەخۆیدا کۆبکاتەوە ، لەگەڵ



ئەوەشدا دەکرێ زیاتر پەرە بەو لایەنە بدات.

ئەوەی دەکرێ وەکو داهێنانێك بۆ ئەم گۆڤارە دایبنێین لەسنووری گەرمیاندا ، بەتایبەتی شتێکی نوێیە لەرووی قەبارە و جۆربەجۆری ناوەڕۆکەکانی ، بەتایبەتی بابەتە زانستییەکانی بواری ( پزیشکی ، ئەندازیاری ، زمان ، ئەدەب ... هتد).

ئەوەی وەکو خاڵێکی پۆزەتیف لەم گۆڤارەدا سەرنجی راکێشاوم ، کەمی هەڵەی رێنووسی و زمانەوانییە ، لەهەمان کاتدا جۆر و قەبارەی فۆنتی بابەتەکان زۆر گونجاوە ، بەڵام دەکرێ تارادەیەك زۆر گۆڤارەکە خۆی لێ دووربخاتەوە ، دابەزاندنی وێنەی گەورەیە ، کە هەندێ جار نیوەی زیاتری لاپەڕەکە داگیردەکات ، لەهەمان کاتدا زۆرجار هەواڵی وا بلاودەکاتەوە کە بەسەرچووە ، دیارە گرنگی ئەو هەواڵە وایکردووە ستافی گۆڤارەکە بلاوی بکەنەوە ، کە ئەمە بەلای منەوە باشتروایە بۆ رۆژنامەکان جێی بهێڵین ، هەروەها پێویستە لەبوارەکانی تریشدا گرنگی بە بەهرەی خەڵکی ناوچەکە و کەلتوری دەڤەرەکە بدەن ، لەگەڵ دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان و ئومێدی بە مانگانەبوونی گۆڤارەکە.



## محمد خەلیفە

روناکبیر



گۆڤاری گیرفان گۆڤاری ڕەوتی گۆڕان و بواری رۆژنامەگەریی کوردی و هەنگاوێکی بوێرانە و نوێبوونەوەیەکی شکڵییە ، ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە ئەتوانم بڵێم نەوەی نوێ تاقەتی گۆڤاری قەبە و لاپەڕە زۆرە وەڕزکەرەکەکانی نەماوە ، بەهۆی زۆری ڕاگەیاندنەکانی سەردەم بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ و بەسەربردنی کاتێکی کەمیش لەگەڵیدا ، لەسەر ئەم بنەمایە ئومێدی گەشەکردن وپێشکەوتنی گۆڤاری گیرفان دەکرێت ، لە هەمانکاتدا گۆڕانی بەردەوام لەگۆڤارەکەدا پێویستە ، بە تایبەت لە ناوەڕۆکدا بۆنموونە گەشتی زانستیی کەسانی شارەزا کە ئەنجامی دەدەن یاخود سەردانی ناوچە ئاسەوارییەکان و گەشتوگوزارییەکان ، لەلایەکی ترەوە گۆشەیەکی تایبەت هەبێت بە خەمەکانی کێشە هەنوکەیەکانی ئەنفال ، وەکو یاساکانی دادگا یان کۆمەڵایەتی و ئابووری و هتد ، یاخود ئەو لێکۆڵینەوانەی رۆدەچنە نێو کۆمەڵگە و خەمە حەقیقییەکان بەیان دەکەن و دووبارە سارێژیان دەکەن ، واتا لەپاڵ وەرگێڕان و بابەتی بیانی ئاوڕێکی باشیش لەکۆمەڵگەی کوردی بداتەوە.

## ستافی (گۆڤاری گیرفان) ئەڵێین قسەمان هەیە :

### مەلا تەحسین گەرمیانی

سەرنوسەرو خاوەن ئیمتیاز



قوڕی دنیا بەسەرم لەگیرفانی خۆمەوە بۆ ( گۆڤاری گیرفان ).

### ئومێد بەرزان برزۆ

بەڕێوەبەری نوسین



کاکە گیان بەیانی لەخانەقینم، دوو بەیانی لەزانکۆی سلێمانیم، دواتر دەچم بۆ زانکۆی کۆیە، هەفتەی ئایندەش لەهەولێرم، مەحازەرەکانی پەیمانگای ماﻣۆستایانی کەلاریشم ماوە.



### سامان کەریم

ئەندامی ستاف



ئەگەر بمەوێ بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ مەلا تەحسینی سەرنووسەردا بکەم، ئەوا پێویستە بالانسی حسابەکەم تاقی بکەمەوە، چونکە بە ئاسانی لە دەستی دەرناچم !!

### ئیبراهیم صدیق

ئەندامی ستاف

کاک مەلا قەول بێ ئیتر بێ مەوعیدی ناکەم، ئەگەر کردم لە ( گۆڤاری گیرفان ) ئیعلانی بکە.



### کەریم تایشەیی

ئەندامی ستاف



بەخوا فریای خۆم بکەوم خاوخلیچکی دادم نادا ( گۆڤاری گیرفان ) یەخەی پێکردووم.

### سۆما زەنگەنە

هاوکار



مەلا دڵم تەقی کەی گۆڤارەکە دەردەچێت.



### ڕەحمان عەلی

هاوکارو وەرگێڕ



بەخوا وشەی قورسی وەرگێڕان سەرمان سپی دەکات.

### عومەر عەبدلکەریم

هاوکارو وەرگێڕ



وەرگێڕانی بابەتی گەنجانە هەقتان نەبێ داینەن بۆ براتان.

**رێباز کەلاری**

هاوکار



کێشەتان نەبێ ، بەکۆڵی خۆم ( گۆڤاری گیرفان ) دابەش دەکەم.



خۆرنەوەزان

گەرمیان ئەمڕۆ

شێخ لەنگەر

شیروانە

لەیادی ( گۆڤاری گیرفان )دا
گەشتێك بەنێو رۆژنامەو
گۆڤارەکانی گەرمیاندا

خەڵك

وریزا

کوردەمیر

زەنگ

خانەقی



زەنگ

**رۆژنامەی زەنگ لە چەند دێڕێکدا**

ژمارە ( سفر )ی لە ( ٢٥-٩-٢٠٠٥ ) لە شاری کفری بە هەشت لاپەڕەی قەبارە ( A3 ) دەرچووە بە ڕەش و سپی و لەسەری نووسراوە: دوو هەفتە جارێك دەردەچێت، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی مانگانەیە و تیراژی ( ١٠٠٠ ) دانەی لێراکێشراوە.

سەرنووسەرەکەی ( خالید عەبدولکەریم حەمەلاو ) بووە و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەکەی بریتی بوون لە: فاتیح سەلام، سامان کەریم، هیوا عەلی. هەروەها دەستەیەك راوێژکاری هەبووە، کە بریتی بوون لە: لەتیف هەڵمەت، عەلی حسێن ساڵح، شکور محەمەد حەیدەر، سالار ئیسماعیل سەمین و غازی محەمەد تالیب.

لە ژمارە یەکەوە دەبێتە نیومانگی و بە دوانزە لاپەڕەی رەش و سپی دەردەچێت.

لە ژمارە سێی رۆژنامەکەوە مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێم وەردەگرێت و سامان گەرمیانی دەبێتە خاوەن ئیمتیاز.

هەتا ژمارە ( ٢٧ ) بە تیراژی ١٥٠٠ دانە بە ٢٠ لاپەڕە و بە دوو رەنگ دوو هەفتە جارێك دەرچووە.



لە ٣٠-١١-٢٠٠٦ و دوای تێپەڕبوونی ٢٧ ژمارەیدا، زەنگ وەك یەکەمین هەفتەنامەی سەربەخۆ لە مێژووی رۆژنامەوانیی گەرمیاندا دەبێتە هەفتانە.

تائێستا زەنگ ( ٣٠ ) ژمارەی دەرکردووە و ئێستا بە هەفتانە بە ( ١٢ ) لاپەڕەی رەش و سپی دەردەچێت و ستافەکەی بەم شێوەیەیە: خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی، سەرنووسەر: سامان کەریم، جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام، بەڕێوەبەری نووسین: عەدنان سەید حسێن. ستافەکەیشی لەم رۆژنامەنووسانە پێکهاتووە: ( تابان شێخ عەبدوڵلا گەرمیانی، هیوا عەلی، یاسین ئاشوور، بێستون سەلام، مەریوان حەسەن، شەیما جەمال، نیشتمان جەمیل، هیوا نوری، رێناز نوری، شیرین شەوکەت، سازگار عەدنان، عەباس ئەنوەر، راز عەبدوڵلا پالانی )، هەروەها ستافی راوێژکارانی بەم شێوەیەیە: راوێژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵح، راوێژکاری کۆمەڵایەتی: شکور محەمەد حەیدەر، راوێژکاری یاسایی: چیمەن سەعید.

زەنگ وەك پرۆژەیەکی رۆژنامەوانی لەگەرمیاندا پاشکۆیەکی عەرەبیش دەردەکات بە ناوی ( الناقوس )، کە ژمارە ( سفر )ی لە ٢٠/١٢/٢٠٠٥ بە چوار لاپەڕەی رەش و سپی و بە دوو هەفتە جارێك دەرچووە، ستافەکەی بەم شێوەیە بووە: سەرپەرشتیاری گشتی: عەبدولموتەلیب رفعەت سەرحەت، ستافی نووسەران: قەیس قەرەداغی و نەجلا قادر هادی، الناقوس ئێستا بە هەفتانە و لەگەڵ زەنگدا بڵاودەبێتەوە و ٢٣ ژمارەی لێدەرچووە.

# خۆرنەوەزان

## چەند زانيارييەك دەربارەی رۆژنامەی خۆرنەوەزان

رۆژنامە لەوڵاتانی دنيادا لەو وڵاتانەی كە ديموكراسين و رێز لە بنەماكانی مافی مرۆڤ و كۆمەڵگای مەدەنی دەگرن ، خاوەن دەسەڵات و بۆچوون و ئەو دربينەيە ، كە دەستنيشانی كەموكوڕييەكانی كۆمەڵگا دەكات و رێگەچارەی گونجاو و پێشكەوتوو پێشكەش بە دەسەڵات و خەڵكی دەكات ، هەر ئەمەشە وای كردووە ، كە بە رۆژنامە بگوترێت دەسەڵاتی چوارەم ، ديارە كوردستان بەگشتی و گەرميان بەتايبەت لەناو دەريايەك كێشە و گرفت و موعانات ژيان دەگوزەرێنیٚ ، ئێمەی گەرميانی چۆن لە زۆربەی رووەكانی ديكەوە پەراوێز خرابووين ، ئاوهاش لە رووی رۆژنامە و رۆژنامەوانييەوە پەراوێز كەوتبووين و نووسەر و قەڵەم بەدەست و خاوەن توانا و رۆشنبيرييەكانی ئێمەی گەرميانی نەيادەتوانی بەرهەمی عەقڵ و پێنووسەكانيان بخەنە سەر رۆژنامەيەك و گرفت و موعاناتی ئەم گەرميانە بەيان بكات. . بۆيە بوونی رۆژنامەيەكی ئازاد و لۆكاڵی لەگەرمياندا پێويستييەكی زۆر گەورە بوو ، بۆيە كۆمەڵێك لە رۆژنامەنووس و خاوەن قەڵەمەكان و رۆشنبيركان بيريان لە دەركردنی رۆژنامەيەك كردەوە ، تا ببێتە سەكۆيەك كە خەڵكی گەرميان باس لە ئێش و ئازارەكانی خۆی بكات و ببێتە ئاوێنەيەك بۆ دەرخستنی راستييەكان و راماڵينی ئەو تەمومژەی كە دەوترێت ( گەرميان تەنها شەر و چەك دەزانیٚ ).

يەكەم ژمارەی خۆرنەوەزان لە ٢٣/٩/٢٠٠٣ لە شاری كفری دەرچووە



بە قەبارەی A ٤ و بە تيراژی ( ٣٠٠-٤٠٠ ) دانەی لیٚ چاپدەكرا و بريتی بوو لە هەشت لاپەڕە ، يەكەم ستاف كە كاريان تێدا كردووە بريتی بوون لە ( سەلاح گەرميانی ، سامان كەريم ، هيوا محەمەد ، ئاری عوسمان خەيات ، شنۆ ئيقبال ) ، چوار ژمارەی بەم قەبارە لێدەرچوو ، ئەم چوار ژمارەيە وەكو ستاف كاركراوە و خاوەن ئيمتياز و سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەری نەبووە ، تا مۆڵەتی ياسايی وەرنەگرت. . لە ژمارە ( ٥ )وە قەبارەكەی گەورە كراوە و كرا بە A ٣ و لە رێكەوتی ( ٢٩-١٢-٢٠٠٣ ) وەك يەكەم رۆژنامەی مۆڵەت پێدراوی گەرميان مۆڵەتی لە وەزارەتی رۆشنبيری حكومەتی هەرێمی كوردستان وەرگرت ، لەمە بەداوە كاروبارەكان دابەشكران بەم شێوەيە ( سەلاحەدين عەبدولحەميد : خاوەن ئيمتياز ، سەلاح گەرميانی : سەرنووسەر ، سامان كەريم و هيوا محەمەد : جێگرانی سەرنووسەر ، ئاری عوسمان خەيات : بەرێوەبەری نووسين ، گۆران گوماری ، حەسەن بارام ، شنۆ ئيقبال : ستافی نووسەران ).

خۆرنەوەزان يەكەم رۆژنامەيە لەگەرمياندا كە را پرسی لەسەر ئيش و كارەكانی قايمقام و شارەوانی لەناو خەڵكيدا ئەنجامداوە ، لە شارەكانی كفری و كەلار و ئەنجامەكەيشی بلاوبكاتەوە. . هەروەها چەندين را پرسی ديكەی ئەنجامداوە لەسەر مەسەلە هەنوكەييەكان و كێشە و گرفتەكانی خەڵك لەناوچەكانی گەرمياندا.

## پاشكۆ و ژمارە تايبەتەكانی خۆرنەوەزان

پاشكۆی خۆرنەوەزان بە عەرەبی كە مانگی جارێك بە دوو لاپەڕە دەردەچوو ، دواتر كرا بە چوار لاپەڕە ، ئەم پاشكۆيە بەسەرپەرشتی ( سوهێل خورشيد و ساهير عەلی جاسم عەبدولموتەليب رەفعەت ) بوو ، كە بيست ژمارەی لێدەرچوو ، دواتر لە ژمارە بيستەوە بوو بە هەشت



لاپەڕە و ناوی نرا ( صدی گەرميان ) ، كە ستافەكەی بريتی بوون لە ( رەحيم حەميد ، سوهێل خورشيد ، ساهير عەلی جاسم ، ئيسماعيل جاف ) ، كە بريتی بوو لە هەشت لاپەڕە و بەشێوەيەكی مانگانە دەردەچوو. . ئەم پاشكۆيە ( ٢٧ ) ژمارەی لێدەرچوو و دواتر لەبەر چەند هۆكارێك راوەستا.

تايبەت بەكارەستاتی ( ئەنفال ) خۆرنەوەزان وەكو ئەركێكی ويژدانی و مرۆيی ، هەموو ساڵێك لە يادی كارەساتی ئەنفالدا لە ( ١٤-٤ )دا ژمارەيەكی تايبەت بەبۆنەی ئەو كارەساتەوە دەردەكات.

پاشكۆی ( حەمە داماو ) ئەم پاشكۆيە لە يادی چلەی ( محەمەد داماو )دا دەرچوو بە ٤ لاپەڕە.

پاشكۆی مۆنديالی ئەڵمانيا : بەبۆنەی يارييەكانی جامی جيهانی ئەڵمانيەوە بۆ تۆپی پیٚ ، خۆرنەوەزان پاشكۆيەكی رۆژانەی تايبەتی ٨ لاپەڕەيی دەركرد بە قەبارەی A4 بەناوی ( مۆنديالی ئەڵمانيا ) ، كە بەدرێژايی رۆژانی ئەو مۆندياڵە دەرچوو و يەكەم پاشكۆی رۆژانەی وەرزشييە لە مێژووی گەرمياندا ، ستافی ئەم پاشكۆيە بريتی بوون لە ( دلاوەر نوری ، سەلاح هەولێری ، ريبەر عەباس ، قادر قەرەداغی ، سەركەوت پەرێشان ، سەرتيپ وەلی ، دانا رزگار ، دارا عاصی ).

هەروەها خۆرنەوەزان لە زۆر بۆنە و يادی ديكەدا ژمارەی تايبەتی دەركردوو ، بۆ نموونە ژمارەی تايبەت بە خۆپيشاندانەكانی كفری و گەرميانەوە ، كە لە مانگی ٨-٢٠٠٦ شار و شارۆچكەكانی گەرميانی گرتەوە.

پاشكۆی كاريكاتێر : سیٚ ژمارەی لێدەرچووە و ستافەكەيشی بريتی بوون لە ( رزگار عەزيز ، زانا كەمال ، دڵشاد ئيبراهيم ).



## شوێنی بڵاوبوونەوە

خۆرنەوەزان و پاشكۆكانی لە زۆربەی شار و شارۆچكەكانی كوردستاندا بڵاودەبێتەوە وەك ( سلێمانی ، كەركوك ، چەمچەماڵ ، كەلار ، خانەقی ، خورماتوو ، كفری ، دەربەنديخان ، كۆيە ، رزگاری ، قەرەتەپە ، سەرقەڵا ، جەبارە ، داقوق ، جەلەولا ) بەشێوەيەكی رێكوپێك بڵاودەكرێتەوە. . زۆر جاريش دەگاتە بەغدا و هەولێر و هەڵەبجە و رانيە و چەند شوێنێكی ديكە. .

## هاوكارانی خۆرنەوەزان

لە ژمارە يەكەوە تاكو ئێستا ( ژمارە ٧٠ ) زۆر كەس و لايەن و دەزگا و كەسايەتی هاوكاری مادی و مەعنەوی خۆرنەوەزانيان كردووە ، كە زەحمەتە بتوانين ناوی هەموويان بێنين ، هاوكارانی ئێمە ئەو كەسانە بوونە ، كە خۆرنەوەزانيان بە موڵكی خۆيان زانيوە و لەكاتی تەنگانەدا هاوكارييان كردووين و بۆيە بەهۆی زۆری ئەو هاوكارە بەرێزانەوە ناتوانين ئاماژە بەناوی كەسيان بدەين.

## خۆرنەوەزان يەكەم هەفتەنامەی ئازاد لەمێژووی گەرمياندا

وەكو هەنگاوێكی گەورە و بۆ يەكەم جار لەگەرمياندا ، خۆرنەوەزان بووە هەفتەنامە و يەكەمين ژمارەی هەفتەنامەبوونی لە ٣٠-١١-٢٠٠٦ دەركرد ، بەمەش بووە يەكەمين هەفتەنامەی ئازاد لەمێژووی رۆژنامەوانی گەرمياندا ، ئەم هەنگاوەش لەبەر هەڕەمەكی و خۆوە نەبووە ، بەڵكو دوای چەندين دانيشتن و سازدانی چەندين كۆبوونەوە بووە لە نێوان ستافی رۆژنامەكەدا ، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی زۆرتر فريای كێشە و گرفت و هەواڵەكانی گەرميان بكەویٚ و خزمەتی ناوچەكەش بكات.

**دوا ستاف**

ئەوە ستافەی کە ئێستا لە خۆرنەوەزان کاردەکەن ، بریتییە لە ( سەلاحەدین عەبدولحەمید : خاوەن ئیمتیاز ، سەلاح گەرمیانی : سەرنووسەر ، هیوا محەمەد و هاشم سالەح : جێگرانی سەرنووسەر ، ئاری عوسمان خەیات : بەڕێوەبەری نووسین ، هێمن بابان و پشتیوان حوسێن و قادر قەرەداغی : ستافی نووسەران، هەروەها بەهادین ئەحمەد : راوێژکاری یاسایی خۆرنەوەزانە ).

**چەند زانیارییەکی تر :**

خۆرنەوەزان ئێستا بە هەشت لاپەرەی ( ٣٣×٤٧ ) بە هەفتانە هەموو رۆژانی یەك شەممە دەردەچێت.

لە چاپخانەی رەنج چاپدەکرێت و نووسینگەی سەرەکی لە کفرییە تەنیشت بینای نوێی کتێبخانەی گشتی کفری.



# گەرمیانی ئەمڕۆ

**کورتەیەك سەبارەت بە رۆژنامەی ( گەرمیانی ئەمڕۆ )**

**سەرنووسەر/ لاوان ئەحمەد**

رۆژنامەکەمان گەرمیانی ئەمرۆ لەسەرەتادا ( ١٧ ) ژمارەی بەناوی ( بەرەو شار )ەوە دەرچووە . . . بەرەو شار لەلایەن کۆمەڵێك گەنجی کەلارەوە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ دەرکراوە و چەند جارێك سەرنووسەر و ستافەکەی گۆڕاوە ، دواتر سەرنووسەری بەرەوشار ( لاوان ئەحمەد ) بووە و بەڕێوەبەری نووسینەکەشی ( ساڵح میروەیس ) بووە ، بۆ بەرەو پێشبردنی رۆژنامەکە و گەڕانەوەی ئیعتبار بۆی ، کۆمەڵێك چاکسازی کراوە ، لە گرنگترینیان گۆڕینی ستافی رۆژنامەکە بوو ، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ناوی رۆژنامەکە بۆ ( گەرمیانی ئەمڕۆ ) گۆڕا لەگەڵ دانانی سیاسەت و هێڵی کارکردنی نوێ.

گۆڕینی ناوی ( بەرەو شار ) بۆ ( گەرمیانی ئەمڕۆ ) دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی نووسەر و رۆژنامەنووسانی گەرمیان و کوردستان بوو ، کە تێکڕای ئەو بۆچوونانە کۆك بوون لەسەر زەرورەتی گۆڕینی ناوی رۆژنامەکە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە نەدەهاتەوە ، کە لەلایەن ستافی نوێی رۆژنامەکەوە کرابوو , بۆیە دوای گفتوگۆی تێر و تەسەل لەگەڵ خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەمان بەڕێز ( شێخ سەعید شاکەلی ) ، دەرئەنجام ( گەرمیانی ئەمڕۆ ) وەك ناوێکی گشتگیر و



تایبەت بە دەڤەری گەرمیان پەسەندکرا ، ئەم هەنگاوەش پێشوازییەکی گەرمی لێکرا لە ناوەندی رۆشنبیری گەرمیاندا ، لەدوای ئەو گۆڕانە گەرمیانی ئەمڕۆ ( ٨ ) ژمارەی لێدەرچووە بەبێ وەستان و لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

هەروەها ( گەرمیانی ئەمڕۆ ) توانیویەتی دەیان قەڵەمی گەرمیانی لە خۆی کۆبکاتەوە ، بە تایبەت ئەو قەڵەمانەی کە بابەتیانە دەڕواننە رووداو و پرسە جیاجیاکان ، هەروەها ئەو قەڵەمانەی بوێرانە بەگژ کەنارکەوتوویی گەرمیاندا دەچنەوە.

گەرمیانی ئەمڕۆ لە فەلسەفەی خۆیدا بەدەر لەخەمی گەڕان بەدوای هەقیقەتەکاندا و لابردنی پەردە لەسەر شتە شاراوەکان ، هاوکات خەمی گەورەی پێگەیاندنی قەڵەمی لاوەکانە ، کەوا لەدەسپێکی کارەکانی وەك نووسین و کاری رۆژنامەگەریدان ، لەو مەیدانەشدا گەرمیانی ئەمڕۆ لە پێشی سەرجەمی رۆژنامەکانە , بەستنی کۆنفراسێکی رۆژنامەوانیش بۆ یەکەمجار لەکوردستاندا لەسەر دەستی ستافی گەرمیانی ئەمڕۆ بۆ رۆژنامەنووسانی دەڤەری گەرمیان بەڵگەی ئەو راستییەن ، بەکورتییەکەی ستراتیژی گەرمیانی ئەمڕۆ ( کارکردنە لەسەر گەرمیان و برەودان بە قەڵەمی گەرمیانییەکان ).

گەرمیانی ئەمڕۆ تیراژی( ٥٠٠ ) دانەیە و بە قەبارەی ( ١٢ ) لاپەڕەی (A3 )مانگانە وەك رۆژنامەیەکی ئەهلی ئازاد دەردەچێت و لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی گەرمیاندا بە پێی پێویست بڵاودەکرێتەوە ، هەموو جارێکیش ( ٢٠ ) ژمارەی دەگاتە پەرلەمانی کوردستان لەرێگای ئەندام پەرلەمانەکانی گەرمیان ، ئەمەش وەك



هەوڵێك بۆ گەیاندنی دەنگی گەرمیانییەکان ، ئەو بابەتانەش بڵاودەکرێنەوە لەگەرمیانی ئەمڕۆدا بابەتی سیاسی , فکری , کۆمەڵایەتی , را پۆرت و بابەتی پەیوەست بە رەوش و گوزەرانی گەرمیانییەکان و لاپەڕەی تایبەت بە ژنان و گەنجان و لاپەڕەی وەرزش بەشێکی تری گەرمیانی ئەمڕۆ پێکدێنن ، هەموو پەیامێکیش وەك خۆی بڵاودەکرێتەوە.

ئیلتزامی ( گەرمیانی ئەمڕۆ ) بە یاسا و ئەخلاقی رۆژنامەوانی یەکێك لەو خاڵە بەهێزانەیە ، کە وای کردووە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و مانگانە کۆمەکی دارایی بکات ، ستافی رۆژنامەکەمان پێهاتووە لە ( لاوان ئەحمەد : سەرنووسەر ، ساڵح میروەیس : بەڕێوەبەری نووسین، خاوەنی ئیمتیاز: شێخ سەعید شاکەلی ).

ماوەتەوە بڵێین هەوڵەکانمان بۆ باشتر و باشترکردنی گەرمیانی ئەمڕۆ وەك رۆژنامەیەکی مۆڵەتدراوی گەرمیان بەردەوام دەبێت ، ئەمەش لە پێناو خزمەتی گشتیدا .

## ڕۆژنامە و سایتی کەنار




کەنار ڕۆژنامەیەکی ئەهلییە ، گروپێك گەنجی گەرمیان خاوەنی پرۆژەکەن لە بیرۆکەکەیەوە تا ئەم ساتە وەختە ، کەنار ناوێکی جوانی ناسکە و گوزارشت لە کەنارکەوتنی دەرەوەی ناوەند و شاری سەنتەر ، کە لەم حاڵەدا لەکوردستاندا هەموو دەرەوەی هەولێر و سلێمانی کەنارن و گەرمیانیش لەتێگەیشتنی ئێمەدا چەقی کەنارە ، کەنار جیا لەوەی ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی گەرمیانییە ، سایتێکی پێشکەوتوو و مۆدێرنیشی هەیە ، کە بۆتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ هەواڵەکانی گەرمیان و دەڤەرە کەنارییەکان و لەژمارەیەکی زۆر لەسایتە موعتەبەرە کوردییەکاندا لینکی هەیە و خەڵکێکی زۆر لەکوردستان و ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا ڕۆژانە سەردانی دەکەن و سەرپەرشتیاری گشتی وێپ سایتەکەش ( فەریق حەمە صالح )ە.

* یەکەم ژمارەی لە ١٥-٧-٢٠٠٤ بە چوار لاپەڕەی قەبارەA4ی ڕەش و سپی دەرچووە.

* خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین لە ١٨ ژمارەی رابردوودا نەگۆڕاون.



* خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: بێستون ژاڵەیی ، بەڕێوەبەری نووسین: فەریق حەمە صالح ، بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی: والی محەمەد.

* ستافی نووسەران: دڵشاد ئەنوەر، عادل حوسێن ، سوعاد حاتەم ، دلێر عەبدولڕەحمان، پەیمان ئەمین، حەمید عەلی، هەردی مەهدی، هێمن بابان

*تایپیست: دڵشاد ئەنوەر.

### پاشکۆی ڕۆژنامەی کەنار

کەناری ژن بە چوار لاپەڕە قەبارە A3 یەکەم ژمارەی شوباتی ٢٠٠٦ دەرچووە.

*سەرپەرشتیار: سوعاد حاتەم.

*ستافی نووسەران: پەیمان ئەمین ، چنوور بەرزنجی.

هەروەها دەبێ بگوترێ تیراژی ڕۆژنامەی کەنار ( ١٠٠٠ ) دانەی لێدەردەچێ و دەگاتە شارەکانی گەرمیان وەك ( کەلار ـ کفری ـ خانەقین ـ ناحیەی رزگاری ـ دەربەندیخان ـ دووز ـ کەرکوك ) و ٥٠ دانە بۆ دامودەزگاکانی هەولێر دەگات ، هەروەها سلێمانی و شارەزووریش لێی دەفرۆشرێت ).

* پەیامنێرەکان: ( هێمن بابان - کفری )، ( ئاری سایەخان - خانەقی )، ( سالم حەمەخان -هەڵەبجەی شەهید )، ( سەرحەد یوسف - دەربەندیخان )، ( عەلی نورەدینی - رانیە )، ( هەردی مەهدی -سلێمانی ) ( عیماد نازم - دووز)، ( فاطمە حاتەم- بەغدا ) ( جوتیار کەریم - باوەنوور)، ( هۆگر غەریب - هەولێر )، ( ئازاد حەسەن - رزگاری ).



## خانەقی

رۆژنامەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشاری خانەقی دەردەچێت ، یەکەم ژمارەی لە ( ١١-١٢-٢٠٠٣ ) بە هەشت لاپەڕە دەرچووە ، کە دوو لاپەڕەیان بە زمانی کوردی و شەش لاپەڕەیان بە زمانی عەرەبی بووە ، لە ژمارە ( ٤ ) بەدواوە بەچاپی ڕەنگاورەنگ دەرچووە ، خاوەنی ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە مەڵبەندی ڕێکخستنی ( ١٢ )ی خانەقییە ، لە ژمارە ( ١ ـ ١٣ ) سەرنووسەرەکەی ( پشتیوان ئەحمەد ) و جێگری سەرنووسەر ( ئیبراهیم باجەلان ) و بەڕێوبەری نووسین ( عەزیز یاوەر ) بووە ، بەڵام لە ژمارە ( ١٤ ) بەدواوە سەرنووسەر ( ئیبراهیم باجەلان ) و جێگری سەرنووسەر ( جەمال ئەکبەر ) و دەستەی نووسەران ( جەبار عەلی و حەسەن هەیاس و عەباس مەحمود و حەبیب فەرەج ) بوون.

ئەم ڕۆژنامەیە تائێستا ( ٢٧ ) ژمارەی بە تیراژی ( ١٠٠٠ ) دانە لێدەرچووە و بە هەشت لاپەڕەی ڕەنگاورەنگ بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و خواروو بڵاودەکرێتەوە ، کە شەش لاپەڕەیان بە زمانی کوردی و شەش لاپەڕەی تریشیان بە زمانی عەرەبییە.



## خەڵك

### کورتەیەك لەسەر ڕۆژنامەی خەڵك

سەرنووسەر: هۆشیاری عبدولعەزیز

دەمێك بوو بە نیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی گشتیی ئازاد بووین، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێك گفتوگۆ و راوێژمان ئەنجامدا، چونکە هەستمان دەکرد ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی پەراوێز خراوە و لە ڕووی بزاوتی ڕۆژنامەوانییەوە گرنگی و جێی بایەخ نییە و ڕۆشنبیرانیشمان لە پەرتەوازەی و نەبوونی هاوکاری و دەست گیرۆییەوە هەریەکەو بەلایەکدا چونە و هەریەکەو لە ڕۆژنامەیەکدا دەنووسن و ڕۆژنامەکانی سەنتەریش بە بایەخەوە لە نووسینەکانیان ناڕوانن، ئەمە بۆ ئێمە بووە هاندەری ریشەی و سەرەتای مانگی نیسانی ( ٢٠٠٤ ) هەریەکە لە تەها سلێمان و هۆشیاری عەبدولعەزیز و عەلی ئەحمەد کەریم لەدانیشتنێکدا و لەسەر ئەرکی خۆیان بڕیاریان دا، کە ڕۆژنامەیەك لەسەر ئەو ڕێچکە گشتییە ئازادە دەربکەن، کە خۆیان وەك تاك بڕوایان پێیەتی و دەیانەوێ ببێتە بنەمایەك بۆ بەهێزکردنی پایە گشتییەکانی کۆمەڵگایی مەدەنی و ئەو چەمکە فیکریانەی کە پەیوەستن بە ئازادی تاك و دیموکراسییەوە. ئەمە وەك هەنگاوی یەکەم و ناونانیشی بە ( خەڵك ) لەو ڕوانگەیەوە هات، کە خەڵك سەرچاوەی بزاوتی ژیانە و بەبێ بوونی خەڵك ژیان بۆ خۆی جگەلە مەسەلەیەکی هیچ شتێکی تر نییە.

لەکۆتایی نیسانی ئەو ساڵەدا یەکەمین ژمارەی کە ژمارە ( یەك ) بوو بە هەشت لاپەڕە کەوتە بەر دیدەی خوێنەران، دوای دەرکردنی ئەو

ژمارەیە دەستەیەکی نووسەرانمان پێکهێنا لە هەریەك ( عەلی ئەحمەد کەریم خاوەن ئیمتیاز، تەها سلێمان سەرنووسەر، هۆشیاری عبدولعەزیز سکرتێری نووسین، سەردار رەحیم، کامەران تەیب، کامەران یارەویس، سەهەند عەبدولا، سالح عەلی، هیوا محەمەد دەستەی نوسەران ) ئەمە و رۆژنامەکە لە چەند ژمارەکەدا مانگانە بوو تێپەڕی و دوای لاپەڕەیەکی عەرەبی بۆ زیادکرا و نەجم رەحمان وارانی بووە بەرپرسی ئەو لاپەڕەیە و بەگشتی رۆژنامەکە بوە ( ده ) لاپەڕە، بۆ دابینکردنی خەرجی رۆژنامەکە کەوتینە کۆمەك کۆکردنەوە و لە حیزبەکان و نووسەرانی دوورە ولات و دۆستانمان توانیمان رێژەیەك پارە پەیدابکەین.

( خەڵك ) لەماوەی ساڵێك کەمتر توانی ببێتە رۆژنامەیەك کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا خوێنەر بۆ خۆی پەیدابکات و ببێتە جێی متمانەی خوێنەران و رۆشنبیران و تا ژمارە ( ده ) بەباشی هەنگاوی خۆی نا و لە ژمارە ( ١١ و ١٢ ) بۆ سەرەوە رۆژنامەکە چووە ئاستێکی تر و لە ( ١٢ ) لاپەڕەوە بووە ( ١٦ ) لاپەڕە، لەساڵی دووەمەوە وەك هەنگاوی یەکەم لەگەرمیاندا بووە یەکەمین رۆژنامە کە بە بیست لاپەڕە دەربچێت، ( خەڵك ) لەساڵی سێیەمدا وەك هەنگاوێکی تازە بووە نیومانگی و بە ( ١٢ ) لاپەڕە دەردەچێت . خەڵك لەسەر بودجەی خۆی دوو کتێبی خستۆتە بەر دیدەی خوێنەران و بووتە سەرچاوەیەکی رۆشنبیری گرنگ لەناوچەکەدا، دەکرێ لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین، کە لەساڵی دووەمدا هەریەك لە ( عەلی نارێنی، مۆژدە مەحمود جاف، سەلام عەبدولا، دلێر کەریم ) هاتنە ناو ستافی دەستەی نووسەرانەوە و ( حەسەن عەبدولخالق )یش کرایە بەرپرسی هونەری رۆژنامەکە، دواتریش ( بەهادین کەمال ) بووە بەرپرسی لاپەڕەی وەرزشی و



ئەندامی دەستەی نووسەران، لەساڵی سێیەمدا و لەگۆڕانکارییەکدا سەرنووسەر دەستی لەکارکێشایەوە و هۆشیاری عەبدولعەزیز بووە سەرنووسەر و ( عەلی نارێنی و سەلام عەبدولا ) بوونە جێگری سەرنووسەر و ( هیوا محەمەد و مۆژدە مەحمود جاف ) بوونە سکرتێری نووسین.

خەڵك وەك رۆژنامەیەکی گشتیی ئازاد چووە ئەنتەرنێت و لە سایتی دەربەندیخان چەند ژمارەیەکی لێ بلاوکرایەوە و هێندەی تر خۆی بە خوێنەرانی کوردستان و ناوچەکە ناساند، خەڵك جگە لە ناوچەی گەرمیان دەگاتە سلێمانی و دەربەندیخان و هەڵەبجە و چەمچەماڵ و کەرکوك و رانیە و قەلادزێ و کۆیە و هەولێر، تائێستاش ( ٣١ ) ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە و بەباشی دەردەچێت، لە پرۆژەیدایە چەند کتێبێکی تر دەخاتە بەردیدەی خوێنەران و هەنگاوێکی تر بهاوێ بۆ بەهێزکردنی لایەنی رۆشنبیری و هۆشیاری ناوچەکە.



## شێخ لەنگەر
ŞEX LENGER

سەرنووسەر/ ئومێد شێخ لەنگەری

مانگنامەی شێخ لەنگەر یەکێکە لەو رۆژنامانەی کە لە یەکێك لە لادێکانی گەرمیاندا کۆمەڵێك خەڵك دەریدەکەن، کە رۆژنامەیەکی مانگانەیە و بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانەی لێدەردەچێت و دەگاتە شارەکانی ( کەلار، کفری، خانەقین، دووز خورماتوو، داقوق، کەرکوك، سلێمانی )، هەروەها ئەم رۆژنامەیە لە ناوەرۆکی خۆیدا گرنگی بەزۆری ژیانی ئەدەبیات و کۆمەلایەتی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەدات، کە هەموو لاپەڕەکانی بە زمانی کوردییە، شایانی باسە دەتوانین بڵێین یەکەمین رۆژنامەیە کە لەم سەردەمەدا لە لادێ دەردەچێت و لەگەڵ ئەوەشدا دابڕاو نییە لە رەوتی هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی نێو شار و دەوروبەردا، ئەم رۆژنامەیە خاوەن ئیمتیازی ( صلاح خورشید )ە و لە ژمارەکانی ( ١، ٢، ٣ )دا ( محەمەد صابر ) سەرنووسەری بووە و جێگری سەرنووسەر ( ئومێد شێخ لەنگەری ) بووە و بەڕێوەبەری نووسینیش ( مامۆستا ئومێد بەرزان ) بووە . دواتر گۆڕانکاری بەسەر ئەم ستافەدا کراوە و بە هەمان خاوەن ئیمتیاز، بەلام سەرنووسەرەکەی ئێستای ( ئومێد شێخ لەنگەری )یە و ستافەکەشی پێکهاتووە لە ( سیروان ئامیق و سەیوان زەماوەندیی )، هەروەها راوێژکاری یاسایی ( خەبات رەشید و ئاریان صالح )ە، سەبارەت بەم مانگنامەیەش نابێت هەوڵ و ماندووبوون و پشتگیری نووسەر و رۆژنامەنووسانی گەرمیان لەیاد بکەین، چونکە هەمیشە پشت و پەنامان بوونە بۆ دەرچوواندنی ژمارەکانی مانگنامەی شێخ لەنگەر وە هەروەها ئەم رۆژنامەیە ( ٦ ) ژمارەی لێ چاپکراوە و بلاوکراوەتەوە و ژمارە ( ٧ ) ئایندەی لەژێر چاپدایە.



## وریزا

پوختەیەك لەسەر گۆڤاری وریزا

لە دوای ئەوەی چەند جارێك لەگەڵ کۆمەڵێك رۆشنبیر و رۆژنامەنووس لە دەڤەری خانەقی لەسەر دەرچوواندنی گۆڤارێك بیروڕامان ئالوگۆڕکرد ، لە ئەنجامدا گەیشتینە چوارچێوەیەك ، کە ئەو گۆڤارە تایبەت بێت بە هەموو بوارەکانی ژیانی دەڤەرەکە لە کۆن و نوێدا ، لەدوای مشتومڕێکی زۆر توانرا ناوی ( وریزا ) بۆ گۆڤارەکە دەستنیشان بکرێت ، کە واتای وشەیەش ( هەستانەوە ـ راپەرین ـ ژیاندنەوە ) بە عەرەبی ( النهضة ـ شعاع ـ قیام ) دەگەیەنێت ، مەبەست لەم ناوەش بۆ هەستانەوەی ئەتەوەیی لە دەڤەرەکەدا.

دەستەی سەرپەرشتیکردنی گۆڤارەکەش بەمشێوەیەیە :

خاوەنی ئیمتیاز: مامۆستا جەعفەر ( فازڵ کەریم ئەحمەد ).

سەرنووسەر: جەمال ئەکبەر.

دەستەی نووسەران: شەماڵ ئەحمەد ، ئەمین صالح ، سەرحەد حسێن ، جەلال ئەلیاسی ، زانیار جەمال.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی راوێژکاران و دەستەی هاوکارانیش وەکو دەستەیەکی کارا رۆڵی بەرچاویان لە دەرچوواندنی گۆڤارەکەدا هەیە.

تائێستا سێ ژمارە لە گۆڤارەکە دەرچووە و لەلایەن ( عەباس محمود و لەیلا محەمەد ) دیزاینی ناوەوەی کراوە و لەلایەن هونەرمەند ( ئەحمەد خۆشنووس ) دیزاینەری بەرگەکانی کراوە و لە سەنتەری هیوا تایپکراوە و بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە لە چاپخانەی ( حەمدی ) لە شاری سلێمانی چاپدەکرێت.




## گۆڤاری شێروانه

دوای ئەوەی سەرۆکی شارەوانی کەلار گۆڕدرا , بەهەمان شێوە ستاف و ناوی گۆڤارەکە گۆڕدرا و لە کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکی شارەوانی و دەستەی نووسەران و چەند رووناکبیرێك لە ماڵی سەرۆکی شارەوانی , گۆڕانکارییەکان پەسەندکرا.

ژمارە ( ٤ )ی شێروانە لە شوباتی ٢٠٠٥ دەرچوو وەك درێژە پێدەری گۆڤاری ( کەلار ) ، کە پێشتر شارەوانی دەری ئەکرد , بەلاّم دواتر بڕیاردرا ، کە شێروانە درێژە پێدەری هیچ گۆڤارێك نەبێت و سەربەخۆ بێت ، کەواتە ئەم ژمارەیە ژمارە یەکە و خاوەنی ئیمتیاز و بەرێوەبەری دەستەی بەرێوەبردن سەرۆکی شارەوانی کەلار و دەستەی بەرێوەبردن ( سالار مەحمود ، مەجید صالح ، کاروان یاروەیس ، عبداللە حەسەن ، جەمال ئەکبەر ، گولاڵەی گەرمیان ، ئەرکان محەمەد رەشید ) بوو.

* ژمارە ( ٢ ) لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ دەرچوو ، ستافی شێروانە گۆڕانکاری بەسەردا هات ، ( سەلام عەلی ) خاوەنی ئیمتیاز ، ( کاروان یاروەیس ) سەرنووسەر ، ( سالار مەحمود ، مەجید صالح ، عبداللە حەسەن ، جەمال ئەکبەر ، گولاڵەی گەرمیان ، ئەرکان محەمەد رەشید ) دەستەی نووسەران بوون.

* ژمارە ( ٣ ) لە پاییزی ٢٠٠٥ دەرچووە.



*لەساڵی دووەمیدا دوو ژمارەی لێدەرچووە ،ژمارە ( ٤ ) لە بەهاری ٢٠٠٦ دەرچووە و ژمارە ( ٥ ) لە هاوینی ٢٠٠٦ دەرچووە.

* شێوەی گشتیی گۆڤارەکە بایەخ بە بابەتەکانی پەیوەندار بە کەلار و گەرمیان دەدات و گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە و وەرزانەیە و سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار دەری ئەکات و لە سەرانسەری کوردستاندا بلاّودەکرێتەوە و تیراژەکەشی ( ٦٠٠ ) دانەیە و بەرگی رەنگاورەنگ و لە دوو تویّی ٦٠ بۆ ٦٥ لاپەڕەیە و ئێستاش بەردەوامە.



**کوردەمیر**

## گۆڤاری کوردەمیر

گۆڤاری کوردەمیر گۆڤارێکی زانستیی ساڵانەیە ، لە مێژووی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان دەدوێت ، کە بەرێوەبەرێتی شوێنەواری گەرمیان دەری دەکەن و ژمارە یەکی گۆڤاری کوردەمیر لە تشرینی ٢٠٠٦ دەرچووە بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە و لە چاپخانەی ڕاز بە چاپیان گەیاندووە ، ئەم گۆڤارە لە دوو تویّی بەرگێکی جوان و رەنگاورەنگ و بە کۆمەڵێ بابەتی مێژوویی و شوێنەوارناسییەوە پێکدێت ، ئەوەی جێی ئاماژەیە خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە شێخ محەمەد شاکەلییە و سەرنووسەرەکەی کەمال نوری مەعروفە و بەرێوەبەری نوسینیشی حەسەن عەلی سەلیمە و دەستەی نووسەرانیش پێکهاتوون لە ( محەمەد مەردان و شوکر محەمەد حەیدر ) ، هەروەها سێ راوێژکاریان هەیە ، ئەوانەش بریتین لە ( جەمال عەبدول و عەبدولاّ قەرەداغی و سەعید شاکەلی ) ، شەهلا نامق هەستاوە بە نەخشەسازی بەرگ و تاهیر زاهیدیش نەخشەسازی بابەتەکانی ناوەوەی بۆ کردووە و هەڵەبریش حەسەن عەبدولکەریم پێی هەستاوە و ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە پێکهاتووە لە ( ١٦٦ ) لاپەڕە ، بەگشتی ئەم گۆڤارە تایبە تمەندی خۆی هەیە ، کە ئەیەوێ کاری لەسەر بکات ، کە لایەنێکی گرنگی هەرنەتەوەیەکە.



# جیهانی کاریکاتیر


xoshnws@yahoo.com
ئەحمەدی خۆشنوس


حکومەت
گەندەڵی
xoshnws@yahoo.com
ئەحمەدی خۆشنوس




بڕوخێ گەندەڵی
بەرەوچاکسازی
ئەحمەدی خۆشنوس


xoshnws@yahoo.com
ئەحمەدی خۆشنوس




نا ... بۆ
تیرۆر
ئەحمەدی خۆشنوس


ئەحمەدی خۆشنوس




مۆندیالی گەندەڵی
ئەحمەدی خۆشنوس


ئەحمەدی خۆشنوس



نەجوڵێییتەوە زەلام
ئەنفلەوەنزایەکت
پێوە ئەنێم
ئەحمەدی خۆشنوس




بەڕاستی لەش و لارت زۆر جوانە پێم بڵێ بەچی بەرنامەیەک ریجیم ئەکەیت
جا بۆمن نانم دەست دەکەوێت بیخۆم تا ڕیجیم بکەم
ئەحمەدی خۆشنوس






پێش ڕاپەڕین
دواى ڕاپەڕین
xoshnws@yahoo.com
ئەحمەدی خۆشنوس




واسيتة
ئەحمەدی خۆشنوس






حزبی مریشکانی کوردستان
لە دەروازەی ڕاپەڕین و دەروازەی
ئـەنفلـەوەنـزا شـاری ڕانیـە
سوتێنرا
ئەحمەدی خۆشنوس




ئەحمەدی خۆشنوس